**پەڕاو (ن)**: ناوی شاخێکە، کە کەوتووەتە پەڕی کرماشان –ەوە و بەشی لای ژوورییەوە.

هەروەک (مەحرووم) دەڵێ:

مـــەخـــمـــووریی دیدەی قـــەترانی خـــاڵان
نیـم نیـگای مـــوژەی گـــەردەن غـــەزاڵان
ئەر بـگنۆ وەهەرد قـــولـەی کـــۆی پەڕاو
وەزاتـی مـــوتڵـــەق، مـــەکـــەرۆش وەئاو!

**پەرداخ (ئن)**: بەواتای، ڕێکوپێک و جوان و ڕازاوە، هاتووە، هەروەها، بەواتای (لێـوان)، یان گڵاسی ئاو خواردنەوە، هاتووە. لە لایەکی دیکەشەوە، ئەگەر بێتو (ڕ)یەکە، قەڵەو ببێ واتای، (پڕ لە داخ) ئەدات!

بەم جۆرە، دەخرێتە ناو ڕستەوە:

– ئەو خۆی، پۆشتە و پەرداخ، کردووە!
– بەسەر، هەریەکێ لەوانەدا، پەرداخێ شەربەتی دابەش کرد.
– ئەو ئەوەندە نارەحەتە، هەمیشە هەناسەی پەڕ لە داخ، هەڵدەکێشێ!

**پەرسام (ف . ر)**: پەرسـام، ڕسـتـەیەکی تەواوە و بەواتای (پرسـیم) هاتووە. بەم جـۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– پەرسام، جە حاڵ و ئەحواڵیشا!

واتە: پرسیم، لە حاڵ و ئەحواڵیان.

**پەرسە (ن . ف)**: پەرسە، بەواتای (بپرسە) هاتووە، هەروەها بەواتای (پرسە) هاتووە و بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– دوێنێ، چوومە (پەرسە = پرسە)ی، خزمەکەی، کامەران.
– پەرسە، بزانە، دەرچووە! پەرسە، بزانە، بەرشییەن!

واتە: بپرسە، بزانە، دەرچووە!

**پەڕ فەند (ئن)**: (پەڕ فەند)، هەر بەواتای (پەڕ فەن) و (پڕ فەن) و (پڕ هونەر) هاتووە و بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە:

– ئەو خانوویەکەی، بەشێوەیەکی پەڕ (پڕ) فەننانانە کردووەتەوە!

**پەرگەندە (ئن)**: ئەمە بەواتای (پەراگەندە) هاتووە، کە لە شێوەی کوردییدا، بووە بە(پرژ و



بەڵاو)، (پەخش بوو)، (پرژۆ بوو)، (بەڵاوۆ بوو)، بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە:

– جووجەڵەی مریشکەکە، بەهۆی داڵەوە، پەرگەندە بوون!

**پەز (ن)**: پەز، بەواتای (مەڕ) هاتووە و (پەز)، وشەیەکی ئاوێستایی کۆنە و بەڕووالەت و ئاوازی (مێ)ش، یاخود (مێشن) بەکار دێ و لە کۆنیشەوە بەکارهێنراوە.

بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەو، خاوەنی، ڕانە پەزێکی گەورەیە.

**پەس (ئن)**: پەس و پەست، بەواتای (عـادز) و (خراپ و نالەبار) و (خەمـاویی) و (بێ هەوەس) دێ و بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەو، نزیکەی دوو ڕۆژێکە پەسە و قسەی نایێ!
– فلانە کەس ئینسانێکی پەسە.

**پەشێو (ئن)**: (پەشـێـواو)یش، لە (پەشـێـو)ەوە، وەرگـیـراوە و (پەشـێـو)یش بەواتای (تێکچوو)، (پەس)، (خەماویی) و (عادز) هاتووە و بەڵام عادزی و تێکچوویی پەشێو، لە هی (پەس) پترە.

بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەو چەند ڕۆژێکە پەسە و پەشێوە، داخوم، هۆی چی بێ!
– پەشێواوییەکەی، درێژەی کێشا و هۆیشی نازانرێ!

بەم بۆنەیەوە، کۆماسی یەژێ:

(بەو چنگی چل چنگ، تۆ تاتات، مـەکـەرد
ئیـــســـە، پەشـێـویان، چون ڕێحـانـی هەرد)

**پەکەر (ئن)**: ئەمیش، بەواتای (پەشێو) و (پەس) و (عادز) هاتووە.

بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە:

– ئەمڕۆ فلانە کەس لەوەی دەکرد، کە زۆر پەکەرە!

**پەل (ن)**: ئەم وشەیە، بەواتای (نارەحەت) و (خەفەتبار) و (پەشێو) هاتووە و هەروەها، بەواتای (پەڕ)یش بەکـار دێ و پـتـر، لەوەش، بەواتای (گـەڵا)، یاخـود (پارە = پـارچە) بەکار دەهێنرێت و دەوترێ:

– ئەو بۆ دووریی کوڕەکەی پەلە.
– ئەوان سەرینی پەلاوییان هەس.
– دوو پەلێ نانی بۆ چەند کەسێ دانا بوو!
– درەختەکە پەلەکانی دەوەرێن!

**پەلامار (ن)**: پەلامار، بەواتای (هێرش بردن) هاتووە و بەم جۆرە دەخرێتە ناو ڕستەوە و دەوترێ:
– وەک گورک، پەلاماری منداڵە بەسەزمانەکەی دا!

**پەلە (ئن)**: پەلە، بەواتای (زووخێزیی) و (عەجەلە)ی عارەبی هاتووە و هەر لەم وشەیە، وشەی (پەلەپەل) دروست کراوە و بەڵام هەر بەهەمان واتاوە، بەڵام بەشێوەیەکی زۆرتر، هاتووە:
بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:
– مامەڵە کردن، یاخود کڕین و فرۆشتن پەلەپەلی پێ ناوێ!

**پەن (ن)**: (پەن) بەواتای، (ریسوا) کردن و گاڵتە پێ کردن و خەڵەتاندن دێ و لە لایەکی دیکەشەوە، بەواتای (شت لێوە فێربوون)، (دەرس لێوە وەرگرتن) دێ و لە هەندێ جاریش، لەبریی، (پەند) بەکار دەهێنن.
بەم جۆرە، بەکار دێ و دەوترێ:
– لە وتە دێرینەکانمان، پەند (پەن) وەردەگرین.
– پەندەکانی پیرەمێردی شاعر، زوربەیان، چاپ کراون.
– ئەو پەنی، بەبراکەی دا و بەشەکەی بەهەرزان، لێ کڕیی!
بەم بۆنەیەوە، جیهانئارا خانم یەژێ:
(پەی تۆ وێم کەردەن وە پەنی شاران
مەحرووم، جە دیدار، بەرزی کۆساران)

**پەنا (ن. ئاوەڵکردار)**: پەنا، بەواتای (پاڵ)، (سێبەر)، (ژێر) هاتووە و بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە:
– لێقەوماوەکان، چوونە پەنای برا کوردەکانی ئێرانیانەوە!
– باران دایکرد و چووە، پەنای بن بەردێکەوە.



**پەننام (ن. ئن)**: پەنام، بەواتای (ئاوسیا) و (پەنەمیا) و (هۆرئاما) و (ماسا) و (کیز) کردن هاتووە و بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:
– پای پەنەمیاگە، یا، پای، پەننامی هاوردگە!
واتە: پای ئاوساوە، یاخود، پاش، ماسان!

**پەنج تیر (پەنجتیر) (ن)**: جۆرە تفەنگێک بووە، کە (٥) پێنج دانە فیشەک، خواردووە. بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:
– بەفیشەک لۆخەوە و بەتفەنگێکی پەنج تیرەوە، عەکسی گرتووە!

**پەنجە (ن)**: پەنجە، بەواتای (پەیجە) و (پەیژە) هاتووە و وشەکەشی کوردییەکی پەتی کۆنە و بەواتای (دەست = هەر پێنج پەنجەکەی دەست)یش دێ و بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:
– ئەو پەنجەکانی، هی کرێکار، نین و خوا هەر بۆ قەڵەم دروستی کردوون!
– ئەو بەپەیجە (پەنجە)دا، بۆ ژوورەکەی سەردەکەوێ!

**پەوسە (پەوکە)**: پەوسە و پەوکە، بەواتای (چونکە) و (لەبەر ئەوە) (وەها) هاتوون و لە لایەکی دیکەشەوە، بەواتای (وەکی دیکە) هاتووە.
بەم جۆرە، دەخرێتە ناو ڕستەوە:
– پەوکەی خەبەرم پەی کیاستی، کە زوو بەی!
واتە: بۆیە، خەبەرم بۆ ناردیی، کە زوو بێی!
یاخود دەوترێ:
– پێسە کار مەکەرە، پەوسە، خاسا!
واتە: وەها، کار مەکە، وەکی دیکە خاسە!

**پەهلەویی (ن)**: ساڵی (١٣٠٤) ڕۆژی، ڕەزاخان، دەوڵەتی قاجاری لەناوبرد و خۆی بەناوی (ڕەزا شاه)ە و چووە سەر کورسیی حوکم، دەوڵەتی پالەوی سازدا.

**پەنهان (ئن)**: پەنهان، بەواتای، (نهێنی، شارراوە) هاتووە و لە بنەڕەتدا، وشەیەکی کوردیی ڕەسەنی کۆنە.
بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەو هەموو شتێکی پەنهانی و شارراوەیە!

**پەی پەی (ئن)**: (پەی پەی) و (پەیاپەی) و (پەیدەرپەی)، هەر بەیەک واتا هاتوون و بەواتای (گورج و گورج) و (زوو زوو) و (خێرا خێرا) و (یەک لە دوای یەک) و بە(دوای یەک)دا هاتووە.

بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەو پەیدەرپەی، ئامۆشۆی، دراوسێیەکەیان، دەکات و پەیاپەی کەلوپەلیان، بۆ دەکڕێ و پەی پەی، خزمەتیان، دەکات!

**پووچ (ئن)**: بەواتا، خاڵی، بێ مێشک، نەزان، هیچ، بێ عەقڵ، بێ ئەرزش هاتووە و بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەو کابرایەکی هیچ و پووچە و بۆ ئەوە ناشێ، کە ئامۆشۆی بکرێ!

هەروەها، بەواتای (پووت) هاتووە، ئەگەرچی (پووت)، لە کوردیی کوردەکانی ئێراندا، بەواتای (تەنەکە)ی نەوت، هاتووە.

**پوخت و پەز (ئن)**: بەواتای (برژاندن و سوورکردنەوە) هاتووە. بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە:

– بێشتر، خانمەکان، کاریان لە ماڵەوە پوخت و پەزە.

واتە: زۆرتر، خانمەکان، لە ماڵەوە، کاریان، پوخت و پەزە (خواردن دروستکردنە).

**پوور (ن)**: کوردییەکی کۆنە و بەواتای (کوڕ) هاتووە، بەم جۆرە دەخرێتە ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– حوسەین پووری عەلییە!

**پۆس (ن)**: بەواتای پێست هاتووە و کوردییەکی پەتی کۆنە و بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە:

– پێڵاو، لە پۆسی گا، دروست دەکرێ!

**پۆش، پووش، پۆشان (ن)**: پۆش، بەواتای (پۆشاک، جلوبەرگ) هاتووە و هەروەها بەواتای چار، یان ئەو کەسەی کە خەریکە چارەی سەری بەرەو سپییەتی دەڕوا.

(پووش)یش، بەواتای (گیای وشک بوو پەڕیو) دێ. یاخود بەواتای سووک و بێ



بایەخ و بێ قەدر، دێ.

(پۆشان)یش، بەواتای (لەبەری کردووە)، (پۆشیویەتی) هاتووە. بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئافرەتی تۆبەکار سەرپۆشی سپی بەسەریدا، دەدا.

– ئەو هەمیشە ئاڵووالا دەپۆشێ!

– ئەو کابرایە، لەبەر درۆی زۆر، خۆی کردووە، بەپووش.

– ئەو پۆشان –ەی ئەو، بۆ مناڵ ئەوجا، دەشێ!

**پووڵ (ن)**: پووڵ، بەواتای (پارە)، (زەڕ) لە لایەن کوردەکانی ئێرانەوە، بەکار دێ، بەڵام، لە لایەن کوردی عێراقەوە، بەشێوەی (پوول) وەک (طابع)ی عارەبی بەکار دەهێنرێ و بەم جۆرە، دەخرێتە ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەو پووڵی زۆرە، بۆیە، ژنان شووی، پێ دەکەن.

– پوول، دەخەیتە سەر نامە و ئەوجا، دەینێری بۆ شارێکی دیکە!

**پردی کناچان (ن)**: پردێک بووە، لە حەسنەوەیەکان، لە شارەزووردا، بەسەر سیروانەوە بەستوویانە و پێش گرتنەوەی حەوزی دەربەندیخان، پایەکانی هەر مابوون، بەڵام حاڵی حازر، بوون بەژێر ئاوەوە.

**پسەر (ن)**: (پسەر)، وشەیەکی فارسییە و بەواتای (پوور) و (کوڕ) هاتووە.

**پشتەو دەرەویان (ن)**: ناوی دوو (دێ)ن، لە دێیەکانی ناوچەی ڕوانسەر بەرەو کامیاران.

**پشوو (ن)**: پشوو، بەواتای، (ئیسراحەت)، (ماوەی حەسانەوە) هاتووە بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– لە هەر هەفتەیەکدا، ڕۆژی هەینی و شەممە، پشوو وەردەگرم!

– یاخود، بابڕۆین و پشوویێ، بدەین.

**پێچیا (ن. چە)**: پێچیا، یان (پێچیای) چاوگە و بەواتای (پێچراوە) هاتووە، یاخود بەواتای پێچانەوە، هاتووە. بەم جۆرە دەخرێتە ناو ڕستەوە:

– ئا گیواوە، پێچیا، پامەرە!

واتە: ئەو گیایە، پێچرا، بەپێما!

**پیرخدری شاوە (ن)**: ناوی (سەید، شێخ محەمەد زاهیر)ە و بەپیرخدری شاهۆ ناوبانگی دەرکردووە و، گەورە و سەرۆکی هەزار ماڵی جاف بووە، مەبەستی ئاغا عینایەت، لە شیعرەکەیدا، شاخێکە لە شاخەکانی شاهۆ، کە ئەڵێن پیرخدر، لەو شاخەدا، خواپەرستی کردووە.

**پل (ن . ئن)**: (پل) بەواتای پارچەیەکی بچکۆلە هاتووە هەروەها، بەواتای (ئێش)یش هاتووە و بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– گۆشتەکەی (پل پل) کرد و کردی بە(سیخ)دا.

– زامی دەستەکەی زۆر ئاوساوە و سوور بووەتەوە و پل ئەوەشێنێ!

– زامەکەی، زۆر زۆرە و لەبەر ئەوەی خۆی (پل) ئەخوا!

**پلچە (ن)**:

– (پلچە) و (فلچە) هەر یەکێکە و جۆرە تفەنگێکی شکارییە و هەمیشە ڕاوچییەکان بەدوایدا، دەگەڕێن، بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە:

– فلچەیەکی پینج تیری زۆر باشم کڕیوە، بەبڕنەوێ نایگۆڕمەوە!

**پلمژیا (ئن)**: پلمژیا، بەواتای (دژراو)، (شپرزە) دێ و بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ژنی نەزان، هەمیشە پلمژیاگە!

**پلە (ن)**: (پلە) یاخود (پلیکانە) هەردووکیان، یەک واتا، دەدەن و بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەو ڕێگایە، بەرەو ژوورکەو پلەدارە، بۆیە سەرکەوتنی زۆر زەحمەتە.

– پەیژەکەمان چەند پلەیەکی شکاوە!

**پێسە (ن)**: (پێسە)، وەک ناو، بەواتای (پێستە)ی حەیوانات، بەکار دێ و لە شێوەی کوردیی هەورامانیدا، بەواتای (وەک) و (چون) هاتووە.

بۆ وێنە، دەوترێ:

– پێسە، بنیادمی لووە ڕارە!

واتە: وەک بنیادم برۆ، بەڕێوە!



یاخود، دەوترێ:

– پێسەی گا، خۆش دەکرێ و دەباغی دەکرێ، ئەوجا پێڵاوی لێ دروست دەکرێ!

**پێش ئامەدە (ئن)**: وشەکە دووڕەگە و بەواتای (پێشهاتوو) هاتووە. بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– من لەم پێش ئامەدە، خۆشحاڵم!

واتە: من، لەم پێشهاتووە، خۆشحاڵم!

**پێشە (ن)**: (پێشە)، بەواتای (ئێسقان) هاتووە و بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– خزم گۆشتی یەک بخوا پێشەی یەک ناشکێنن!

– ئەو کار و پێشەیەکی دیاریی نییە!

بەپێی کوردیی کوردەکانی ئێران (پێشە) بەواتای (پیشە)ی ئەدەبی هاتووە، هەروەک، ئەم ڕستەیەی سەرەوە، وەها، دەریخست.

**پیشیا (ئن)**: ئەم وشەیە، بەواتای (پیشراو) هاتووە و بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەو منالە، لە گەرمادا (پیشا) پیشیا!

**پێڵ (ن)**: (پێڵ)، بەواتای (شان)، یان (کۆڵ)، یان (پرد) هاتووە.

بۆ وێنە، دەوترێ:

– ئەو کۆڵێکی، هەجیجیانەی، داوە، بەپێڵیا!

– ئەو منالانە، لە بان پێڵەکە، گەمە، ئەکەن.

واتە: ئەو منالانە لە بان پردەکە، یاری ئەکەن!

**تاپڕ (ن)**: تاپڕ، ناوی، جۆرە چەکێکە، کە تایبەتییە، بەڕاوکردن و ڕاوچییەوە، هەیانە دوو لوولە و هەشیانە، یەک لوولە و فیشەکیشی لە فیشەکی تفەنگی ئاسایی، بەگەورەیی و بەئەستوورییدا، جیاوازترە: (تاپڕ)، پێکهاتووە، لە (تا + پڕ) و (تا)ش، بەواتای (لا) هاتووە، واتە، شتێک، دوو (تا)، یان دوو (لا)ی هەیە و یەکێکیان؛ واتە، یەکێ لەو (لا)یانە، یان لەو (تا)یانە، پڕە!

بۆ، وێنە، باری (وڵاخ)، دوو (تا)یە، (هۆڕ) کە گەنمی، تێ دەکرێ، یان خەڵە (دەغڵ)ی، تێ دەکرێ، دوو لای هەیە و ئەگەر لایەکیشی، یان تایەکیشی (پڕ) بێ، پێی دەوترێ، ئەو هۆڕەی، کە تایەکی پڕە.

شایانی باسە، لە هەندێ، ناوچەی کوردەوارییدا، بە(تاپڕ) (ساچمەزەن)، دەوترێ!

**تاتە (ن)**: تاتە لە (داد)ەوە، هاتووە، وشەیەکی ئاریانی کۆنە و لە ئاڤێستادا، هاتووە و بەواتای (باوک)، (باب) هاتووە!

حاڵی حازر، لە زوربەی زۆری زمانە، ئەوروپاییەکاندا، وشەی (داد = تات) بەواتای (باو = باب = باوک) بەکار دەهێنرێت!

(داد) یاخود (تات)، بەواتای (عادل)، سەرۆکی (خێزان) دێ و ئەوەشی، کە دەبێ بوترێ، ئەوەیە، کە زوربەی، شایانی ئەشکانی بەلەقەبی (داد = تات) کۆتایی ناوەکەیان هاتووە!

بۆ وێنە، (تیردات = تیرداد) ناوی ئاوداری تایبەتی (ئاستیاک) بووە.

بۆ وێنە، شایەکانی ئەشکانیان، بەم جۆرە:

– (تیرداد)ی یەکەم، کە ئەشکی دووەم ئەکات.

– (میهرداد)ی یەکەم کە ئەشکی شەشەم دەکات.

ئەوجا، وشەی (ئاداد)، یاخود (ئەدا) – کە حاڵی حازر، لە هەوراماندا، (داد و ئاداد -یش) بەکاردێن – بەواتای دایک هاتووە. واتە؛ (ئا)، ئامرازی نەفییە و (داد)یش، بەواتای (باوک) هاتووە، کەوا بوو، بەخستنە پێشەوەی ئامرازی (نەفی)، یان، دژژاوەریی، وشەکە، لێکدراوێکی دژژاوەریی بەکارهێناوە، یان دروستی کردووە و ئەویش وشەی (ئاداد = ئادا)یە، کە حاڵی حازر، لە ناوچەی هەوراماندا، بەواتای، دایک، بەکار دەهێنرێت.

**تاجگوزاریی**: وشەکە پێکهاتووە، لە (تاج + گوزاریی) و ئەمەش، زۆرتر، بۆ شایان، یاخود، بەبۆنەی، چوونە سەر تەختی پاشاوە، بەکار دێ، یان دەوترێ!

بەهەرحاڵ، لەو بۆنەیەدا، کڵاوێ، کە کڵاوی شاهەنشاهی پێ دەوترێ و ئەو کڵاوەش، تەوقێک، یاخود هەڵقەیەکی بڕگە بڕگاویی لە (تڵا = زێڕ) دروستکراوی پێوەیە، دەکرێتە سەری شاە، یان شاهەنشاه و ئەو ڕۆژەش بەجەماوەریی و دەستووریی و شەرعی دەکرێ و



بەو ڕۆژەش، هەروەک وتمان، (تاجگوزاریی) پێ دەوترێ، کە لە عارەبیدا، (جلووس)ی پێ دەوترێ!

**تاریفات (ن)**: (تاریف) لە (تەعریف)ی عارەبییەوە، هاتووە و لە کوردییدا، زۆرتر بۆ ستایش کردن، یاخود پیاداهەڵدان، دێ!

ئەوجا، (تاریفات)، کۆکراوەیە، لەسەر شێوەی فارسیی و مەبەستی لە ستایشی زۆرە، یاخود مەبەستی، لەوەیە، کە یەکێ ستایش بکرێ، بەڵام ستایشەکە، یاخود پیادا، هەڵدانەکەی، لە سنوور بەدەر بێ و زۆری پێوە، ببەستێ!

**تاس (ن)**: (تاس)، بەواتای (قاپی قووڵی مسین) هاتووە، هەروەها، بەو (سەرە) دەوترێ، کە مووی سەری وەریبێ!

هەروەها، (تاس)، بەواتای بوورانەوە هاتووە. هەروەها، بەواتای خنکاندن، یاخود نەفەس، بڕین هاتووە!

وشەی (تاسە)، بەواتای، (ئارەزوو)، (تامەزرۆ) هاتووە!

**تاش (ن)**: (تاش)، ئەگەر وەک ناو بێ، ئەو بە(ما)، بە(کاو)، بەبەردی گەورە، کوچک، تەوەنی گەورە، دەوترێ!

بۆشمان، هەیە، وەک، ڕەگی کار وەربیگرین و ئەو کاتەش، بۆمان، هەیە، ئەم وشانەی، لێ دروست بکەین:

– تاشای: واتە، تاشیی (بۆ وێنە، سەری تاشی، یان، دارەکەی تاشی).

– تاشات: واتە، تاشیت (سەرت تاشیی، ریشت تاشی، دارت تاشیی).

– (تاشا) بەواتای ناوی جێگایێ دێ، کە کوچکاوی و بەردەڵان و تاشدار بێ!

شایانی باسە، (تاشا)، لە هەندێ ناوچەی کوردەواریی ئێراندا، بەواتای (تەواشا) یان (تەماشا) دێ و گوایە، دەنگی (و)کەی، پەڕیوە!

**تاعوون (ن)**: نەخۆشییەکی کوشندەیە و کاتی خۆی، بەبۆنەی، نەزانینی خەڵکەوە و پیسی و پۆخڵیانەوە و تووشی (نەخۆشی، تاعوون) بوون و بەتاکوتەراک، خەڵک لێی ڕزگار بوون! لە هەندێ ناوچەدا، بەم نەخۆشییە، (چاوەقووڵە)، یان (ڕشانەوە) دەوترێ!

**تاق (ن)**: (تاق)، بەواتای، جێگایێ دێ، کە لە دیواری ژووردا، دەکرێ و زۆرتریش بۆ ئەوەیە، کە وردە شتی تێ بخرێ، سندووقی بچکۆلە، دەفتەر و قەڵەمی منداڵان، یان

هەرچی شتێ، کە بتەوێ، لە بەردەستدا، نەبن!

(تاق)، بەواتای، خڕ، یان نیو خڕ دێ، بەواتای، سەری (قاپی = دەرگا = بەرە) یا سەری پەنجەرە، یاخود سەری خانوو، لەسەری سەرەوە، بەشێوەیەکی خڕ دروست دەکرێ و هی بەناوبانگ و ناسراویش (تاقی کیسرا)یە، لە (سەلمان پاک = مەدایان) کە لە نزیک شاری (بەغداد)ەوەیە!

(تاق)، بەواتای (تاک)، یاخود دژّی جووت دێ، جگە لەوەش ئەگەر یەکێ، خۆی بەتەنیا بێ، یاخود، زۆر زانا بێ، پێی دەوترێ، (تاک) و (تاقانە)ش، بەکار دێ!

(تاک) سیفەتێکی تایبەتی خوای گەورەشە، کە جگە لە خۆی خوای دیکە نییە و هەر خۆی بووە و هەر خۆیەتی!

(تاقتاقکەرە)ش، ناوی باڵندەیەکە، کە بەشەودا، دەخوێنێ و خوێندنەکەشی، بەئاوازی (تاق)، (تاق)ە و زۆرتریش، ئاوازێکی بێدەنگی و بێداریی و چۆڵەوانی پیشان، دەدات.

(تاقە)، وەک ناوی پارچە قوماشێکی تایبەتی، کە تەختەکەی تەڵایی ڕەنگ بێ و گوڵی تیادا بێ و ئەو گوڵانەش، لە ڕەنگی تەختەکەی نەبن!

**تاقۆسان (ن)**: ئاواییەکە، کە بۆ ماوەی حەوت کیلۆمەترێ، کەوتووەتە، لای ژووری شاری کرماشان، لە بناری شاخی (پەڕاو)ەیەوە.

بەم جۆرە، ناوی وتراوە و بیستراوە:

(تاق و ستام)، (تاق گوستەهەم).

ئەمانەش، هەندێ وتەی کوردیی فۆلکلۆرین:

بنووسن، وەبان، تاقێ، تاق وەسان
تاکەی بکیشم، جەوری، ناکەسان!

**گرینگی (تاقۆسان)**: تاقۆسان، لە ڕووی مێژووییەوە، زۆر گرینگە، چونکە لە ناوجەرگەی کوردستانی ئێراندایە و، ئەو جۆرە هەڵسوکەوتەش پیشان دەدات، کە شایانی ساسانی دەسەڵاتدار، چۆن، لە لایەن، گەورەپیاوانی دینەوە، تاجگوزاریی کراوە و ئەمەش، خۆی لە خۆیدا، ڕووالەتێکی دینی و هی دنیایی دەمی ساسانیەکان، پیشان دەدات.

بەشێوەیەکی ڕۆشنتر، لە بناری شاخی (پەڕاو)دا، لەسەر سەرچاوە ئاوێکی جوان و سارد و ڕۆشندا، لە قەدپاڵی شاخەکەوە، چەند تاقێ، هەڵکەندراون و هەریەکێ، لەو



تاقانە، بەهەڵکەندراوی نووسین و بەهی وێنەوە، هەندێ، سەرگوزەشتەی، دەمی ساسانی، پیشان دەدەن.

هەرە کۆنترین، تاق و هەڵکەندراوی، ناو ئەو تاقە، هی ئەردەشێرە، کە لە لایەن، ئاهورامەزدا و لە لایەن، میتراوە، هەڵقەی سەڵتەنەتی، پێ بەخشێنراوە!

**تاقەت (ن)**: تاقەت، لە (طاقة)ی عارەبییەوەیە، بەواتای (توانا، تەوانا، سەبر، حەوسەڵە، وزە، هێز) هاتووە!

بۆ وێنە، دەوترێ:

– تاقەتی، دەرس وتنەوەم، نەماوە و ماندووم!

– چاوم، کەم تاقەتن و تاقی ڕانندەگیی ماشینم نەماوە!

**تاڵ (ن)**: (تاڵ)، بەواتای، جۆری تام و مەزەیێ هاتووە، کە دژّی (شیرین)ە، بۆ، وێنە، شەکر، شیرینە، خەیار و ترۆزی (تاڵ)یش هەن، کە سەرپاکیان تاڵن.

– کاڵەک، کە هێشتا، (زرکە) تامەکەی تاڵە!

– چای، بەبێ شەکر، تاڵە و کە شەکریشت تێ کرد، شیرین دەبێ!

بۆ وێنە، شاعر، دەڵێ:

ئەو دڵەی عەشقی نەبێ، من کۆشتی کاڵم بۆ چییە!
ئەو سەرەی شۆڕی نەبێ، من گرکەتاڵم، بۆ چییە!

(تاڵ) لە وشەی (طحل)ی عارەبییەوە، وەربگیرێ و دەبێ، بە(تاڵ)، یا (تاڵە).

(تاڵ)، بەواتای، ڕەنگی ناشیرین و نالەبار، دێ، واتە، ڕەنگێکی ترش و تاڵە، کەوا، لە نێوان (زەرد) و (ڕەش)، یان (سەوز) و (ڕەش)دا، بۆ وێنە، دەوترێ:

– هەرکە، گوێی، لە هەواڵەکە بوو، ڕەنگی تاڵ، هەڵگەڕا!

(تاڵ)، بەواتای (طالعة)ی، عارەبیش، بەکار دێ، کە بەواتای، (شانس)، (چارە) و (بەخت) دێ!

بۆ وێنە، دەوترێ:

– لەبەر بێ شانسی خۆم، کوڕەکەشم، لێم ناپرسێتەوە!

واتە: لەبەر بێ تاڵەیی خۆم، یان بەدتاڵەیی خۆم...

یان دەوترێ:

تاڵەم ڕەشە، بۆیە، کەسەکانیشم، منیان، خۆش ناوێ!

**تاو (ن)**: (تاو)، بەواتای (تیشکی کەم)ی خۆر دێ، بۆ وێنە، دەوترێ:

– ئەو پیاوە پیرە، لە بەرتاوی خۆردا، دانیشتووە!

هەروەها، بەواتای، تین، دێ، بۆ وێنە دەوترێ:

– سۆپەکە، تاوی گەرمایی، نییە!

هەروەها، تاو، بەواتای، تاڵە دەزوو، دێ، بۆ وێنە، دەوترێ:

– بەڵکو، ئەو تاوەم، بۆ پێوە بکەی!

(تاو)، بەواتای، (باران)، (گەرمی غار)یش دێ، بۆ وێنە، دەوترێ:

– تاوی باران، دای کرد و تاوێ دەزووی وشکم پیادا، نەما!

– ئەسپەکەی تاو داوە و دەرەقەتی نایێ بیگرێتەوە!

هەروەها، بەواتای، (سەبر، تاقەت، کاتی کەم) دێ، بۆ وێنە، دەوترێ:

– تاوی ئەوەم نییە، کە زۆر بەپێوە، ڕابوەستم!

– تاوێ، لە لای ئەو دۆستەم، دانیشتم!

**تاوان (ن)**: بەواتای (گوناه)، (خەتا)، کۆی (تاوە) و (تاوانەوە) هاتووە!

بۆ وێنە، دەوترێ:

– تاوانم، بۆی نەبووە و لە خۆیەوە، باشیمان، ناڵێ!

– ئەو تاوانە، هەر چواریان، بەچەندن!

– تاوانی، ئەو کردەوە ناپاکەیە، دایەوە!

– ڕەحمی زۆر و دڵسۆزیی، ئەوی تاوانەوە!

**تاوتاو (ئاوەڵکردار)**: بەواتای، (ناوبەناو) هاتووە، بۆ وێنە، دەوترێ:

– نەخۆشییەکەی، ئەو، تاوتاوە!

**تاوشت (ن)**: تاوشت، بەواتای، (هێز، وزە، تاقەت، توانا، حەوسەڵە، سەبر، ڕووی وتن، حەز، ویستن، ئارەزوو) هاتووە، بۆ وێنە، دەوترێ:

– تاوشتی ئەوەم نییە، کە ئەو هەواڵەی پێ بگەیەنم!

بەم بۆنەیەوە، میرزا شەفیع یەژێ:



(هیچ کەس نەواچۆ، جە وەشیمانەن
جە تاوشتی دەرد، دڵڕیشیمانەن!)

**تاوگۆز (ن)**: ناوچەیەکە، کە بەشێکی کەوتووەتە عێراقەوە و بەشەکەی دیکەشی کەوتووەتە، ئێرانەوە و مەولەوی کورد، بەمەولەوی تاوگۆزیی ناسراوە!

**تاویی**: (تاویی)، ئەگەر بەشێوەی ناوچەی هەورامان، لێک بدرێتەوە، دەبێ، ڕستەیەکی، پرسیار ڕەنگ بێ و کە بەواتای، (دەتوانی!) دێ و لە ڕوویەکی دیکەشەوە، بەواتای (ئانی = کاتی = دەمی) دەمێ، بۆ وێنە، دەوترێ:

– نەخۆشی، (فێ)، تاو تاوییە!

یاخود، بەواتای، (شێوەی تاڵە دەزوویی) بەکار دێ، بۆ وێنە، دەوترێ:

– ئەو زۆر باریکە و لە شێوەی تاویی دایە!

یاخود، بەواتای، (تین)، (گڕ)، (ئارەزوو)، (سۆز) هاتووە، بۆ وێنە دەوترێ:

– ئەو تاوی جەرگی تاوی داوە و سەری خۆی هەڵگرتووە!

– برسیەتی، تاوی داوە و نازانێ چی بکات!

**تاویا (فـــ = ک)**: (تاویا)، (تاویاوە)، هەریەک واتایان، هەیە و بەواتای (توان) و (توایەوە) هاتووە!

بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ڕۆنەکە، لەبەر خۆرەوە، تاویاوە! (توایەوە)!

– ڕۆنەکە، لەبەر خۆرەوە، تاوایەوە!

– لە خەجاڵەتیدا، تاویاوە!

**تاهر (ن)**: (تاهر)، یاخود (تاهیر)، بەواتای (پاک)، یاخود، (ناو)، هاتووە، شایانی باسە، لە (طاهر)ی عارەبییەوە هاتووە!

**تایفان (ن)**: تایفان، کۆی (تایفە)یە و لە وشەی (طائفة)ی عارەبییەوە، وەرگیراوە و لە کوردییدا، بەواتای، (هۆز) دێ.

(تایفولوک)یش، لە (طائف الملوک)ی عارەبییەوە، هاتووە، کە بەواتای ئەوەوە دێ، کە هەر هۆزی مەلیکێک، یاخود شایەکی هەیە!! بەشێوەیەکی ڕوونتر، مەبەستی لەوەیە،

که هەر هۆزێ، بۆ خۆی شاهێکی بۆ خۆی داناوە و بەبێ ئەوەی، گوێ، بەهۆزە خزمەکانی دیکەیان، بدەن!

**تەب و لەرز (ن)**: ناوێکی لێکدراوە و لە کوردیی ئەمڕۆدا، (لەرزوتا)، (یاوولەرز)، (تاولەرز)ە.

جۆرە نەخۆشییەکە، کە حاڵی حازر، لە عارەبیدا، (ملاریا)ی پێ دەڵێن. ئەم نەخۆشییە، بەهۆی مێشوولەی (ئەنوفلیس)ەوە، لە یەکێکەوە، بۆ یەکێکی دیکە، دەڕوا و نەخۆشییەکەی، تاوتاوییە و بە(تا) دەستی پێ دەکات و ئەوجا، تایەکە، بەرەو (لەرز) دەڕوا.

**تەپڵ و کۆس (ن)**: ناوێکی لێکدراوە، پێکهاتووە، لە (تەپڵ + کۆس) و بەهۆی ئامرازی (و)ی پەیوەستەوە، وشەکان بوونەتەوە بەیەک، یان خراونەتە، سەر یەکتریی!

(تەپڵ)، بەواتای (دەهۆڵ) دێ و (کۆس)یش، بەواتای (کاس)، یان (ساج) هاتووە.

(تەپڵ) و (کۆس) هەردووکیان، لە بەردەم لەشکەردا، بۆ لێدانی زەنگی شەڕ، بەکار دێ و نیشانەی، دەستپێکردنی(شەڕ)یان، نیشانەی، بەرەو ڕووی، شەڕ، پیشان، ئەدات!

**تەتەبۆ (ن، ئاوەڵکردار)**: جۆرە کردەوەیە، بۆ پاککردن و هەڵتەکاندن خەلە، لە تۆز و، لە دانی بێگانە، بەکار دێ! پێشی دەوترێ (تەتڵە).

بۆ وێنە، دەوترێ:

– ئەو خەریکە گەنمەکەیان تەتەبۆ دەکات (تەتڵە دەکات)!

یان دەوترێ:

– برنجەکە، باش پاک نەکراوە، یاخوا دەستی (تەتەبۆ)کەرەکەی بشکێ!

**تەخت (ن)**: تەخت، بەواتای (ڕێک) و (ساف) و (قەرەوێڵە) و (سارایی) و جێگای شاهی، دەدات، بۆ وێنە، دەوترێ:

– شاه، لەسەر تەخت دانیشتووە!

– زەوییەکە تەخت بکە، ئەوجا، ڕەنگی بڕێژە!

– ئەو لەسەر تەختە چێوینەکەی خۆی نووستووە!

– تەلانی باخەکەی تەخت و خۆشن!



**تەختگە (ن)**: ناوی دێییەکە، لە ناوچەی (گۆران)، کە سەر بە(ئیسلام ئاباد)ی عەرەبە.

**تەختە شەلاق (ن)**: ناوێکی لێکدراوە و پێکهاتووە، لە (تەختە + شەلاق)، کە بەهەردووکیانەوە، تەختەیەکی (پانوپۆڕ) کە یەکێکی لە سەرەوە، بەدرێژی بخەفێنرێ و ئەوجا، لەسەریەوە، بەقامچی، (شەلاقە)، یاخود (فەلاقەی) بکەن، یاخود لێی بدەن.

ئەمە زۆرتر، لە بەندیخانەکانی کۆندا، بەکار دەهێنرا!

تەرز (ئاوەڵناو):

ئەم، وشەیە، لە (طرز)ەوە، هاتووە و بەواتای (جۆر) دێ.

(تەرزە)ش، بەواتای (تەوەرگ) دێ و ئەمیش، جۆر بەستنێکی دڵۆپە ئاوی گەورەیە، کە لە هەوادا، بەهۆی بای ساردەوە، دەبیەستێ و، لە بەهاراندا، بەزۆری دەبارێ و بارینیشی دەبێ، بەهۆی زیانێکی زۆرەوە، کە لە بەر و گەڵا و گۆپکە و گۆپیتەی درەختی، دەدات.

(تەرز)ەش، بەواتای، لقێکی باریکی، دەزوو ڕووالەت و دەزوو ڕەوت، کە کوولەکە، یاخود خەیار، لە هەڕەتی زۆرکردنیدا، فڕێی دەدات.

هەر لەهەمان، وشەوە،(تەرزی تراز)یشی، لێ دروست بووە، کە بەواتای، جۆری جۆر، دێ!

**تڕوتفاق (ن)**: تڕوتفاق، بەواتای کەلوپەل و ئازووقەی، ناوماڵ، یاخود، زەخیرەی خۆراک و خواردەمەنی، وشکە، بۆ زستان، هاتووە.

بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– کابرا، تڕوتفاقێکی باشی بۆ زستانی، پێکەوە ناوە!

– کە چووینە ماڵیان، تڕوتفاقێکی باشیان هەبوو!

**تەڕە و شایی (ن)**: ناوی دوو گیان – (تەڕە) و (شایی) – ئەوانیش، وەک سەوزە، لەگەڵ خۆراکدا، دەخورێن.

**تریقە (ن)**: (ناوە)، لە لایەکەوە و لە لایەکی دیکەشەوە، ناوی دەنگە، بۆ وێنە، بەدەنگی پێکەنین، دەوترێ (تریقە). یاخود، بەشتێکی بچکۆلەی زەرد دەوترێ، کە لە هەندێ ناوچەدا، پێی دەوترێ (ترێقە) و (تەرەقە)ش پێی دەوترێ و ئەمیش، بۆ فیشەک داگرتن بەکار دێ و ئەو بەشە بچکۆلەیە، کە دەرزی تفەنگەکەی، لێ دەدرێ و بەهۆیەوە، دەرمانی ناو فیشەکەکە، گڕ دەگرێ و دەتەقێ.

وشەی (تەریق)یش، هەیە، کە بەواتای (شەرم) دێ و ئەویش، بەم جۆرە، بەکار دێ و دەوترێ:

– کە قسەکەی لە دەم دەرپەڕی تەریق بوویەوە!

**تەفریحگا (ن)**: ناوێکی لێکدراوە لە وشەی عارەبی (تەفریح) و لە وشە، یاخود پاشبەندێکی کوردیی (-گا) پێکهاتووە و بەهەردووکیانەوە، بەواتای، جێگای خۆشی و ڕابواردن، دێ.

**تەقاس (ن)**: بەواتای تۆڵەسەندن، هاتووە.

بۆ وێنە، دەوترێ:

– ئەو تەقاسی گونای خۆی ئەداتەوە دەس!

**تەقالا (ن)**: بەواتای (هەوڵ) و (کۆشش) و (ڕەنجدان) هاتووە! هەندێ جاریش، (تەقەلا) دەوترێ و بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەو تەقالایەکی، زۆری دا، بەڵام سوودی نەبوو!

**تەقیە (ن)**: تەقیە، بەواتای (شەرم) و (حەیا) هاتووە و بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەو تەقیەی باوکی نەیگرت و لەگەڵ دەستگیرانەکەیدا، پێکەوە چوونە دەرەوە!

**تەلا (ن)**: (تەلا) بەواتای (زێڕ) و (ئاڵتوون) هاتووە و دەوترێ:

– ئەو زۆر حەزی لە تەلایە و هەموو شتێ بۆ زێڕ دەفرۆشێ!

**تەلای دەست ئەفشار (ن)**: ئەم ناوە لێکدراوە و پێکهاتووە لە:

(تەلا + ی + دەست + ئەفشار)، کە خۆی، لە خۆیدا، فرەیزێکە، بەڵام، چووەتە قالبی ناوێکەوە، کە واتاکەی، بەم جۆرە دەگرێتەوە، (گوشین دەبێ، بەهۆی تەلا)وە، واتە، شتێ، شەمامەیێ، تۆپێ، بەدەست دەگوشرێ و دڵۆپێ شتی لێ دێتە دەرەوە ئەگەر بکرێتە، ناو ئاوەوە، ئەو ئاوە، دەبێ بەزێڕ، یان (تەلا) و هەروەک، وەها دەوترێ و زوربەی فەرهەنگە فارسییەکانیش وەهایان، لە قەڵەم داوە، کە (خەسرەو پەروێز) شەمامەیەکی بەو جۆرەی هەبووە!

**تەلاش (ن)**: بەواتای (کۆشش) و (تەقالا) و (هەوڵ) و (ڕەنجدان) هاتووە و بەواتای



تەلاشی دار (کاتێ، کە دارتاش، دار دەتاشێ و تەلاشی لێ دەخات)یش، هاتووە و بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەو بۆ سەرکەوتن تەلاشێکی زۆری کرد!

– ئەو دارتاشە، تەلاشێکی زۆری خستووە و بۆ نان کردن، سوودیان هەیە!

**تەلار (ن)**: بەشێوەی (تالار)یش دەوترێ و بەبالاخانە و هەیوانی سەرەوە، دەوترێ، کە بەسەر ڕێ و شەقامدا، بڕوانێ!

وشەی (تەلار)، یان (تالار)یش، بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– تالارەکەیان، بەسەر دەشتەکەدا، دەڕوانێ و هەموو لایەکی لێوە، دیارە!

**تەڵخ (ئاوەڵناو)**: ئەم وشەیە، بەواتای، (ناخۆش)، (خراپ)، (تاڵ)، (ناڕەحەت)، (نائاسوودە) هاتووە و بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئاوارەکان، شەو و ڕۆژیان، زۆر بەتەڵخی، دەبردە سەر!

**تەڵەب (طلب)**: وشەکە، لە عارەبییەوە، هاتووە و بەواتای (داوا) و (داخوازیی) و (ویستن) هاتووە و بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– (لە شێوەی کوردیی ئێراندا، بەزۆریی، بەکار دێ و بەم جۆرەیە) –

کتێوەکەم لە ئەو تەڵەب کرد و بۆی ناردم!

**تەڵەفات (ن)**: وشەکە، لە (تلف)ی عارەبییەوە هاتووە و لە کوردیی ئێراندا، بەو جۆرە، کۆ کراوەتەوە و بەواتای (خراپ بوون)، لە (ناوچوون)، هاتووە، بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– جەنگی ئێران و عراق، بۆ هەردوو لا، تەڵەفاتی، زۆری، هەبوو!

**تەڵمیتبار (ن)**: بەواتای (کۆچ و بار) کردن، هاتووە، واتە، کاتێ، کە، (جاف)، یان کوردی کۆچەر، لە جێگایەکەوە، بۆ جێگایەکی دیکە، کۆچ و بار دەپێچنەوە و دەکەونە ڕێ، بەو کۆچ و بارە، دەوترێ (تەڵمیتبار)، بەڵام وشەی (تەڵمیت)، بەواتای ئەسپی کۆتەڵ دێ، ئەسپی ئالای و کۆتەڵی، پیاوێکی سەرەک هۆز و گەورە، کاتێ کە دەمرێ، جل و پۆشاکەکەی دەدەن، بەسەر ئەسپەکەیدا و خەڵک لەبەرودواوە، دەکەونە دوای و بەری ئەسپەکە و شیوەنی بۆ دەکەن و بەو ئەسپە و پۆشاکی مردووەکەی سەری، (تەڵمیت) دەوترێ!

**تەڵە (ن)**: تەڵە، بەواتای، (داو = دام) و (فخ)ی عارەبی هاتووە، زۆرتر، بۆ گرتنی، کەروێشک و ڕێوی و گورگ، بەکاری دەهێنن و هەر لەم وشەیە، وشەی، (تەڵەن) هاتووە، بەتایبەتی، لە شێوەی، هەورامان و جوانڕۆدا و دەوترێ:

– ئەوان، بۆ ئێمە، تەڵەن!

واتە؛ ئەوان، بۆ ئێمە، جگە لەوەی، کە باش نین، بەڵکو خراپەیش دەربارەمان دەکەن و هەمیشە بۆمان، مەڵاسیان داوە!

**تەم (ن)**: ناوە، بەواتای (تواڵی) و (مژ) هاتووە.

وشەی (تەم) لەگەڵ (مژ)دا، یەک دەگرنەوە و دەبێ، بە(تەمومژ)، بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەمڕۆ، ڕۆژێکی تەمومژە و ڕۆژی سەفەر نییە!

هەندێ جاریش، (تەمان)، بەواتای چاوەڕوان، دێ. بۆ وێنە، دەوترێ:

– ئەوان، بەتەمان، کە تۆ سەریان لێ بدەی!

(تەمام)، بەواتای، (تەواوبوون) دێ و بەم جۆرە:

– کارەکەم تەمام!

واتە: کارەکەم تەواو!

**تەماس (ناوی کارە)**: لە بنەڕەتدا، لە (تماس)ی عارەبییەوەیە و بەواتای (پەیوەندیی) دێ، بۆ وێنە، دەوترێ:

– تەماسی لەگەڵدا، بگرە!

– من لەگەڵ براکەمدا، بەتەلەفۆن، تەماسم گرت!

**تەن (ن)**: وشەیەکی ئاڤێستاییییە و بەواتای (لەش = بەدەن) هاتووە، بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەو تەنێکی باش و ڕێکوپێکی پێوەیە.

وشەی (تەندروستی)یش، هەر لەم وشەی (تەن)ەوە، وەرگیراوە، یان، دروست بووە و کە بەواتای، (لەش دروستی)، یان، (لەش ساغی)، دێت!

وشەی (تەنەنەن)یش، لە (تەندەن)، یاخود لە (تەندوویەتی)یەوەیە، بەڵام وشەی



(تەنتەنە)، کە لە کوردیی ئێراندا، بەزۆری بەکار دێ، بەواتای (جەلال و شکۆ) و (گەورەیی و کەشخەکردن) دێ!

**تەوق (ن)**: ناوە، بەواتای (قورس) یان قورسی و سەنگینی و نارەحەتیش دێ، بۆ وێنە دەوترێ:

– کابرا، وەک تەوقە، لە کۆڵ نابێتەوە!

هەروەها، وشەی (تەوق)، وەک هەڵقەیەکی ئاسنینی گەورە، بەکار دێ و لە حەبسخانەکانی ئێرانی قاجاردا، ئەو جۆرە، تەوقانە، هەبوون، کە دەکرانە، ملی بەندیی، لە بەندیخانەکاندا.

هەروەک دەوترێ، شەیتانیش، تەوقی نەعلەتی کراوەتە مل!

**تەوێڵە (ن)**: ناوی شارۆچکەیەکە، لە کوردستانی عێراقدا و کەوتووەتە، ناوچەی هەورامانی لهۆنی عێراقەوە و لە لایەن، یاسای بەعسی نەگریسەوە، کاول کرا و، حاڵی حازریش، لە ژێر ئالای دەوڵەتی فیدراڵی کورددا، خەریکە ئاوەدان دەکرێتەوە.

لە لایەکی دیکەوە، (بەگەوڕی وڵاخی بەرزە)ش دەوترێ!

**تەهیە و تەداروک (ن . لێک)**: واتە، ئامادەبوون و ئامادەکردن و سازکردن و سازدان. بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– بۆ سەفەرەکەم، تەهیە و تەداروکم کردووە.

**تەیار (ئاوەڵناو)**: بەواتای ئامادەبوون، حازربوون، لەسەرپێ، هاتووە. بۆ وێنە، دەوترێ:

– ئەو هەمیشە، بۆ ڕاو، خۆی تەیار کردووە!

تۆتۆ (ئاوەڵناو):

بەواتای، (توێ توێ) هاتووە و بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

میرزا ئۆلقادری پاوەیی دەڵێ:

سا تۆ، بۆ دیدەم، بێ پەروا و بێ خەم
تۆتۆ، تۆی جەرگم، جیاکەر، جە هەم
تۆتۆ و بەندە و بەند، بگێڵە پێش دا،
ئەر تۆ دیت، تۆیێ، غەیر جە تۆ تیش دا!

**توخم (ن)**: توخم، بەواتای (تۆ) و هاتووە، هەروەها، بەواتای (تۆم)، (ڕەچەڵەک)، (نەژاد)، (ڕەسەن)یش، بەکار دێ.

– ئەو توخمی ئەوە، بۆیە، ئەوەندە، زۆرزانە!

– کورد توخمی ئاریایە!

**تورکەپان (ن)**: ناوی دێیەکی جوانڕۆیە، حاڵی حازر کەوتووەتە، بەشی سۆفی بەگی حەمەڕەشید بەگی وەکێلی.

**توغیان (ئاوەڵناوە)**: لە وشەی (طغیان)ی عارەبییەوە، هاتووە، لە ناو کوردەکانی ئێراندا، بەواتای، داپۆشین و هاتنە سەر لافاوکردن هاتووە، هەروەها بەواتای سەرپێچی کردنیش، هاتووە.

بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– لافاوەکە، توغیانی کردووە و سەرپاکی دەشتەکانی دەوروپشتی داپۆشیوە!

– کابرا، لە دەوڵەت توغیانی کردووە و داویەتە کەش!

**تۆف (ئاوەڵناوە)**: بەواتای (باپێچ و کرێوەی بەفر و باران) دێ، هەروەهاش، بەواتای (هەڕەت)یش، دێ!

بۆ وێنە، دەوترێ:

– ئەمڕۆ، دنیا، بەفر و باران و ڕەشەبایە، تۆف دەکات و ڕۆژی چوونە دەرەوە، نییە!

– ئەو لە تۆفی جوانیدایە، بۆیە، گوێ لە سەرما و گەرما، شل نییە!

وشەی (تۆفان = طوفان)یش، بەواتای هەڵسانی لافاویش، دێ!

**تۆڵە (ن)**: تۆڵە، بەواتای، (حەق لێ سەندنەوە) دێ، بۆ وێنە، دەوترێ:

– ئەو تۆڵەی خۆی لە دوژمنەکەی خۆی سەندەوە!

**تووڵ (ن)**: بەواتای، (لاو)، (گەنج)، (تازەپێگەیشتوو)، هاتووە، بۆ وێنە، دەوترێ:

– ئەو تووڵە و هێشتا باش پێ نەگەیشتووە.

یان، بەواتای (شووڵ)، یاخود لقی خامەی دار، بەکار دێ، بۆ وێنە، دەوترێ:

– تووڵەخامەی ئەمساڵی ئەو نەمامە گوێزە، دووگەزێ دەبێ!

جگە لەوە، (توولە)ش، بەواتای بەچکەی (سەگ) دێ و دەوترێ:



– ئەو دوو توولە تانجی کڕیوە!

هەر لەم وشەیەش، (توولەڕێ) وەرگیراوە، جگە لەوەش، بەبەچکەی لاواز و جوان و ناسک دەوترێ، توول، بۆ وێنە، دەوترێ:

توولەنمام، توولەئەسپ، توولەسەگ.

**تۆم (ن)**: بەواتای (توخم) و (تۆو) هاتووە، هەروەها، بەواتای (تۆ)ی (من)یش، هاتووە، بۆ وێنە دەوترێ:

– من، تۆم لە بیر چووبوویەوە!

– ئەو تۆمی نەوەشاندووە!

واتە: ئەو، تۆوی نەوەشاندووە!

**تۆمار (ن)**: پارچە کاغەزێکی درێژە، کە پارچە پارچە خراونەتەوە، سەر یەکتریی و نامەی جۆربەجۆری لەسەر نووسراوە، بۆ ڕاهێنانی، تازە فێربووان، تازە خوێندەواران، بۆ ئەوەی، فێری جۆری نامەنووسین بێن.

حاڵی حازر، بە(نووسینەوە)، یاخود، بە(تەسجیل) دەوترێ، تۆمار، بۆ وێنە، دەوترێ:

– من چەند تۆمارێکی کۆنم هەن، کە نامەی هەندێ شایانی قاجاری تێدایە!

– من گۆرانیەکانم، تۆمار کردن!

**تونکە تونکە (ئاوەڵناو)**: دەشتی تەپۆڵکاویی، جێگایەکی گردۆڵکاویی، دەواری جافان، بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەو دەشتەی ئەوێ، تونکە تونکەیە!

– دەوارانی ئەو هۆزە، تونکە تونکە هەڵیانداوە!

**توون و تەوەس (ئاوەڵناوە. ن)**: بەجێگایەکی ناڕەحت و سەخت دەوترێ، (توون) و (تەوەس) دوو جێگان، (توون) لە شارە کۆنەکانە کەوتووەتە خوارووی خوراسان و حاڵی حازر پێی دەوترێ، (فردەوس) و (تەوەس)یش، ناوچەیەکە لە خوراساندا و کە شارستانی (فردەوس) دەگرێتەوە.

بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– کە ناخوێنێ و سوودی خۆی نازانێ، بەتوون و تەوەس!

**تیپ تیپ (ن. ئاوەڵناوە)**: بەواتای، ریز، (بەش بەش)، هاتووە. بۆ وێنە، دەوترێ:

سوپایەکە (تیپ تیپ) وەستاون، وەک خۆیان بۆ کارێ ئامادە کردبێ وەهایە!

تیپ تیپ، بەواتای (دەستە دەستە)ش هاتووە و سوپایش، بەسەر (تیپ تیپ)دا، دابەش دەکرێ و هەر تیپێکیش کارێکی پێ دەسپێررێ!

**تێخی جەلادی (ن. لێک)**: ناوێکی لێکدراوە، یاخود فرەیزێکە و بەواتای (تێخێ) هاتووە، کە هی خوێنرێژە. (جەلاد)یش، یاخود خوێنرێژیش، کاری رێژتنی، خوێنە و وەک پیشە، هەمیشە لە بەرچاویەتی و بەکاری دەزانێ! لای هەندێ کەسیش، بە(میرغەزەو) ناودەبرێ!

بۆ وێنە، دەوترێ:

– جەلاد، هەمیشە بەتێخی جەلادییەوە، ئامادەی فەرمانن!

**تیرئەندازیی (ن)**: پیشەی ئەو کەسانەیە، کە دەستیان بەهۆی ڕاهێنانەوە، ڕاست دەپێکن، یاخود خەریکی کاری تیرئەندازین و بەو کەسانە، (تیرئەنداز) دەوترێ و بەکارەکەشیان، کاری تیرئەندازیی، دەوترێ.

– ئەو لە تیرئەندازیدا، دەستی زۆر ڕاستە و بەیەکەم دەرچوو!

**تێشە (ن)**: بەواتای، (تەوشێ = تەشوو = ترێشتە) هاتووە. لە ئاسن دروست کراوە و دەمەکەی تیژە و دەسکی داری بۆ دەکرێ و بۆ بڕینەوەی، دار، هێزم، چیو، چۆ، بەکار دێ!

بۆ وێنە، دەوترێ:

– بەتێشەی زوڵم، ریشەی دەرهێنا (کورد واتەنی).

– بەتەشوو، دارەکانی سۆبەکەی بڕیەوە.

– بەترێشتە، قەندەکەی شکاند!

**جا (ن)**: (جا) و (جێگا) و (جێ) و (یاگە)، (جێگە) هاتووە، هەروەها، بەواتای، ئەوجا، لەپاشا، هاتووە، جگە لەوەش، بەواتای (پلە) و (پایە) و (نوێن و جێگەوبان)یش هاتووە.

بۆ، وێنە، بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەوان، جایان، زۆر فراوانە.

– جاکەیان، تەسکە و ڕێی دوو کەسێکیان هەیە!

– جاکەی ئەو، زۆر بەرزە و کارمەندێکی گەورەیە.



– جاوبانی پاک و پوختەی باشیان هەیە!

– جا، کەی، تۆ، سەفەر دەکەی!

– پاش ئەوەی، کە ئەو ڕۆیشت، جا تۆش وەرە بۆ لامان!

(جادار)یش، هەر لە هەمان، وشەوە دروست بووە و بەواتای، ڕێز و عاقڵ و بەحورمەت و جێ نشین و جێگەگر، هاتووە.

بۆ وێنە، دەوترێ:

– ئەو پیاوێکی جادارە و کار بۆ هەموو کەسێ دەکات!

**جادوو (ن)**: بەواتای (سیحر) هاتووە، هەروەها، بەواتای (فێڵ)، (تەڵەکە) دێ و بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– هەندێ کەس وەک (جادوو) خەڵک فریو دەدەن.

– کابرا، جادووگەرە و هەزاران، جادوویی دەزانێ!

**جاریی (ئاوەڵکار – ع)**: لە وشەی عارەبی (جاري)یەوە هاتووە و لێرەدا، بەواتای، ئەوەی دەم و ئەوەی مەیدان، هاتووە، هەروەها، بەواتای، (ڕۆیشتن)یش هاتووە و بۆ وێنە، باوە و دەوترێ:

– ئەسرین، لە دیدەم جارییە!

**جام (ن)**: بەواتای (شووشە) و بەواتای (ئاوێنە) و (کاسە) و (جێگای من) هاتووە، بۆ وێنە، دەوترێ:

– من جام، زۆر ڕەحەتە!

– جامی پەنجەرەکە شکاوە!

– جامم نییە، تاوەکو سەرمی لەبەر دابهێنم!

– بەجام، ئاو دەخۆمەوە!

**جامی جەم (ن)**: ناوێکی ناساکارە، بەو جامە ئەفسووناوییە وتراوە، کە دنیای تیادا، دیار بووە و وەهای لە قەڵەم ئەدەن، کە هی کەیخوسرەو بووە.

**جەبوون (ئاوەڵناو)**: وشەکە عارەبییە و لە وشەی (جبان)ی عارەبییەوەیە و بەواتای ترسەزاڵ، لە کوردیی ئێراندا، بەکار دێ.

بۆ وێنە، دەوترێ:

– ئەو لەبەر جەبوونی خۆی لە ژیانیدا، سەرنەکەوتووە!

**جەرگە (ئاوەڵناو)**: بەواتای، ناوەڕاست، هاتووە، بۆ وێنە دەوترێ:

– ئەو ناوجەرگەی زەوییەکەی داگیر کردووە.

هەروەها، بەشێوەی (ناو)یش، هاتووە و ئەویش، بەواتای (گروو) و (دەستە) هاتووە.

بۆ وێنە، دەوترێ:

– من چوومە ناوجەرگەی بەدبەختانەوە، بۆیە وەها بەدبەخت بووم!

**جەستە (ن)**: بەواتای، (بەدەن، تەن، لەش، ئەندام) پەیکەر هاتووە، بۆ وێنە دەوترێ:

– جەستەم، هاتووەتە لەرزە، نازانم چیمە!

– جەستەی تۆ و ئەم، زۆریان، جیاوازە.

– کافر، وە جەستەم نەبێ!

**جەڵەب (ئاوەڵناو)**: بەواتای، (ناکەس، ناڵەبار، بەدجینس) هاتووە.

بۆ وێنە، دەوترێ:

کابرا، جەڵەبە، بۆ مامەڵە ناشێ!

**جەم (ن)**: وشەیەکی کۆنە و بەواتای کۆبوونەوە دێ و ناوی جەژنێکی دینی کاکەییەکانە و (جەمەجەم)یشی پێ دەوترێ. هەروەها، ناوی شایەکی پێشدادیە!

وشەی (جەماوەریی)ش، هەر لەمەوە، وەرگیراوە، کە بەواتای کۆکردنەوە، دێ.

وشەی (جەمشید) و (جەمشێر)یش، وەک ناو، لە کوردەوارییدا، بەکار دێن و لە ڕاستیشدا، (جەمشید) و (جەمشێر) هەر یەکێکن و ئەویش هەروەک وتمان، ناوی شایەکی پێشدادیە و کە بە(جەم)یش، ناودەبرێ!

**جەمین (ن)**: هەروەک لە جەبین (جبین)ی عارەبییەوە، وەرگیرا بێ، وەهایە و بۆ دەستەوەدانی واتای (تەوێڵ و ناوچاوان) بەکار دێ و بۆ ناوی ئافرەتیش بەکار دێ!

بەم بۆنەیەوە، ئەحمەد بەگی کۆماسی دەڵێ:

(من پەرێ، تۆمەن، شۆخی جەمین جام
جۆشی جوانیت، زوو مەبۆ تەمام)



**جەودما (ئاوەڵکار)**: جەودما، بەواتای؛ لە پاشدا، ئەوجا، لە دواییدا، هاتووە. بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– جەودما، سەری لێ ئەدات.

واتە: لەپاشا سەری لێ ئەدات!

(جەو دەمدا)ش، بەواتای، (لەو کاتەدا) هاتووە، بۆ وێنە، دەوترێ:

– جەو دەمدا، کە تۆ هاتی، ئەویش هات!

**جەور (ن)**: جەور لە (جبر)ی عارەبییەوە، هاتووە و بەواتای (ستەم کردن) و (زوڵم کردن) و (ستەم و زوڵم)، هاتووە!

بۆ وێنە، دەوترێ:

– فلانە کەس، زۆر جەور کێشە!

– جووتیارەکان، لە ژێر زوڵم و جەوری بەگدا، دەلەرزان!

**جەهاندار (ئاوەڵناو)**: بەواتای، بەتوانا، دێت و زۆرتر سیفەتی خوایە و بەشاش دەوترێ. بۆ وێنە، بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– خوا، خۆی جەهاندارە و هەر خۆی دەزانێ چی بکات!

**جیرە (ن)**: بە(بەش) دەوترێ، بەتایبەتی؛ بەشی نانی خۆراک و خواردەمەنی و مووچە و بەرات، ئەم جیرەیەش، بەخۆڕاییە، لە یەکێکی دەوڵەمەند و گەورەوە بۆ یەکێکی کەمدەس و هەژار.

بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەو، ڕۆژانە، جیرە خۆراکی خۆی، لە ماڵی سان –ەوە، وەردەگرێ!

**جێگیران (ن)**: ناوی ناوچەیەکە، لە گەرمەسێری کوردستانی ئێراندا، بەناوی (سەرقەڵا و جێگیران) ناودەبرێ و خۆی بەخشێکە (ناحیە) و سەر بەناوچەی (سەرپێڵ)ە و کەوتووەتە، سەر مەرزی عێراق و ئێرانەوە.

**جووق جووق**: بەواتای، دەستە دەستە و گرو گرو و تیپ تیپ هاتووە و بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە:

ئەحمەد بەگی کۆماسی دەڵێ:

گــــولآن ئیــــد ئەژنین نە تۆی پەردەی خـــــار
جووق جووق و تیپ تیپ، چون تیپی خوونکار

**جۆشەن**: لە (جۆش)ەوەیە و بەواتای (قوڵ)، (تین) هاتووە، هەروەها بەواتای، بەیەک و لەگەڵ یەکدا، جۆش کردن، یان لەحیم کردن -یش، دێ و جگە لەمەش، بەواتای (هەرەت) دێ.

بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– بۆ دووری ئەو دڵم، جۆش ئەدات!

– ئەو لە جۆشی جوانی دایە!

– ئەو دوو پارچە ئاسنەی بەیەکدا، جۆش داوە!

بەم بۆنەیەوە، کۆماسی دەڵێ:

(ئیســـەهای نەی جـۆش، ئەوەڵ جـۆشـــەدا
نەی تافی تـوغـیـــان، فـــام و هۆشـــەدا)

**چار (ن . ئاوەڵناو)**: چار، بەواتای؛ ناوەڕۆک، ناوەڕاست، ناوچاوان، ناوچاوان سـپی، دیاریی، بەخت، عیلاج، هاتووە!

بۆ وێنە، دەوترێ:

– ئەو نەخۆشییە، چاری نییە!

– مارەکە، خۆی خستە چارەی شەخەڵەکەوە.

– ئەو چارەی ڕەشە و کەس خۆشی ناوێ!

– مانگاکەی، چارە، دیارییە!

لە وشەی (چار) و (چارە)وە، (چارەسەر) و (ناچار) دروست کراون و ئەمانەیش، بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەو چارەسەری دەردەکەی خۆی کردووە!

– بەناچاری، کارەکەی قبووڵ کرد!

بەم بۆنەیەوە، مەحوی دەڵێ:

(بەنووری بادە کـەشـفی زوڵـمـەتی تەقـوا نەکـەم چی بکەم
بەشەمعێکی وەها، چاری شەوێکی وا، نەکەم چی بکەم!)



**چارەکە (ن)**: چارەکە، ئەو پارچەیە، کە دەگیرێتە کۆڵ و کوردیی ناوچەکانی سنجاویی و ماهیدەشت، بەچارەکە، (ماشتە)، دەڵێن.

شایانی باسە، چارەکە تایبەتییە، بەپۆشاکی ئافرەتەوە!

زوربەی کات، چارەکەی ئافرەت، بریتییە، لە (مشکی)، یان (هەوری = سرکەیی).

**چارەوا (ن)**: بە(ئەسپ و ماین) چارەوا، دەوترێ:

بۆ وێنە دەوترێ:

– فلآنە کەس چارەوای باشی هەیە!

**چاشت (ن)**: (چاشت)، بەواتای (چێشت) هاتووە و جگە لەوەش، لە ناوچەکانی کوردستانی ئێراندا، (چاشت) بەو خواردنە سووکە دەوترێ، کەوا لە نێوان، بەیانی و نیوەڕۆ - (چاشتینگا) -دا.

بۆ وێنە، دەوترێ:

– پێش ئەوەی نیوەڕۆ بێتە پێشەوە، با چاشتێ بخۆین.

هەر لەم وشەیەوە، (چاشتەوەر)یش، دروست بووە، کە بەواتای، (چەشتە) هاتووە، تاوەکو، (چەشت) ببێ و ئەوجا، بەو بۆنەیەوە، داوێکی بۆ دابنرێ! یاخود، یەکێ، فێر بەماڵێ دەبێ و هەموو ڕۆژێ، لە هەمان کاتدا، بۆ ئەو ماڵە دەچێ، چونکە (چاشتەوەر)، یان، چەشت، بووە!

ڕاوچی، چەشتە، یان چاشتەوەر، بۆ دڕندە، دادەکات، تاوەکو، ئەو دڕندەیە، چەشت دەکات و ئەوجا، بەهۆیەوە، بەتەڵەوە، دەبێ!

**چاک (ئاوەڵناو. ن)**: چاک، بەواتای؛ (خاس)، دڕاو، گۆشەی خوارەوەی کەوا (کراس)، داوێن، هاتووە و بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– کەواکەی چاک پانە.

– ئەو پیاوێکی چاکە.

– چاکی کەواکەی چاکچاکە!

– کەلوپەلە وردەکەی خستووەتە، چاکەکەیەوە!

**چاگە (ئاوەڵکار)**: (چاگە)، بەواتای (لەوێ) هاتووە، بۆ وێنە، بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو

ڕستەوە و دەوترێ:

– چاگە، لە ماڵی ئێوە، ئەوم بەرچاو کەوت!

واتە: لەوێ، لە ماڵی ئێوە، ئەوم بەرچاو کەوت!

**چاڵاوە (ن)**: ناوی ئێلاخێکە لە ناوچەی ڕوانسەردا، چاڵاوەی گەشن، جێگایەکە، کەوتووەتە، ناوچەی ڕوانسەرەوە و حاڵی حازریش، بە(ملەی گەشن) ناودەبرێ!

(چاڵاوەی سورخاو)یش، تەماشای (کانی سورخاو) بکەرەوە.

**چەپکردار (ئاوەڵناو)**: بەکاری پێچەوانە، بەکاری ناڵەبار، دەوترێ، چەپ و ئەوەش، کە کاری وەهای پێچەوانە و نەویستراو دەکات، (چەپکردار)ی پێ دەوترێ!

(چەپکردار) بەواتای (چەپگەرد)یش هاتووە!

بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ڕۆزگاری چەپکردار و چەپگەرد، ئارامشی پێ نەبەخشین!

**چەرخ (ن)**: چەرخ، بەواتای، پێچکەی خڕ، بەدەوران و زەمان و بەمەکینەی جل دوورین و دمەزەرد، یان تیژکردنەوە، یان دەمەتەقێ، هاتووە.

بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– چەرخەیەکی ئەو دووچەرخەیە، هەوای تێدا نییە!

– ئەو بەچەرخ، جل دەدوورێ.

– چەرخ، باشی بۆ هێناوەتە بەرەوە!

– تیخەکەی، بەچەرخ تیژ کردەوە!

– ئەو دەمی داوە، لە چەرخ!

وشەی، (چەرخیا) و (چەرخیای)، لێوە دروست بووە، کە بەواتای، (وەرگەڕا) و (وەرگەڕایت) هاتووە.

**چەشتم (ڕەگی کار)**: واتە، چێژام، بەشێوەیەکی ڕوونتر، (چەشتم) ڕستەیەکە و پێکهاتووە لە (چەشت + م)، واتە، تامم کرد، خواردم، یان، لێم خوارد.

**چەشمە (ن)**: چەشمە، بەواتای، (چاوگە) و (کانی) و (سەرچاوە) هاتووە و بە(کانی) (کەوسەر)یش، (چەشمەی کەوسەر) دەوترێ.



**چەشن (ن)**: چەشن، بەواتای (جۆر، وەک، شێوە) هاتووە.

(چەشنی)یش هەیە، کە بەواتای (تەرەقە) و (جۆرە جێژەیەکی ترش) بۆ ناو چێشت، دێ، بۆ وێنە، دەوترێ:

– جاشینی (چەشنیی) چێشتەکەت، بەئاوی قۆرە، بدە!

**چەکاچاک**: بەواتای، تێبەربوونە لەیەکتریی و لە یەکتری دان، لە گەرمەی جەنگ (شەڕ)دا، هاتووە.

**چەم (ن . ئاوەڵناو)**: چەم، بەواتای، (دۆڵ) و بەواتای (چاو) و بەواتای (چەماوە) و بەواتای ڕووبار، هاتووە.

بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– چەمەکە، لافاوی کردووە و سوور بووە!

– چەمی، ئەو دیو، لەوەڕی زۆرترە.

– یەکێ، لە چەمانی، سەوزە!

– ئەو لە خەجاڵەتیدا، چەمیاوەتەوە!

بەم بۆنەیەوە (جیهانئارا خانم) دەڵێ:

(چەمە سابدیە، وە زەردیی چەم دا
شەماڵ، نەمامان، مەدۆ، بەهەم دا).

هەروەها، میرزا ئۆلقادری پاوە دەڵێ:

(سا وەبانی چەم، بۆ تەشریف باوەر،
سەیری (چەم)ی چەم، شەتاوی من کەر،

هەروەها دەڵێ:

ئارۆ، زەلالەن، هەوای چەم سەردەن
چنارانی چەم، وەهەم، چەم وەردەن)

هەر لەم وشەیەوە، (چەمەریی) و (چەمەرانە) هاتووە و هی یەکەمیان، جۆرە شیوەنێکە و جۆرە بەزمێکی شمشاڵییە، یان زوڕنا و دهۆڵییە، کە بۆ مردوو، پیاوێکی گەورە، سەرەک هۆزێ، ساز دەکرێ و (چەمەرانە)ش، تەڵمیتەکەیەتی، کە لە (تەڵمیت)دا، باسمان، لێوە کرد!

**چەمەمیران (ن)**: دێیەکە، لە دێیەکانی جوانڕۆ.

چەمەنئارا (ن. ئاوەڵناو):

ناوێکی لێکدراوە، بەواتای (ڕێکوپێککەر و ڕازاوەکەر) دێ!

وەک، سەید تایری هاشمی دەڵێ:

تازە نیهاڵێ، چەمەنئارای فەرد
سوب، نە کاخی وێش، چون خۆر تلووع کەرد!

**چەن (ن)**: بەواتای، (دەرزی)، (چەند)، (لەگەڵ) هاتووە و بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– هەموو گیانم، وەک چەن ئاژەن کرابێ وەهایە و ئازارم زۆرە.

– ئەو (چەن) ڕۆژە، نەتدیوە!

وشەی (چەنی) و (چەن)یش، بەواتای (لەگەڵ، لەتەک) هاتووە.

بۆ وێنە، دەوترێ:

– ئەو چەنی تۆ هاتووە. (ئەو، چەن، تۆ، هاتووە!)

واتە: ئەو لەتەک (لەگەڵ) تۆ هاتووە!

**چەواشە (ئاوەڵناو)**: چەواشە، بەواتای؛ (تێکچوو، ئەمدیو و ئەودیوکراو، شێویاو، هەڵوگەڕاو) دێ و بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– بۆ کراسەکەی گۆرەویەکانی، ژوورەکەی چەواشە کردووە.

– کەواکەی، بەچەواشە، لەبەر کردووە!

**چوارده مەعسووم (ن)**: بریتییە، لە (دوانزە ئیمام و حەزرەتی محەممەد و حەزرەتی فاتیمەی کچی).

**چوار زەوەر (ن)**: ناوی دێیەکە و ملەیەکە، کەوتووەتە، سەر ڕێگەی (کرماشان و شاه ئاباد)ی ئەمرۆ!

**چگا (ن)**: ناوی چیایەکە، یاخود بەجێگای بەرز دەوترێ!

**چمان (ئامراز)**: چمان، بەواتای، (وەک شتێ، هەروەک، لەوانەیە، لەوە دەکات، دەتەوێ) هاتووە.



بەم بۆنەیەوە، میرزا ئۆلقادری پاوەیی دەڵێ:

(قیبلەم چەم کەردەن،...
چەمت، چمان مەیل، سەیری چەم کەردەن!

**چێر (ئاوەڵکردار)**: چێر، بەواتای (ژێر) هاتووە، بۆ وێنە، بە(ژێرپیاڵە)، (چێرپیاڵە) دەوترێ.

(چیر)یش هەیە، کە ئەوەیە، ددانی بەدەرەوەیە و لەبەر لێوکورتی، بە(چیر) ناودەبرێ.

(چیرە)ش، بەواتای (ڕەنگ و ڕوخسار و دەموچاو) هاتووە، بۆ وێنە، دەوترێ:

– ئەو ددانی لێم چیر کردووەتەوە.

– لە کاتی خەوتندا، چیرەی دانی، دێ!

– ئەو لە چیرە، وەرگەڕاوە و چێرەی جارانی پێ نەماوە!

– ئەو بەسەریدا چیرە بوو (واتە: بەسەریدا، زاڵ بوو).

**چێگە (ئاوەڵکار)**: بەواتەی (لێرە) هاتووە!

**چین (ن)**: چین، بەدیوار (ڕیزێ دیوار) دەوترێ، هەروەها وەڵاتی (سین)یش، (چین) دەوترێ و بەزوڵفی لوولیش، (چین چین) دەوترێ.

**حاجەت (ن)**: حاجەت، بەکەلوپەلی ناوماڵ دەوترێ و هەروەها، بەواتای (مەبەست و پێویستی و نیاز) هاتووە.

(حاجات)یش، کۆی (حاجەت)ە.

**حازرباش (ئاوەڵناو)، (ئاوەڵکردار)**: بەواتای، ئامادەبوون، دێ.

**حاشا (ئاوەڵکردار)**: بەواتای (نەفرەت لێ بوون، وازهێنان، دوورلێگرتن) هاتووە.

**حاڵ (ئاوەڵکردار)**: (چۆنیەتی)، (چلۆنی)، (جۆری هەڵسوکەوت، جۆری ژیان، دەردەخات)، لەم وشەیەوە کە عارەبییە، (حالزان) و (حالنەزان) دروست بوون.

بەم بۆنەیەوە، جیهانئارام دەڵێ:

(ئەرێ حاڵنەزان، دوور جە وەفا و مەیل
ئەرێ، شەڕفرۆش، هوونی قەتلی لەیل)

**حەبس (ن)**: بەواتای (زیندان) هاتووە، بەڵام (حەبسی) بەواتای (زیندانی) هاتووە، شایانی باسە، کوردی عێراق، بەزیندان (حەبسخانە) دەڵێن.

**(حبیب الله خان) (ن)**: ناوی سەرۆک هۆزی باوەجانییە.

**حەد (ن)**: بەواتای مەرز، یان سنوور دێ، هەروەها، بەواتای تەمێیەکی شەرعی و ئاینی، (وەک حوکم)یە، لە ناو کوردیی ئێراندا، بەواتای (قەدر) و (پلە)ش، بەکار دەهێنرێ.

بەهەرحاڵ، بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەو لەسەر (حەد) گیری خواردووە و نایەڵن بێتە ناوەوە!

– لەبەر خراپە، داری حەدی لێ درا!

– ئەو لە حەدی ئەودا نەبوو، بۆیە، نەیتوانی بیبینێ!

**حەربە (ن)**: بەکەلوپەلی جەنگ (نەیزە، شمشێر، گورز، خەنجەر) دەوترێ.

**حەریر (ن)**: (حەریر)، بەئاوریشم دەوترێ و بنەڕەتەکەشی (حریر)ی عارەبییە و هەروەها دێیەکیش هەیە بەناوی (حەریر)ەوەیە و کەوتووەتە سەر ڕێی (ئیسلام ئاباد) و (سەرپێل)ەوە.

**(حسب الامر)**: (بەپێی دەستوور و فەرمان).

**حەشەم (ئاوەڵناو)**: بەواتای، (سەروەت، دارایی، قەرەباڵغی) هاتووە. هەروەها، بەواتای خزمان و نۆکەران و کەسوکار و مەڕوماڵات، هاتووە!

**حەمایل (ن)**: جۆرە جانتایەکە، بەچەپ و ڕاستدا، دەکرێتە (مل) و بەشمشێرێکیش دەوترێ، کە بەچەپ و ڕاستدا، بکرێتە (مل)، هەروەها، جۆرە نیشانێکی ئاوریشمینە کە (شاه) بەنیشانەی ڕێز لێ گرتن، بەیەکێکی لە خۆشەویستانی، دەدات.

**حەلنما (ئاوەڵناو)**: (چارەسەر، لێکدەر، ئاسانکەر). لێکدراوە، لە عارەبی (حل) و پاشبەندێک (–نما) سیفەتێکی خوایە و بۆیە، بەم جۆرە بەکار دێ و دەوترێ:

– خوای گەورە، حەلنمای، گیروگرفتە!

**حەواڵە (ن)**: لە (حوالە)ی عارەبییەوەیە و بەواتای، (پارەی نێردراو) بەهۆی پۆستەوە، یان، بەهۆی (یەکێکەوە) یاخود بەهۆی (ڕووبەڕوو کردنەوە) یاخود بەهۆی (دەست بەدەستی) کردنەوە.



**حەوسەڵە (ئاوەڵناو)**: بەواتای، (سەبر، پشوودان، تاقەت، لەسەرخۆیی) هاتووە!

بۆ وێنە، دەوترێ:

– ئەو، حەوسەڵەی دەرس وتنەوەی منداڵانی نییە!

**حەیات (ن)**: لە (حیات = حیاة)ی عارەبییەوەیە و بەواتای (ژیان) هاتووە و وەک ناوی ئافرەت، گێژ، کەنیشک، بەکار دەهێنرێت.

**حەیران (ن)**: ناوی گۆرانییەکی ناو کوردەوارییە و لە لایەکی دیکەشەوە، بەواتای (عاشق) دێ و وەک ناوی ئافرەتیش، بەکار دێ.

لەم ڕووەوە، شێخ ڕەزای تاڵەبانی دەڵێ:

(قوربانی روخت بم کە شکستی بەقەمەر دا
حەیرانی لەبت بم، کە ڕەواجی بەشەکەر دا!)

**حەیف (ئامراز)**: بەواتای (ئەفسووس، بەداخەوە، داخەکەم) هاتووە!

بۆ وێنە، دەوترێ:

– حەیف، ئەو کیژە باشە، بەو نامەردە، دراوە!

**حب الوطن**: بەواتای (خۆشەویستی نیشتمان) بەکارهاتووە.

**حورمەت (ن)**: بەواتای (قەدر، ڕێز، پایە، پلە) هاتووە.

بۆ وێنە، دەوترێ:

– ئەو حورمەتێکی ئێجگار زۆری هەیە، لە ناو خەڵکدا!

**حسین ئاوا (ن)**: ناوی دێیەکە، لە نزیک شاری سنە، لە کوردستانی ئێراندا.

**حیشمەت (ن . ئاوەڵناو)**: وەک ناوی پیاو بەکار دەهێنرێ و هەروەها، بەواتای، (گەورەیی، ویقار، سەروسیما) هاتووە.

**حیلە (ن)**: بەواتای ناوی دەنگی (ئەسپ) دێ و جگە لەوەش، بەواتای (گز، گزنی، فێڵ و فەڕە) هاتووە.

**خاپوور (ئاوەڵناو)**: بەواتای، وێران، کاول، ڕووخاو، هاتووە.

بۆ وێنە، دەوترێ:

– بەزۆر دێیەکەیان، خاپوور، کرد!

**خار (ن)**: بەواتای، دڕکوداڵ، خارشت، دێ. هەروەها، بەواتای، (شەقار شەقار) هاتووە!

**خاس و عام (ن . ئاوەڵناو)**: ئەمیش عارەبییەکەیە – (خاص و عام) و (خاس) بەواتای (چاک) و تایبەتی و چاک، هاتووە. (عام)یش، بەواتای ئاسایی و تێکەڵ و هەمەچیزە هاتووە. لێرەدا، مەبەستی (لە گەورە و بچووکە) بەتێکڕایی!

**خامۆش (ئاوەڵناو)**: بەواتەی (نووستوو، کوژراو، بێدەنگ، کپ) دێ.

**خان (ن . ئاوەڵناو)**: بەو جێگایە دەوترێ، کە بەشەودا، کاروانی تیایدا، ماوەتەوە، کە (کاروانسەرا)یشی پێ وتراوە و جگە لەوەش، وەک (لەقەبێ)، بەهەندێ سەرۆک هۆزانی کورد وتراوە و حاڵی حازریش، بۆ لەقەبی ئافرەتی گەورە و بەڕێز، بەکار دەهێنرێت.

(خانەدان)یش، بەهۆی وشەی (خان)ەوە دروست کراوە و بەواتای زادەی خانان، هاتووە.

(خانەوادە)ش، هەر لەم وشەیە وەرگیراوە و بە(واتایێ) هاتووە، کە خاوەنی، خێزانێکی بەڕێز و گەورەیە و لە ئەشرافانە و خاوەنی دیواخانە!

**خانەشوور (ن)**: ناوی دێیەکە، لە دێهاتەکانی (سەلاس و باوەجانی).

**خانەقا (ن)**: خانەقا (خانەگا)، دێیەکە، لە دێیەکانی پاوە، کەوتووەتە بناری شاخی ئاتەشگا، لای ژووری و کەوتووەتە، سەر دوواوانی پاوەرۆ و چەمی دووریسان و شمشێر.

**خاو (ئاوەڵناو)**: خاو، بەواتای (گێل و شل و شێویا و بێ تام و ناگرژ و نەگەییو و خەو و بەلایەکدا، خوارۆ بوو، نە ڕێساو، خۆشنەکراو،....) هاتووە.

بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەو زۆر خاوە، ئاگای لە دنیا نییە!

– لەبەر خاویی خۆی، چی تێ ناگا!

– قژەکانی خاون و نەرمن!

– ئەو خواردنە، هێشتا خاوە و نەکوڵاوە!

– ئەو چووە، بەخاوی حەوت شەوە و حەوت ڕۆژەدا.

– خاوی فەرشەکە بەولایەدا، کەوتووە.



هەر لەم وشەی (خاو)ە، (خاوەخاو) و (خاوێر) دروست بوون و بەم جۆرە دەخرێتە ناو ڕستەوە:

– فلانە کەس، لە کارکردندا، زۆر خاوێرە!

– ئەو لە کارەکەیدا، خاوەخاو دەکات!

**خەتا (ن)**: خەتا، ناوی وڵاتێکە، لە ناوچەی تورکستانی شورەوییەوە و ئەگەر لە (خطأ)ی عارەبیشەوە، وەرگیرا بێ، ئەوە، بەواتای (هەڵە) و (گوناە) هاتووە.

**خەتات (ئاوەڵناو)**: لە (خطاط)ی عارەبییەوەیە و بەواتای (خۆشنووس) دێ.

**خەرراج (ئاوەڵناو)**: لە عارەبییەوە (خراج) وەرگیراوە و بەو یەکە دەوترێ، کە لە ماڵی خۆی زۆر خەرج بکات.

**خەراجیان (ن)**: ناوی دێیەکە، لە دێیەکانی ڕوانسەر، هەروەها دێیەکیشە، لە نزیک شاری سلێمانییەوە، کە کەوتووەتە، سەر ڕێگای سلێمانی و عەربەت.

**خەزان (ن . ئاوەڵناو)**: بەو دەمەی پاییز دەوترێ، کە گەڵای داران زەرد دەبێ و دەوەرێ و لە لایەکی دیکەشەوە، بەکاری گەڵاڕێزان، خەزان دەوترێ. وەختی وەها، درەختێ بەبۆنەی تینوویەتییەوە، بەرەو وشکی دەڕوا و گەڵایەکانی زەرد دەبن و دەوەرن و خەزان دەکات.

خەزان، وەک ناوی ئافرەت، بەکار دێ.

بەم بۆنەیەوە، جیهانئارا خانم دەڵێ:

(گۆشە گۆش بدەر، وە دەردی خەزان
جە سەختی خەزان، مەبەر حاڵنەزان!)

**خەستە (ئاوەڵناو . ن)**: خەستە، بەواتای (ماندوو، شەکەت، نەخۆش) دێ، هەروەها وەک ناویش بەکارهاتووە و شاعرێکی ناوچەی خانەگا، بەناوی (خەستە)وەیە.

(خەستەگی)ش، کە بەواتای (ماندوویەتی) هاتووە، هەر لەوەوە، دروست بووە.

خەسرەوئاوا (ن):

گەڕەکێکی ناو شاری سنەیە و کاتی خۆی دێیەک بووە، لە نزیکیەوە.

**خەسڵەت (ن)**: ئەم وشەیە، لە (خصلة)ی عارەبییەوە، وەرگیراوە و لە کوردییدا، بەواتای (خوو و ڕەوشت) بەکار دەهێنرێ!

**خەسیس (ئاوەڵناو)**: ئەمیش لە (الخسیس)ی عارەبییەوە، وەرگیراوە، بەواتای (ڕژد، مشت قووچاو، ڕەزیل) دێ.

**خەفیە (ئاوەڵناو)**: بەواتای (زوانگیر، خەوەرچین) هاتووە و زۆرتر، بەیەکێ، دەوترێ، کە بەشێوەی پەنهانی و نەزانراو، کاری جاسووسی بکات، یان، لە بارەی یەکێکەوە، شت بزانێ!

**خەفیف (ن. ئاوەڵناو)**: ناوی تفەنگی شکارە (فلّچە) و هەروەهاش بەیەکێ دەوترێ، کە (سووک و خوار) بێ و بە(بچکۆلەش) دەوترێ.

**خەفەخان (ن. ئاوەڵناو)**: جۆرە هاتنەوەیەکی گەروو و قوڕگە، کە ئەو نەخۆشە، بەزۆر و بەهەناسەبڕکێ، هەناسە، هەڵدەکێشێ و زۆرتریش، بەهۆی (ملەخڕەوە) دەبێ.

**خەلاس (ن. ئاوەڵناو)**: لە (خلاص)ی عارەبییەوەیە و بەواتای (ڕزگار) بەکار دێ و هەر لەم وشەیەش، (خەلاس بوون) بەواتای (ڕزگار بوون) بەکار دێ.

**خەلعەت (ن)**: بەواتای (خەڵات) هاتووە و بەو شتە دەوترێ، کە گەورەپیاوێ، بەیەکێ لە خۆشەویستانی (دیاریی = خەڵات) دەبەخشێ!

**خەمیدە (ئاوەڵناو)**: خەمیدە، بەواتای (چەماو) هاتووە.

**خەوانین (ن)**: ناوی کۆیە بۆ (خان).

**خەیام (ن)**: خەیام، کۆی خەیمەیە و ناوی شاعیرێکی گەورەی ئێرانیشە و بەو کەسیشە دەوترێ، کە چادر دوورە.

**خەیلێ (ئاوەڵناو)**: بەواتای، زۆر، فراوان، هاتووە.

**خۆ (ن)**: (خۆ) و (خوو) یەک واتایان هەیە و ئەویش (ڕەویە و ڕەوشت و هەڵسوکەوتە).

هەروەک، ئامرازی (هۆ) بەکار دێ و دەوترێ:

– خۆ من هاتم، کەچی تۆ لەوێ نەبووی!

**خوار (ئاوەڵکار. ئاوەڵناو. ن)**: بەواتای (لار، ناڕێک، زەلیل و سووک، دژی ژوور) هاتووە، بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەو زۆر لە خوارەوە دانیشتووە.



– ئەو بەخواریی دەڕوا، بەڕێوە.

– ئەو لە مامەڵەدا، خوارە!

**خۆرشید (ن)**: بەواتای (خۆر) هاتووە، وەک ناویش، بۆ (ژن و پیاو) بەکار دەهێنرێ.

**خرۆش (ئاوەڵناو)**: بەواتای (بەکوڵ، بەئارەزوو) هاتووە.

**خورەم (ئاوەڵناو)**: بەواتای، چیمەن و سەوزاییی، خۆش ئاو و هەوا، هاتووە. هەروەها، بەواتای (شاد، خۆشی) هاتووە.

**خونخوار (ئاوەڵناو. ن)**: بەواتای خوێنمژ، هاتووە.

**خول (ئاوەڵکردار، ئاوەڵناو)**: خول، بەواتای (سووڕان، دەورەدان، گێل و نەزان) هاتووە، بەڵام (خۆڵ)، بەواتای، (خاک) هاتووە.

**خولاسە (خلاصە)**: عارەبییە و بەواتای (خەستە، پوختە، بنەڕەت، کورتە، جەوهەر) هاتووە!

**خۆشخۆ (ئاوەڵناو)**: (خۆشخۆ) و (خۆشخوو) هەردووکیان، یەک واتایان هەیە و بەواتای (خۆشڕەفتار و خۆشکردار) هاتووە!

**خۆف (ن)**: لە (خوف)ی عارەبییەوەیە و بەواتای (ترس و بیم) هاتووە.

**خوێش (ن)**: بەواتای (قەوم و خزم و نزیک) هاتووە و هەندێ جاریش بەشێوەی (خوێشان) کۆی دەکەنەوە!

**خیتامە (ختام)**: لە (ختام)ی عارەبییەوەیە و بەواتای کۆتاییی پێ هێنان هاتووە.

**خیتە (خطە)**: بەواتای تیکەیەک لە زەوی دیاریکراو هاتووە، یاخود بەناحیەیەکیش دەوترێ!

**خێڵ (ن)**: خێڵ، بەواتای کۆمەڵێ هەوارگەچی، ئەوانەی کە کۆچەرن و گەرمیان و کوێستان دەکەن!

لەوانەیە، چەند هۆزێ، خێڵێ دروست بکەن.

وشەی (خێل)یش، بەواتای، چاوخوار، چاولار (خوێل) هاتووە. وەلی دێوانە، بەم بۆنەیەوە، دەڵێ:

هەی دەلیلەی ڕەم هەردەی هەڵەت گـــیڵ
هەی ســــەرداری پۆل، تەتارانی خـــیڵ!
ڕاز ڕێـــزەی نـــەوات، ڕەنـــدی ڕەویـــلان
ناز وە نـزاکـــــەت، نازداری خـــیـــلان!

**دادستان (ن)**: دادستان، بەواتای (داوەر، قازیی، حاکم) دێ. زیاتر، بەوە دەوترێ، کە داد بسێنێ و نەیەڵێ، یەکێ مافی بخورێ.

**دارا (ن . ئاوەڵناو)**: دارا، ناوێکی شاییبیەکی ئێرانە و، وەک ناویش، لە ناو کوردەوارییدا، بەکار دێ و بە(بوودە)ش دەوترێ!

هەروەها، بەواتای (پارچە) قوماشێ، دێ.

لەم وشەیەوە، (دارایی) دروست بووە، کە بەواتای (سەروەت و سامان) دێ.

**دارۆ**: دارۆ، بـەواتـای (هـەیـەتـی) هـاتـووە. هـەروەهـاش، بـەواتـای (ئـاو دەدات) دێ. (دارِوو)ش، بەواتای (دەرمان) هاتووە.

**دار المظلم**: بەواتای جێگای زوڵم و زۆر (زوڵم خانە) بەکاری هێناوە!

**دارۆمەرد (ن)**: ناوی شەخسێکە، کە خەڵکی ئەو ناوچانە، دەچنە زیارەتی.

**دارودن (ن)**: بەداری (قەزوان) دەوترێ.

**داریان (ن)**: ناوی دێیەکە، لە هەورامانی لهۆنی ئێراندا و کەوتووەتە بەرامبەر نۆتشەوە.

**داری زەنگەنە (ن)**: ناوی دێیـەکـە، کـەوتـووەتـە، ناوچەی سـەرپێڵ -ەوە، نزیـک بەمـەرزی عراق.

**داڵەهۆ (ن)**: ناوی شاخێکە، کەوتووەتە، ناوچەی باوەجانی و گۆران و گەرمەسێری ناوچەی سەرپێڵ و زەهاوەوە.

**دام (ن)**: بەواتای (تەڵە، داو) هاتووە، هەروەها، بەواتای (پێم دا)ش هاتووە! (دام و دانە)ش، بەواتای (تەڵەنانەوە و چەشەرێژان) دێ.

**دامان (ن . ئاوەڵکار)**: دامان، بەواتای، (داوێن و بنار و داماو و پێمان دا) هاتووە.

بۆ وێنە، دەوترێ:



– پارەکەمان دامانێ و هیچ حەقێکیان، بەسەرمانەوە نەماوە!

– لە دامانی شاهۆدا، خێڵیان هەڵداوە!

– لە دامانەکەیدا، وەها دەردەکەوێ، کە خەجاڵەت گرتوویەتی!

– دامانی کراسەکەی زۆر درێژە، بەزەویدا، دەکێشرێ!

هەندێ جاریش لەبریی (دامان)، (دامەن) بەکار دەهێنرێ.

**داماو (ئاوەڵناو . ن)**: بەواتای، (پەککەوتوو، کەمدەس، هەژار، مات، لێقەوماو) هاتووە.

بۆ وێنە، دەوترێ:

– ئەو داماوی، دەستی ڕۆژگارە.

**داوا (ن)**: بەواتـای، (داخـوازیی و بەواتای جـەنـگ) هاتووە. بەم جـۆرە، دەخـرێتـە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەو داوای، ئەو کیژەی کرد و نەیاندایێ!

– ئەو لە داوای گەورەدا، بەشداریی کردووە.

– داوای ئەو ئەوەیە، کە یاریدەی بدەی و دەست بدەیتە دەستی!

**داواشی (ن)**: بەواتای (کوێخا، گزیر، نوێنەر، وەکیل)ی ئاغای (دێ) هاتووە.

**داود (ن)**: ناوی پێـغـەمەرە، بەڵام ئەم مـەبەسـتی ناوهێنانی، یەکێ لە سـەرەک هۆزانی کەڵهوڕە، کە پێی دەوترا، (داودخانی کەڵهوڕ).

**دەبدەبە (ن)**: بوزورگی و گـەورەیی و شکۆمـەندیی، ئاوازی دەهۆڵ و نەقـارە. ناوبانگیی، بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە:

– بەدەبدەبەیدا، وەها، دەردەکەوێ، کە خاوەن دیواخانە، کەچی وەها نییە!

**دەبیـر (ن . ئاوەڵناو)**: وشـەیەکی کـۆنی ئاڤێـسـتـاییـیـە و بەواتای (نووسـەر، وتارنووس) هاتووە. حاڵی حازر، بە(مامۆستای دەبیرستان) دەبیر، دەوترێ.

**دەخڵ (ن)**: لە (دخل)ی عـارەبییەوە، وەرگیراوە و بەواتای (دەسـتکەوتی ساڵانە)ی پووڵ، هاتووە.

(دەخڵ و دان)یش، بەبەرهەمی ساڵانەی (گەنم و جۆ و برنج و دانەوێڵە) دەوترێ.

**دەخیل (ئاوەڵکار)**: بەواتای (پاڕانەوە، ئامان خواستن) هاتووە.

**دەرج (ن . ئاوەڵناو)**: بەواتای، (نووسین، تۆمارکردن) هاتووە.

**دەردەدار (ئاوەڵناو)**: بەواتای (نەخۆش، خەستە) هاتووە.

(دەردی دەردان) و (دەردی کاریی)یش، بەهۆی وشەی (دەرد)ەوە دروست بوون و هەردووکیان، یەک واتایان هەیە، کە بەواتای، خراپترین نەخۆشی، یان نەخۆشیی چارەنەکراو، یان نەخۆشیی گران، هاتووە.

**دەروەدەر (ئاوەڵکار)**: بەواتای (وێڵ و سەرگەردان) هاتووە، بۆ وێنە، دەوترێ:

فلانە کەس، قەرز و قۆڵە، دەربەدەری، کرد!

**دەروەند (ن)**: بەواتای (دەربەند) هاتووە و بەتەنگیبەرێ نێوان، دوو ئەشکەوت دەوترێ.

**دەروەن دەهۆڵ (ن)**: ناوی دۆڵ و چەمێکە، کە ئەوسا، سەر بەناوچەی قەسری شیرین بوو، بەڵام حاڵێ حازر، سەر بەناوچەی جوانڕۆیە و هەوارگەی هۆزی (قووایی)یە.

**دەرەی کێ (ن)**: ناوی دێیەکی ناوچەی هەورامانی تەختە، کەوتووەتە نێوان، ڕێگای هەورامانی تەخت و دزڵییەوە.

**دەروێش مەحموود (ن)**: خەڵکی کۆماسییە و لە قەسری قەجەردا، بەند کراوە!

**دەسبەردار (ئاوەڵکار)**: بە(وازهێنان، دەست لێ هەڵگرتن) دەوترێ و بۆ وێنە دەوترێ:

– ئەو دەسبەرداری دەستگیرانەکەی بوو!

**دەستگا (ن)**: بەو جێگایە و کەلوپەلە دەوترێ، کە کاری پیشەسازیی، لێ دەکرێ، بەڵام بۆ مەبەستی دیکەش، بەکار دێ و بەهەرحاڵ، لەم ڕستانەدا، بەڕۆشنی، واتا، جۆربەجۆرەکانی دەردەکەون.

– دام و دەزگای ئاسنگەر، زۆر قورس و قەبەیە.
– فلانە کەس، دەستگایی خانووی کڕیوە!
– دامودەزگای ناوماڵەکەی، لە هی، شاه دەکات!

**دەست و مشت (ئاوەڵناو . ن)**: دەست ڕاست، نیشانەشکێن، بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەو لە نیشانە شکاندندا، خاوەنی دەست و مشتە.



**دەستە (ن)**: بەواتای، (گرو) و (فەوج) و (تیپ) و (تاقم) هاتووە. بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەوان، بەدەستە دەستەوە، دابەش، بوون.

**دەستوور (ن)**: بەواتای (فەرمان) و بەواتای، (ڕێڕەو) هاتووە. بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– بەپێی دەستووری شاه، دەبێ، بەدەستووری ناوچەکە، بجووڵێینەوە!

**دەسفەنگ (ئاوەڵکار)**: خۆ ئامادەکردنە بەتفەنگەوە، ئامادەبوونێکی تایبەتی سەربازە، کە بەخۆی و تفەنگیەوە، ئامادەی جێبەجێ کردنی، فەرمانە، بۆ تفەنگ تەقاندن.

**دەشتی گوڵاڵە (ن)**: دەشتێکە دەکەوێتە سەر ڕێگای جوانڕۆ، بەرەو باوەجانی لە نێوانی (سەراوبەس) و (بەردی زەنجیر)دا.

**دەشتی گەڕ (ن)**: دەشتی گەڕ، یان هەوارگەی پشت گەڕ، کەوتووەتە داوێنی، کێوی شاهۆوە، جێگای هاوینانی ئاغا عینایەت بووە.

**دەشتی گەواوڕ (ن)**: ناوی دەشتێکی پان و بەربڵاوە، کەوتووەتە سەر ڕێگای (ئیسلام ئاباد) و بەرەو (ئیلام)، حاڵێ حازر سەر بەناوچەی (گیلانی غەرب)ە.

**دەشتی هەسێران (ن)**: ناوی هەوارگەیەکە، لە نێوان ملەپاڵنگانە و شوانکارەدا.

**دەڵاک (ن)**: بەواتای (سەرتاش)، بەواتای(خەتەنەکەر) و بەواتای (کیسەکێشی حەمام) – یش دێ.

**دەلایل (ن)**: کۆی (دەلیل)ە و ئەمیش بەم واتایانە دێ: (ڕاهنما، بەڵەد، هۆ، کتێبی دۆعا). بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– بەبێ دەلیل، ڕێگاکە، ون دەکەم!
– بەبێ دەلیل، کارەکەت، بۆ ڕاست نابێتەوە!
– لە ناو کتێبی دەلایلدا، دۆعای زۆر هەن!

**دەم (ن)**: دەم، بەواتای (کات، وەخت، چەرخ) دێ، هەروەها، بەواتای (زار)یش دێ و بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– بەدەم ئەوەوە، ئەو هەواڵە بڵاو کراوەتەوە!

– له دەمی ئەودا، ئەو جۆرە کارانە دەکرا!

جگە لەمـــانەی ســـەرەوە، (دەم) بەواتای (لێ نان) و (پێگەیشتن) دێ و بۆ وێنە دەوترێ:

– دا، چایێ دەم بکە!

– دا، بزانە چێشتەکە، دەمی هێناوە!

هەر لە (دەم)ەوە، وشـــەی (دەمـــدەم) و (دەمـــدەمی)یش دروست بوون و بەواتای (حولحولی) دێن و بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەو دەمدەمییە؛ دەمێ باشە و دەمێ خراپ!

**دەو (ئاوەڵکردار)**: دەو، بەواتای (هەڕاکردن) هاتووە. بۆ وێنە، دەوترێ:

– ئەو بەدەو بەدوای تۆپەکەدا، ڕۆیشت.

(دەوانی دەو)، ئاوەڵکردارێکی تاکیدییە.

**دەودان (ن)**: ناوی دێیەکە، کەوتووەتە سەر سیروان، لە نزیک مەرزی عیراق و ئێران و جێگای لە دایکبوونی سولتان ئیسحاق-ەو (هەروەک وەها دەوترێ) و حاڵی حازر (پەردیوەری)یشی پێ دەوترێ.

**دەور (ن . ئاوەڵکردار)**: بەواتای (چەرخدان) و بەواتای زەمان و ڕۆژ، هاتووە، بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– لە دەوری شایەتیدا، ڕۆژنامەی کوردستان لە تاراندا، دەردەچوو.

– ئەمڕۆ، دەوریەتی و چی دەکات، ئەیکات.

– ساڵ، دەوری دایەوە و ئێمە، هەر خۆزگەم بەپارە!

(دەوران)یش، کۆی (دەور)ە.

**دەوڵەتئاوا (ن)**: دێیەکە، کەوتووەتە، ناوچەی ڕوانسەرەوە، جێگای لە دایکبوون و گەورەبوونی مامۆستا سەید تایری هاشمی -یە.

**دەهەن (ن)**: بەواتای (دەم) و بەواتای (دەسندە) دێ و بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەو دەهەنی زۆر گەورەیە.



– ئەو کابرایەکی سەخی تەبع و دەهەندارە.

**دەهەنپڕ (ن)**: ناوی جۆرە تفەنگێکە، کە بەدەست ساچمە و باڕووتی تێ ئەکەن و تەرەقەی، بۆ دائەنێین و لای خۆمان، پێی دەوترێ، (دەمپڕ).

**دەهەندە (ئاوەڵناو)**: (دەهندە) بەواتای (بەخشندە) هاتووە و سیفەتێکی خوای گەورەیە.

**دەیجوور (ن . ئاوەڵناو)**: بەشەوی زۆر تاریک و نووتەک دەوترێ.

**دەیر (ن)**: دەیر، بەواتای (کەنیسە) هاتووە، هەروەها، بەواتای تاقی گەورە، کە بەبۆنەوە، دەکرێ!

**دروود (ن)**: بەواتای دۆعای خەیر، سەڵەوات، دێ.

بۆ وێنە، دەوترێ:

– پێغەمەر، دروودی خوای لەسەر بێ!

**دروشت (ئاوەڵناو)**: بەواتای، دژی ورد، یاخود زبر، گەورە، ناقۆڵا دێ. بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەوان بەورد و دروشتەوە، بۆ حەج چوون!

**دڕیا (ک)**: دڕیا، بەواتای (دڕا) هاتووە و بەم جۆرە، بەکار دێ و دەوترێ:

– پارەی چاپەکە دڕیاوە!

– (دڕیان)یش، بەواتای (دڕاوە) هاتووە.

**دڕیاگ (ئاوەڵناو)**: ئەمە بەواتای (دڕاو) دێ و بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەو بەرگەکەی دڕیاگە!

**دزڵی (ن)**: پایتەختی هەورامانی (دزڵی و شامیان)ە و مەرکەزی حکوومەتی مەحموود خانی دزڵییە!

**دشە (ن)**: ناوی دێیەکە، کە کەوتووەتە، سەر ڕووباری (پاوەڕۆ و گاوەڕۆ)ە و کەوتووەتە، خوارووی دێی گلاڵەوە، سەر بەناوچەی پاوەیە!

**دڵخواز (ن . ئاوەڵناو)**: (دڵخواز) و (دڵیخا) هەردووکیان، یەک واتا، دەبەخشن. لە ناو کوردەوارییدا، زۆرتر بۆ ناوی کیژ و بۆ دڵدار، بەکار دێ!

**دلیجان (ن. ئاوەڵناو)**: ناوچەیەکە، لەسەر ڕێگەی (تاران و ئەسفەهان) و ناوبانگی بەکاڵەکی باشەوە، دەرکردووە.

بەواتای (گالیسکە)ی دوای ئەسپ، هاتووە.

**دلێ (ئاوەڵناو)**: (دلێ)، بەواتای (ناو) هاتووە و بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

- ئەو چووە، بۆ دلێ باخی!

واتە: ئەو چووە، بۆ ناو باخ!

(دلێشان)، واتە، لە (ناویان).

**دما (ئاوەڵکردار)**: دما، بەواتای، لە پاش دەدات و بەم جۆرە، بەکار دێ و دەوترێ:

- ئەو دما کەوتووە!
- ئەو دوا کەوتووە!
- ئەوان، وان، لە دماوە!
- ئەوان، وان، لە دواوە!

**دووچار (ئاوەڵکردار)**: بەواتای (گرفتار، گیرۆدە) هاتووە.

بۆ وێنە، دەوترێ:

- ئەو دووچاری، نارەحەتییەک بووە!

**دوڕئەفشان (ن)**: بەواتای، دوڕباران، مرواری باران، دێ.

- نوکی قەڵەمی دوڕئەفشانی ئەکات!
- سەرپاکی قسەکانی، دوڕئەفشانن!

**دووریسان (ن)**: دێیەکە، کەوتووەتە ڕۆژهەڵاتی پاوەوەیە دوو کیلۆمەترێ، سەر بەناوچەی پاوەیە.

**دووقاڵ (ئاوەڵناو)**: جۆرە تەڵایەکی گرانبەها و بەنرخە و مادەی تەڵاکەی خاستر و زۆرترە.

**دوون (ئاوەڵناو. ن)**: بەواتای (پەست و بێ قەدر و قیمەت و بێ بایەخ) هاتووە و هەر لەمەوە، (دوونپەروەر)یش دروست کراوە، کە بەواتای (نامەردپەروەر) هاتووە.

**دیار (ن)، (ئاوەڵناو)**: بەواتای (ناوچە)، بەواتای (دەرکەوتوو) هاتووە.



هەر لەمەیشەوە، وشەی (دیاریی) دروست بووە، کە بەواتای (سەوقات و هدیە) هاتووە، هەروەها بەواتای بە(ناوبانگ و ناسراو و دەرکەوتوویش) دێ.

**دیدە (ن)، (ئاوەڵناو)**: بەواتای دەموچاو چاو هاتووە و هەروەهاش، بەواتای (بینراو = دیتراو) دێ.

**دیش (ک)**: دیش، بەواتای چاوی پێ کەوتووە و وشەی (دیشا)ش، بەواتای چاویان پێی کەوت، هاتووە.

**دیققەت (ئاوەڵکار)**: بەواتای وردبوونەوە، هاتووە.

**دیم (ک)**: بەواتای، چاوم پێی کەوت، بەرچاوم کەوت، هاتووە.

**دیواخان (ن)**: ئەو جێگایەیە، یا، ئەو ژوورەیە، کە لە ماڵە گەورەیەکدا، خەڵکی تیادا، کۆ دەبێتەوە و میوانخانەشی پێ دەوترێ!

**دیوان (ن)**: بەواتای کتێبی کۆکردنەوەی شیعرە و هەروەهاش، بەواتای دەستگای میر و حاکم و قازی و حکوومەت، دێ.

**دیواندەرە (ن)**: ناوچەیەکە، کە کەوتووەتە، سەر ڕێگای سنە و سەقزەوە و شاری دیواندەرەش، پەخشی ئەوێیە!

**دێوسفید (ن)**: ناوی دێوێکە کە لە شاهنامەی فردەوسیدا، هاتووە!

**ڕا (ن)**: بەواتای (ڕێگا) هاتووە. هەر لەم وشەیەوە، (ڕێگا)ش هاتووە، کە بەهەمان، واتا هاتووە.

(ڕاگە)ش، بەواتای (ڕاڕەو)، یان (ڕێڕەو) هاتووە.

**ڕاخێز (ئاوەڵناو)**: بەو کەسە، دەوترێ، کە توانای ڕێگا بڕینی زۆر دووری هەیە و (پادار)یشی پێ دەوترێ.

**ڕاز (ن)**: بەواتای حیکایەت و قسەی نهێنی و سەرگوزەشتە، هاتووە.

بۆ وێنە، دەوترێ:

- ئەو ڕاز و نیازی، وا بەلای ئەوەوە!

**ڕازاوە (ئاوەڵناو)**: واتە، ڕێکوپێک، پێ کەوتوو، خۆش پێ کەوتوو. بەم جۆرە، دەخرێتە،

ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەو هەمیشە بەڕازاوەیی، دەچێتە دەرەوە.

**ڕازنا (ک)**: واتە، ڕازاندیەوە.

**ڕاهنما (ن)، (ئاوەڵناو)**: بەواتای، دەلیل هاتووە.

(ڕاهنمایی)ش، لەوەوە وەرگیراوە و بەواتای (ڕێگا پیشاندان) دێ.

**ڕاهی (ئاوەڵکردار)**: (ڕێ بەرگر، ئەوەی کەڕێ دەگرێتە بەر).

**ڕەئیس (ن)**: بەواتای سەرۆک هۆز و سەرۆک قەوم دێ، هەروەها، ناوی دێیەکی ناوچەی وەڵەدبەگییە، لە کوردستانی ئێراندا.

**ڕەزم (ن)**: بەواتای (جەنگ، شەڕ، داوا) هاتووە!

**ڕەشتەن (ک)**: بەواتای (ڕەشتووە، ڕەژتووە) هاتووە. بۆ وێنە دەوترێ: ئادە، چەمیش ڕەشتەن!

واتە: ئەو چاوی ڕەژتووە!

**ڕەشۆکی (ن)**: ناوی جۆرە تفەنگێکی کۆنی قەدیمییە و جگە لەوەش، بەشتی سووک و بێ بایەخ، دەوترێ.

**ڕەمەق (ئاوەڵناو. ن)**: بەواتای (گیان) و برسیەتی و لاواز و لەڕ و چەق، تەوانا و هێز دێ.

بۆ وێنە، دەوترێ:

– فلانە کەس ڕەمەقی تیا نەماوە!

**ڕەنگ ئامێزی (ن)**: واتە، بۆیەکردن، یان، ڕەنگ ڕشتن.

بۆ وێنە، دەوترێ:

– بەهار ڕەنگ ئامێزی دەرودەشتی کرد!

**ڕەواج دەهەندە**: بەواتای، کەسێ دێ، کە پەرە بەکارێ دەدات، یان نرخی بەرز دەکاتەوە، یان، ڕێزی زۆری، لێ دەنێ!

**ڕەوزەی بەهەشت (ن)**: بەواتای باغی بەهەشت دێ و بەمەش مەبەست لە جوانی و ڕازاوەیی و دڵگیرییە!



**ڕەویەی بەندەگی**: هەڵسوکەوتی، بچووکی، ڕەویە و ڕەوشتی بچووکی و بەندەگی.

**ڕۆ (ن)**: بەواتای (ڕۆژ) دێ.

(ڕۆ ڕۆ)ش، هەر لەوەوە وەرگیراوە و بەواتای (زاریی و شین و گرین) هاتووە.

**ڕۆح ئەفزا**: بەواتای (گیان زیادکەر)، بەواتای باخ و باخانی ڕازاوە دێ، کە گیان دەگەشێنێتەوە!

**ڕوحولقدوس (ن)**: لەقەبی جوبرەئیلە (فریشتەی خوا).

**ڕوخسار (ن)**: چیرە و چێرە و سوورەت و دەموچاو وێنە هاتووە!

**ڕۆستەم (ن)**: ناوی پاڵەوانی ئێرانییە، کە لە شاهنامەی فردەوسیدا، هاتووە.

**ڕووان (ن)**: ناوی دێیەکی ناوچەی جوانڕۆیە، جێگای تایفەی زەردۆیانە.

**ڕشتە (ن)**: ڕشتە، بەواتای (ڕیزە) شاخ هاتووە، هەروەها، بەواتای (عەقا = عەگال)ی عارەب دێ و بەو جۆرە ماکرۆنییەکی زۆر وردیش دەوترێ و لە گۆشەی خوێندنیشەوە، بەواتای (فرع = فەرع) هاتووە.

بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– شاخی شاهۆ، بریتییە لە ڕشتە شاخێک.

– عارەب، چەتفەکەی سەری بەهۆی ڕشتەکەیەوە دەوەستێ!

– چێشتەکە، ڕشتەکەی کەمە.

– ڕشتەی ئەو فیزیاییە.

هەروەها، بەواتای ڕێڕەو و هەڵسوکەوتیش دێ و بۆ وێنە دەوترێ:

– تۆ ڕشتەی بنەچەکەی خۆت، ون (گوم) مەکە.

**ڕیازەت (ن)**: وشەیەکە، لە لایەن سۆفیان و عارفانەوە، بەکار دەهێنرێ و ئەمەش، بەواتای جۆرە قەدەغەکردنێکی خواردنە.

بەشێوەیەکی ڕۆشنتر، ئەوەیە، کە زۆر سەخت لە خۆ بگیرێ و لە ئیسراحەت و خواردن و خۆشیی و پۆشاکی باش پۆشین دوور دەکەونەوە، بەو مەبەستەی لە خوا نزیک ببنەوە!

**ڕیقەت (ئاوەڵناو)**: لە عارەبییەوە، وەرگیراوە. بەواتای، ناسکی و دڵنەرمی هاتووە.

(ڕیققەتئاوەر)، جۆرە ژیانێکە کە بەزەیی بەرپا دەکات.

بۆ وێنە، دەوترێ:

– ئەو ژیانێکی ڕیققەت ئاوەری هەیە.

**زاریی (ن)**: بەواتای، گریان و شیوەن هاتووە.

بەم بۆنەیەوە جیهانئارا خانم یەژێ:

مــن دایم پــەی تــۆ هــەر هــام نــە زاریــی
تۆ شـەوان، پەی وێت، وە عـەیش مـەویاریی

**زام (ن)**: زام، بەواتای (زەخم، برین) دێ.

(زامدار)یش، بەواتای (زەخمدار، بریندار) دێ. بەڵام (زامی کاریی) بەواتای (برینی سەخت)، یان (زەخمی سەخت) دێ.

**زایف (ئاوەڵناو)**: بەواتای (لاواز و ناتەوانا) هاتووە و لە وشــەی (ضـــعـــیف)ی عارەبییەوەیە. بەم بۆنەیەوە، جیهانئارا خانم دەڵێ:

(من وێم مــەزانم جــە بێ دەنگیـــتـــان
جــە زایفی وەڵک، جــە بێ ڕەنگیــتــان)

**زانا (ر. ک)**: زانا، بەواتای (عـالم، دێ و بەیەکێ دەوترێ، کـە زۆر تێ بگات، لە لایەکی دیکەوە، بەواتای (دەزانن) دێ.

وشەی (زانا) بەم جۆرە، کاری لێوە دروست دەبن.

ئاد مزانۆ = ئەو دەزانێ.

ئادێ مزانا = ئەوان دەزانن.

تۆ مزانی = تۆ دەزانی.

من مزانوو = من دەزانم.

**زانوو (ن)**: زانوو بەواتای (ئەژنۆ)ش دێ.

**زەبوور (ن)**: ناوی کتێبی (داود) پێغەمەرە.

**زەخیرە (ن)**:

ئەو کەلوپەلەی، کە دەخرێتە هەمارەوە و هەڵدەگیرێ، بەتایبەتی کەلوپەلێ کە بۆ خواردن



و خۆراکی زستان هەڵبگیرێ!

**زەدوخــورد (ئاوەڵکار)**: بەو کـردەوە، دەوترێ، کـە دوو کـەسی شـەڕکـردوو (لە کـاتی بەگـژ یەکتریدا چوون) لە یەکتریی دەدەن.

**زەدە (ئاوەڵناو)**: بەواتای (لێدراو) هاتووە، یاخود شتێ، کە تەواو نەبێ، یان، کەموکوڕی تیادا بێ، یان درزێکی، لەحیمێکی پێوە بێ. پێی دەوترێ، زەدەیە.

**زەڕ (ن)**: بەواتای (پارە)، (پووڵ)، (ئاڵتوون، تەڵا) هاتووە.

**زەردۆیی (ن)**: ناوی تایفەیەکی جافی سەر بەعەشایری جوانڕۆن.

**زەردە (ن)**: زەردە، بەواتای (بزە)، (زەردەخـەنە) دێ و هەروەها، بەزەردی هەتاو لە کـاتی ئاوابوونیـا، (زەردە) دەوترێ، هەروەها، ناوی دێیـەکـە، کـەوتووەتە ڕۆژئاوای کـێـوی (داڵەهۆ)وە.

**زەرع (ن)**: زەرع، بەواتای (کشتوکاڵ) و بەواتای (گەز) دێ.

**زەڕنە (ن)**: هەوارگەیەکە (تەماشای بان زەڕنە، بکەرەوە).

**زەرەر (ن)**: زەرەر، لە (ضرر)ی عارەبییەوەیە و بەواتای (زیان، خەسارە) هاتووە.

**زەڕین (ئاوەڵناو)**: بەشتێ دەوترێ، کە لە تلا، زێڕ، دروست کرابێ.

(زەڕین کـولاهان)یش، لەقـەبێکە، بۆ شـاهانی ئێـرانی، ئەوانەی، کـە کـڵاویان لە زێڕ، تەڵا، ئاڵتوون، دروست کراوە.

**زەعفەران (ن)**: (زافەران)یشی پێ دەوترێ و ئەمیش ناوی گیایەکە، کە نرخی زۆر گرانە و دەکرێ، بەسـەر برنجـدا و ڕەنگێکی زەردی مـەیلە و سووری هەیە و خـاوەنی بۆنێکی زۆر خۆشە و بۆیە دەکرێ، بەسەر پلاودا، بۆ ئەوەی خۆشبۆ و خۆشڕەنگی بکات!

لە ناوچەی خراساندا، باشترین جۆری دەست دەکەوێ.

**زەفەر (ن)**: زەفەر، ناوە بۆ پیاو و لە عارەبییەوە، وەرگیراوە و لە کوردیی ئێراندا، بەواتای (سەرکەوتن و پیرۆزیی) دێ.

**زەڵاڵ (ئاوەڵناو. ن)**: بەئاوی ڕۆشن و بێ خـەوش دەوترێ. هەروەهاش، بەدەنگی بەرزیش، دەوترێ دەنگی (زەڵاڵ).

**زەلیل (ن . ئاوەڵناو)**: بەکەسێ دەوترێ، کە خارودااماو بێ و هەروەها بەکوێریش دەوترێ.

**زەمان (ن)**: بەواتای دەور، ڕۆژ، ڕۆژگار، کات، دەم، هاتووە.

**زەمزەمە (ن)**: بەواتای، (گۆرانی وتن و سروود خوێندن و دۆعاکردن) بەشێوەیەکی ئارام و لەسەرخۆ، بەجۆرێ، کە لە لایەن نزیکانەوە، بیستراو نەبێ. هەروەها، بەواتای، خاوەن (دەزگا و دیواخان)یش دێ.

**زەنگ (ن)**: بەواتای (درز، جەرەس، زەنگ) هاتووە.

**زەوار (ن)**: بەواتای (کاروان)، (تەوافچی) هاتووە، بەتایبەتی بەدەستەیەک لەوانە دەوترێ، کە پێکەوە دەکەونە ڕێ و بەرەو (تەواف) دەچن.

**زەواڵ (ن)**: وشەکە لە عارەبییەوەیە، بەواتای، (لەناوچوو، لەبەین چوو) دێ.

**زەوق (ن)**: بەواتای کەیف و خۆشیی و ڕابواردن، دێ.

**زەین (ن)**: زەین، بەواتای (بیر و هۆش و زیرەکیی) هاتووە. (زەیندار) و (زەینکوێر)یش، هەر لەم وشەیەوە، دروست کراوە.

**زەهاو (ن)**: ناوچەیەکە، لە گەرمەسێری کوردستانی ئێراندا، بەخشێکە سەر بەشاری سەرپێڵ -ە و سەر بەئوستانی کرماشان -ە.

**زوخ (ن)**: چڵک و خوێنی (زام و برین و زەخم)، یاخود (کێم)یشی پێ دەوترێ.

بەم بۆنەیەوە، جیهانئارا دەڵێ:

(تاکەی، بنوشو، زۆخی زامی جەرگ
تاکەی، بواچو، ئەی خوا، سامەرگ!)

وشەی (زووخاو)یش، بەهۆی ئەمەوە، دروست بووە!

**زوخاڵ (ن)، (ئاوەڵناو)**: بە(خەڵووز) دەوترێ.

**زێ (ن)**: بەواتای (ڕووبار) و بەواتای (زەهێ) - ئەندامی مایینەی مەڕومالاَت، دێ ناوی دێیەکە و هەروەها، هەوارگەی هۆزی ئیناخییە.

**زیان (ن)**: بەواتای (زەرەر) هاتووە.

**زێد (ن)**: جێگا، ماوا، وڵات، نیشتمانی دایکزاد.



بەم بۆنەیەوە، مەلای ڕەنجووریی دەڵێ:

(خاڵخاسانی زێد، بن کووره و زەهاو
نازدارانی مولک، ئەی ئاو تا ئەو ئاو!)

**زیندان (ن)**: بەواتای (سجن، بەندیخانە، حەبسخانە) هاتووە!

**زیندە (ن . ر)**: زیندە، بەواتای (زیندوو) هاتووە.

(زیندەگانی)یش، هەر بەهۆی ئەمەوە دروست بووە و بەواتای (گوزەران، ژیان) هاتووە.

**زینەت (ن . ئاوەڵناو)**: بۆ ناوی ئافرەت، بەکار دەهێنرێت و، بەواتای ڕازاندنەوەش، دێ.

**زرانی (ن)**: زرانی، بەواتای (زانوو، زەنگۆڵ، ئەژنۆ) بەکار دێ.

**زشت (ئاوەڵناو)**: بەواتای دژی (جوان، زەریف) دێ. یاخود، بەواتای (ناشیرین، زەڕەتاڵ) دێ.

**زگار (ئاوەڵکار)**: بەواتای (کز و کەنەفت) هاتووە.

**زلان (ن)**: ناوی دێیەکە، لە دێهاتەکانی باوەجانی سەر بەشاری قەڵای جوانڕۆیە، لە لایەکی دیکەشەوە، بەواتای (ڕەشەبا)ش دێ.

میرزا ئۆلقادر بەم بۆنەیەوە دەڵێ:

(ئارۆ زلانەن، هەوای چەم سەردەن
چنارانی چەم، وە هەم، چەم، وەردەن)

**زمکان (ن)**: ناوی چەمێکە، لە شاخەکانی گۆران دەست پێ دەکات و لە ناوچەی (باوەجانی) لەگەڵ ئاوی ئەو ناوچەیەدا، پێکەوە دەڕژێنە ئاوی سیروانەوە!

**ژاکیاو (ئاوەڵناو)**: ژاکیاو، بەواتای، (ژاکاو و سیس و چرچ) دەوترێ.

**ژنیان (ک)**: بەواتای (ژنراو)، (داخراو)، (شەڵەقێنراو) دێ.

**ژەرەژ (ن)**: ژەرەژ، بە(کەو) دەوترێ.

**سات (ن)**: بەواتای (دەقیقە)، یان ماوەیەکی، زۆر کەم هاتووە و هەندێ جاریش، وەک (ساتێ) بەکار دێ.

**ساتیاریی (ن)**: ناوی دێیەکە، لە ناوچەی جوانڕۆ.

**سارا (ن . ئاوەڵناو)**: بەواتای، تەختـایی و دەرودەشت دێ، هەروەها، وەک (ناو)یش، بۆ ئافرەت، بەکار دەهێنرێ.

**سارم (ئاوەڵناو)**: لەقەبێکە، لە (صارم)ی عارەبییەوەیە.

**سازنا (ر. ک)**: سازنا، بەواتای (سازی دا، ڕێکی خست) دێ.

**سام (ن)**: ناوی باوای ڕۆستمە، کە لە شاهنامەدا، هاتووە، بەواتای (هەیبەت)یش دێ.

**سان (ن)**: سان، لەقەبێکی، سەرۆک هۆزانی هەورامانە و ئەم لەقەبەش، هەروەک، وەها دەردەکەوێ، لە مێژووی هەورامان، لە سەرەتای ئیسلامدا، ئەو لەقەبە هەبووە. هەروەها، بەواتای، پیشاندانی لەشکر، بەرامبەری فەرماندە و شاهەوە، دێ. جگە لەوەش، بەواتای (ڕێک و بێ زیاد و کەم و وەک ئەو) دێ.

**سانان (ر. ک)**: بەواتای (سەندوویەتی)، یان (وەریگرتووە) یان (کڕیویەتی) دێ! وشەی (سانۆ)ش، بەواتای (دەسێنێ، وەریدەگرێ، دەیکڕێ) دێ.

**ساناو (ن)**: ناوی کەژێکە لە ناوچەی جوانڕۆدایە و کەوتووەتە پشتی ملەپاڵنگانەوە و هەوارگەی خەڵکی دێی (چەمەمیران)ە.

**ساوام (ر. ک)**: ساوام، بەواتای (سویم، هێنام، دامنا) دێ. وشەی (ساوا)یش، بەواتای (منداڵ، بچووک، تازەپێگەیشتوو) دێ.

**سایە (ن)**: سایە، بەواتای (پەنا)، (سێبەر)، (لە پاڵ)، (لە پشت) دێ. هەروەها، بەواتای، پایە و مەقامیش، دێ.

**سەحەریی (ن)**: بەواتای (پارشێو)، (بەزمی ساز و دەهۆڵ و شمشاڵ و زوڕنا) دێ.

**سەراوگەڕ (ن)**: ناوی سەراوێکە، لە ناوچەی جوانڕۆدا و هەوارگەبەزی، ئاغا عینایەت بووە!

**سەرئێڵ (ن)**: کورتەی (سەرۆک ئێڵ)ە و بەواتای سەرۆکی هۆزەکانی عێل: ئەو هۆزانەی کە خزمی یەکترین و پێکەوە، گەرمیان و کوێستان دەکەن، دێ.

**سەراوبەس (ن)**: ناوی سەراوێکە، لە ناوچەی باوەجانی لە نزیکی دێی (زلان)ەوە.

**سەرتەوق (ن)**: بەواتای، (سەرباشتە، هۆی هەرە گرینگ، هۆی سەرەکیی) دێ.

**سەردار (ن . ئاوەڵناو)**: بەواتای گەورە، سەرۆک، میر، دێ.



**سەردار ئەکرەم (ن . ئاوەڵناو)**: لەقەبێکە، کە لە لایەن سالارە دەوڵەتەوە، دراوە بەیەکێ لە سەرۆکی وەڵەدبەگیان.

**سەردار ڕەشید (ن . ئاوەڵناو)**: لەقەبی عەبباسقلی خانی ئەردەڵانییە.

**سەرقەڵا (ن)**: ناوچەیەکە، لە گەرمەسێری کوردستانی ئێراندا، سەر بەناوچەی سەرپێڵە.

**سەرکەشیی (ئاوەڵکردار)**: سەرکەشیی، بەواتای (سەرلێدان و دیدەنی کردنی یەکتریی) یان بەواتای، (یاخیبوون و دانە کەژ) دێ.

**سەرگەردان (ئاوەڵناو)**: بەواتای، وێڵ، سەرلێشێویاو، ئاوارە، هاتووە.

**سەرسام (ئاوەڵناو)**: بەواتای (داماو، سەرسوڕماو، واق وڕماو) هاتووە.

**سەرمیل (ن)**: ناوی دێیەکە، کەوتووەتە، سەر ڕێگای ئیسلام ئاباد و قەسری شیرین.

**سەروەت (ن)**: بەواتای ماڵ و دارایی و پووڵ و موڵک دێ و وەک (ناو)یش، بۆ پیاو بەکار دەهێنرێت.

**سەردوودمان (ن)**: بەواتای (پێکهێنەری بنەماڵە) دێ.

بۆ وێنە، وەک: ئەردەشێری پاپکان، کە سەردوودمانی ساسانیەکان بوو!

**سەرۆ (ن)**: ناوی دوو دێیە و یەکێکیان هی خوارووە و ئەوی دیکەیان هی ژوورووە و کەوتوونەتە سەر ڕێگای روانسەر و قەڵای جوانڕۆوە و سەرۆی خواروو، جێگای دانیشتنی ئاغا عینایەت بووە!

**سەرهەنگ (ن . ئاوەڵناو)**: ئەفسەرێکی ئارتەشی گەورەیە.

**سەرهەنگ سەقەفی (ن)**: ناوی سەرهەنگێکی ئارتەشی بووە کە بەرپرسی دەستگیرکردنی سەرۆک هۆزەکانی کورد بووە، لە سەردەمی شاهەنشاهی ڕەزا شاهدا!

**سەریاس (ن)**: ناوی زنجیرەیەکە، لە شاهۆ جوێ دەبێتەوە و دێیەکیش، کە کەوتووەتە، سەر ڕێگای روانسەر پاوەوە، لە نزیک شمشێرەوە، بەناوی سەریاسەوەیە و زوربەی وەختیش، ئاوارەکانی کوردی عێراق، ئا لەوێدا، چادریان، بۆ هەڵدەدرا! ملەیەکەیش، کە دێی سەریاسی بەسەرەوە، پێی دەوترێ، ملەی سەریاس (یاڵی سەریاس).

**سەفیاوا (ن)**: ناوی دێیەکە، لە ناوچەی جوانڕۆ، لەسەر ڕێگای روانسەر و جوانڕۆیە و

نزیکەی دە کیلۆمەترێ، دەکەوێتە خۆرهەڵاتی جوانڕۆوە.

**سەڵم و توور (ن)**: ناوی کوڕەکانی فەرەیدوونن، کە لە ئاڤێستادا، ناویان هاتووە.

**سەما (ن)**: بەواتای، هەڵپەڕکێ، سووڕدان، ئاسمان، هاتووە.

**سەنگەڵاخ (ن . ئاوەڵناو)**: سەنگەڵاخ، بەواتای بەردەڵان، شاخاوی، هاتووە.

(سەنگین)یش، لە وشەی سەنگەوە دروست بووە و بەواتای (قورس و گران) دێ.

**سەنگی خارا (ن)**: بەبەردی زۆر سەخت دەوترێ و (سەنگپا = بەردی ڕەشی پێ رنین هی پێ شوشتن)شی لێ دروست دەکرێ.

**سەیاح (ن . ئاوەڵناو)**: (گەڕۆک)، (دنیاگەڕ).

**سەیقەل (ئاوەڵناو)**: بەواتای (ساف، لووس) دێ.

**سۆ (ئاوەڵناو، ئاوەڵکار)**: سۆ، بەواتای ڕۆشنایی چاو، دێ، هەروەها، بەواتای، تازەبوونەوە، ئێش و ژان، کونی دەرزی، دێ. جگە لەوەش، بەواتای (سۆما) دێ.

**سوپەهبود (ن . ئاوەڵناو)**: لەقەبێکی (پلەیەکی) ئارتەشییە، بەسەرۆکی سوپاه ئەدرێ و دەشبێ پێی بوترێ فەرماندەی سوپا (ئەمیرولجەیش).

**سۆت (ر. ک)**: سۆت، بەواتای (سووتا، سۆچیا) هاتووە، (سووچنای)یش، بەواتای (سووتان) هاتووە.

**سوحبەت (ن)**: بەواتای، گفتوگۆکردن و قسەکردن دێ، هەروەها، بەواتای (گاڵتە و شۆخی)ش دێ!

**سوخەن (ن)**: بەواتای (قسە و وتوویژ و گفتوگۆ) دێ.

(سوخەنفام) بەو کەسە دەوترێ، کە بفامێ، یان بزانێ چۆن قسە بکات، یان بەیەکێ دەوترێ، کە قسە باش تێ بگات و زوو تێ بگات!

**سۆز (ئاوەڵناو)**: سۆز، بەواتای (ئارەزوو خرۆش و حەز) دێت و جگە لەوەش، بەواتای (تاسە) دێت.

هەر لەمیشەوە، وشەی (دڵسۆز) دروست بووە!

**سووزان (ن)**: ناوی نەخۆشییەکە، کە تووشی ئەندامی (نێریی) و هی (مێیی) ئافرەت و



پیاو دێ. هەروەها، (سفلیشی) پێ دەوترێ.

**سووک (ئاوەڵناو)**: بەشتێکی کەم سەنگ، یاخود یەکێکی سووک و خوار و بێ تەوانا و بێ قابلیەت، (سووک) دەوترێ، وشەی (سۆڵ)یش، بەواتای سوێر هاتووە، بەڵام، لەگەڵ وشەی (سووک)دا یەکدەگرن و (سووک و سۆڵ) دروست دەکەن و ئەو کاتە، هەردووکیان، هەریەک واتایان هەیە، کە بەهەردووکیانەوە، سەنگەکە، ئاسانییەکە، سووکییەکە، کەمتر دەکەنەوە!

**سوڵتان ئاباد (ن)**: ناوی شارێکی کۆنی ئێرانە، کە حاڵی حازر، (ایراک = ئێراک) لە جێگەی ئەودا، دروست کراوە.

**ستەمگەر (ئاوەڵناو . ن)**: بە(زوڵمکەر) دەوترێ، بەڵام (ستەمدیدە)، بە(زوڵم لێکراو) دەوترێ.

**سروشت (ن)**: بەواتای، (سروش، خوو، تەبیعەت، خەسڵەت) هاتووە.

**سرەفتە (ئاوەڵناو)**: سرەفتە، بەواتای (سرەوتە)، دێ و هەردووکیان، بەواتای (نەمانی ئێش، ئارامش) دێن!

**سفیدی (ن)**: بەواتای، (چەرمایی، سپیایی، سپێنە) هاتووە.

**سنجاویی (ن)**: ناوی هۆزێکی جافە ناوی ناوچەکەشیانە و کەوتووەتە ناوچەی ئیسلام ئابادەوە.

**سیاچادران**: سیاچادر، بەواتای (ڕەش دەوار) دێ و (سیاچادران)یش، کۆی (سیاچادر)ە و بە(سیاچادر و سیاچادران)یش، (سیاماڵ و سیاماڵان) دەوترێ.

بەم بۆنەیەوە، میرزا ئەحمەدی داواشی یەژێ:

گۆشەی سیاماڵ، هۆرداو دیاوە
چون، مانگ، نە گۆشەی هەوری سیاوە!

**سیانزەی عید (ن)**: لە ئاگری نەورۆزەوە، لە ناو کوردستانی ئێراندا، وەها باوە، کە سیانزە ڕۆژ بژمێرن و ڕۆژی سیانزەی خەڵک، بەخێزانەوە، نانی بەیانی و نیوەڕۆ و ئێوارە، لە دەرەوە دەخۆن و بەشایی و هەڵپەڕکێ ئەو ڕۆژە، بەسەر دەبەن.

**سێ خڕان (ن)**: ناوی ناوچەیەکی شاخاوییە، کە دەکەوێتە، شاخەکانی هەورامانەوە، پشتی

کەپنە و بێدرواز، لە هەورامانی لهۆندا.

**سینەساف (ئاوەڵناو)**: سینەساف، بەیەکێ دەوترێ، کە دڵپاک بێ و هیچ نەباتە دڵی خۆیەوە و ڕقی لە کەس نەیێ، یان دڵی ژەنگ هەڵنەگرێ.
(سینە) بەواتای (سینگ) دێت.

**شاخ (ن)**: بەواتای، (کێو، کاو، کێف، هەرد، هار، گارە) دێ و جگە لەوەش، بەواتای، شاخی حەیوان (مەڕ، گا، بزن، گامێش، کەڵەکێوی...) دێ.

**شاردەی (چاووگ)**: شاردەی، بەواتای (شاردنەوە، شاردن) هاتووە.

**شاش (ن)**: بەواتای پەڕۆی تەنکی کونکوناوی و بەواتای ئەسپێی ئارد و گەنم، بیربلاویی، میزوگمێز، ئالۆزاو و خوێل، هاتووە.
بۆ وێنە، دەوترێ:
– منالەکە بەشەواندا، شاش دەکاتە ناو جێگا!
– ددانی ئەو مندالە، شاشن.

**شاق (ن)**: بەکاری نارەحەت و پڕ لە سەخڵەت، دەوترێ.

**شالیاوا (ن)**: ناوی چەند دێیەکە، کە کەوتوونەتە ناوچەی روانسەرەوە، سەر ڕێگای روانسەر و کرماشان و لە زوربەی نووسراوەکانی ئێراندا، بە(شادی ئاباد) ناویان بردووە.

**شامار (ن)**: ناوی دێیەکە، لە دێیەکانی (گۆران) و سەر بەناوچەی (ئیسلام ئاباد).

**شانای (چاووگ)**: شانای چاووگە و بەواتای (شاندن = چاندن) هاتووە و هەر لەم وشەیەوە (شانام = وەشاندم) و (شاناش = وەشاندی) و (شانات = وەشاندت) یاخود، (چاندم) و (چاندی) و (چاندت) دروست بوون.

**شانشین (ن)**: سەکۆیەکە، لەبەر دەرگای ماڵدا – (ماڵە گەوراندا) – دروست کراوە و زۆرتریش، بەپایتەخت دەوترێ.

**شاوە (ن)**: بەشاهۆ دەوترێ.

**شاهین (ن)**: جۆرە باڵندەیەکی شکارییە، کە بەخێو دەکرێ و تەربیەت دەکرێ و بۆ ئەوە شکاری پێ بکرێ و بازیشی پێ دەوترێ و باڵندەیەکی گۆشتخۆرە. وشەی (شاهینان)یش



کۆی (شاهین)ە.

**شاینگان (ن)**: ناوی دێیەکە، کەوتووەتە ناوچەی روانسەرەوە.

**شای دوڵدوڵ سوار (ن . ئاوەڵناو)**: ئەمە بەحەزرەتی عەلی کوڕی ئەبی تالیب دەوترێ و بەئەسپەکەی دەوترێ (دوڵدوڵ).

**شایی (ن)**: بەواتای (پادشاهی) و بەواتای ناوی (سکەیەک) و بەواتای زەماوەند و هەڵپەڕکێ و بەواتای ناوی گیایەکیش دێ.

**شەداد (ن)**: پادشای (یەمەن) بووە و بەهەشتی (ئێرەم)ی دروستی کردووە و حاڵی حازریش ئەم ناوە، بۆ زاڵم (هەر زاڵمێ) بەکار دەهێنرێت.

**شەدەلار (ئاوەڵناو)**: بەچارەکەیەکی مشکی، یان هەوریی دەوترێ کە ئافرەت، بەشێوەیەکی (خوار = لار) دەیکەنە کوڵیان و لەنجەی پێوە دەکەن، یان سەرپێچی گوڵەنگدار بەسەریانەوە، بەشێوەیەکی خوار، دەیبەستن بەجۆرە لەنجەولارێکەوە، هەنگاو بەسەر زەویدا، بەنازەوە دەنێن.
هەروەک شاعیرێ، وەهای وتووە:

شەدەی لارولار لەم ولاتە باوە
گەرمیان و کوێستان، هەر دڵ حەساوە!

**شەرەکان (ن)**: دێیەکە، کەوتووەتە نزیک نۆتشەوە و سەر بەبەخشی نەوسوودە و لە ناوچەی هەورامانی لهۆنی ئێران، ناوبانگیشی بەهەناری باش دەرکردووە.

**شەریفوتدەولە (ن)**: یەکێک بووە، لە حاکمەکانی کوردستان.

**شەس تیر (ن)**: جۆرە چەکێکە، کە شەست دانە فیشەک، بەجارێکدا، دەتەقێنێ!

**شەمسیی (ن)**: ناوی ساڵی هەتاوییە، کە لە ئێراندا، حاڵی حازر، بەکاری دەهێنن!

**شەونما (ن . ئاوەڵناو)**: بەنوێژی شەو دەوترێ و بەو شتانەش دەوترێ، کە بەشەواندا، شەوق، ئەدەنەوە.

**شەودێز (ن)**: ناوی ئەسپەکەی خەسرەو پەروێزە و وێنەکەشی لە (تاقەوسان)ی کرماشان، بەتاقەکەوە، هەڵکەندراوە!

**شەیخولئەزهەر (ن)**: مامۆستای دینی و سەرۆکی دینی زانستگای (ئەزهەر)ی (میسر) بووە.

**شەیدا (ن)**: شەیدا، وەک (ناو)، بۆ (کوڕ) و بۆ (کچ) بەکار دێ و بەواتای (عاشق)یش دێ!

**شەشێر (ن)**: چەکێکی شەڕیی کۆنە و ناوی گوندێکی خۆشە، کە کەوتووەتە، سەر ڕێگای کرماشان، پاوە و نزیکی دە کیلۆمەترێ، کەوتووەتە ڕۆژهەڵاتی پاوەوە.

**شن (ن)**: بەواتای (ڕێخ = لم = قوم) هاتووە.

**شناس (ئاوەڵناو. ن)**: بەواتای (ئاشنا، دۆس، ناسراو) هاتووە.

**شۆخ و شەنگ (ئاوەڵناو)**: بەجوان و ڕێکوپێک دەوترێ.

وشەی (شۆخ)یش بەواتای کەسێکی (قسەخۆش) دێ.

**شۆڕ (ئاوەڵناو)**: (شۆر) بەواتای (سوێر) دێ و (شۆڕ)یش بەواتای (شۆڕۆ) بوو، بەواتای (شۆخ)دێ. جگە لەوەش وشەی (شۆر) بەواتای(عیشق و ئەوین و شەوق و شادیی) دێ.

(شۆڕاو) بەو ئاوە دەوترێ، کە (ئاو)، بەشێوەیەکی چۆڕەچۆڕە، دێتە خوارەوە و دەشوترێ، شۆڕەی دێ، یان چۆڕەی دێ، یان شۆڕاوەی ئاوی دێ!

بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:
– چێشتەکە شۆرە (سوێرە).
– شۆری دڵبەرێ، لەسەرمایە!
– ئەوە، شۆڕەسوارێ، لە دوورەوە، دیارە!
– جلەکانی شۆڕەی ئاویان دێ!

**شووش (ن)**: پارچەی دەست لێ نەدراو، جوان و باریک و ڕێکوپێک، ساف و سۆڵ و نەرم. بۆ وێنە دەوترێ:
– شووشێ تەڵای کڕیوە.
– پەنجەکانی دەستی وەک شووشی بلوور، وان!

**شمار (ن)**: بەواتای (ژمارە = احصاء) هاتووە.



**شۆن (ن)**: جێگا، شوێنەوار، پاشماوە. لەم وشەیە، ئەمانە دروست دەکرێن (شۆنەما = شوێنەما).

**شێخ حەسەن (ن)**: ناوی یەکێکە، کە کوڕی حاجی شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ عوسمانی سیراجەدینە و باوکی مامۆستا شێخ محەمەد سەعیدە، کە حاڵی حازر دانیشتووی، ڕوانسەرە.

**شێخ فەتاح (ن)**: باوکی شێخ عەزیزە و گۆڕیان، وا لە قەڵای جوانڕۆدا، لە بنەڕەتدا، شێخ فەتاح لە هەولێرەوە، بۆ قەڵای جوانڕۆ هاتووە و لەوێ نیشتەجێ بووە.

**شێر (ن)**: بەشای دڕندان دەوترێ و هەروەها، بەبەلۆعە ئاو (حنفیە)یش، (شێر) دەوترێ.

**شیرە (ن)**: ئاوی میوەیە، هەر میوەیەک، کە خەست کرایبێتەوە، لە تریاکی سوتێنراویش شیرە، دەردێ.

(شیرە)ش، بە(قرەقر و قیژ و نەڕەنەڕ و شیرەشیر) دەوترێ.

**شیریەدەر (ن)**: ناوی چەم و دۆڵێکە، لە دێی (سەرۆ)ی موڵکی ئاغا عینایەت.

**شیلک (ن)**: بەکۆمەڵێ، تەقە دەوترێ، کە لە یەک کات و یەک ساتدا، بکرێ و کوردی ئێرانیش (شلیک)ی پێ دەڵێن.

**شیمە (ئاوەڵناو)**: لە کوردیی ئێراندا، بەواتای (کەم) بەکار دێ!
– ئەمەوێ شیمەیێ، لە ژیانی خۆم، بۆ تۆی بێژم!

**شیی وەباد**: بەواتای، لەیادچوو.

وشەی (شیی) بەم واتایانە هاتووە.
– (شیی = ڕۆیی، بەسەرچوو، چوو).
– (شیی = لێکدانەوە، شیکردنەوە).
– (شیی وەباد)یش، بەواتای (ڕەنج بەباداچوو) دێ.

**شێوە (ن)**: شێوە، بەواتای (ڕەوشت، هەڵسوکەوت، وێنە، ڕووالەت) هاتووە، جگە لەوەش بەواتای (چۆن و چلۆن) و (هەیئەت) دێ. بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:
– ئەو شێوەی مامەڵەی و گفتوگۆی جوانە.

– ئەو شێوەی بەڕێوەڕۆیشتنی دڵگیرە!
– شێوەی هەڵسوکەوتی لەگەڵیدا، زۆر ڕەوایە!

**عاج (ن)**: بەو دوو کەڵبەی فیل دەوترێ، کە لەملا و لەولای خەرتوومەکەیەوە، لە لای دەمیەوە دێنە دەرەوە و کەلوپەلی گرانبەهای زینەتی لێ دروست دەکرێ و لە لایەن، هەندێ پاشایان، تەختیان لەو عاجە دروست کردووە.

**عەبباس (ن)**: مەبەستی لە میرزا عەبباسی مستەوفییە.

**عەبدالان (ن)**: عەبدالان و عەودالان و ئەودالان، ناوی شاخێکە و وا لە هەورامانی تەخت و دەڕوانێ، بەسەر هەوارگەی پیر ڕۆستەمدا و...

**عەرسە (ن)**: بەمەیدانی (جەنگ) دەوترێ و لە عارەبییەوە، وەرگیراوە.

**عەرز (ن)**: پیشاندان، پێشکەش کردن، خستنە بەردەم، هەر لەم وشەیەشەوە، کە لە عارەبییەوە وەرگیراوە، (عەرزەحاڵ)یش دروست بووە و بەواتای نامەی (سکاڵا) دێ.

**عەرش (ن)**: بەتەختی خوایی دەوترێ.

**عەهد (ن)**: بەواتای (پەیمان) و بەواتای (زەمان و دەم و چەرخ) دێ.

**عەیش (ن)**: لە کوردیی ئێراندا، بەواتای خۆشگوزەرانی، بەکار دێ.

**عەیار (ئاوەڵناو)**: بەواتای (پێوەر) دێ و بەواتای (فێڵباز) و (مەکرباز و زۆرزان)یش دێ.
پێوەری (عەیار) لەگەڵ (تەلا = زێڕ)دا، بەکار دێ. بۆ وێنە، دەوترێ:
– تەلای عەیار، بیست و یەکم کڕیوە!

**عوقاب (ن)**: ناوی باڵندەیەکی گۆشتخۆرە.

**عیشرەتئاباد (ن)**: ناوی جێگایەکە، کە سوپای تیادا کۆکراوەتەوە و تیایدا، تەکەنەی بۆ کراوە، کە بەعارەبی (معسکر)ی پێ دەوترێ و کەوتووەتە، پاڵی تارانەوە.

**عیشوە و ناز (ئاوەڵناو)**: جموجووڵی ناز و خەمزاویی ئافرەتی جوان، لە کاتی ڕۆیشتندا و ئەمەش دەبێتە هۆی ڕاکێشانی دڵی عاشقان، بەدوای خۆیدا.

**غارەت (ن)**: بەو جۆرە هێرشە دەوترێ، کە ئەنجامەکەی چەپاو و تاڵان کردنە.



**غەزا (ن)**: لە ناو کوردیی ئێراندا، بەخواردەمەنی دەوترێ.

**غەڵتان (ن)**: واتە، لە ناو خوێن دا، گەوزاوە! بەیەکێ دەوترێ، کە زامدار، یان بریندار کرابێ و خوێنێکی زۆری ڕۆیشتبێ و سەرپاکی لەشی خوێناویی بووبێ.

**فامیل (ن)**: بەخوێش و خزم و کەسوکار دەوترێ.

**فەراز (ئاوەڵکار)**: فەراز، بەواتای بڵندیی و بەرزایی و بەرەو بان چوون، دێ. (فەراز)، لەگەڵ (ئەشیب)دا دێ و (فەراز و ئەشیب) دروست دەکەن و کە بەواتای (بڵندیی و پەستی، بان و خوار) دێ.

**فەرمانبەرداریی (ن)**: بەواتای (قبووڵکردنی فەرمان)، (پیاویی کردن، گرتنە گەردەنی بچووکی، خزمەتکاریی، نۆکەریی) هاتووە.

**فەرەنگ (ن)**: بە(فەرەنسە) دەوترێ، بەڵام کوردیی ئێران، بە(فەرەنگ) مەبەستیان، لەسەرپاکی ئەوروپایە.

**فەریاد (ن)**: بەواتای (هاوار و داد و بێداد) هاتووە، بەڵام (فەریادڕەس) بەواتای (بەفریاگەییو، بەهاوارەوە هاتوو، بەهاناوەگەییو) هاتووە و ئەمەش سیفەتێکە بۆ خوا.

**فەرەیدوونی فەڕ (ن)**: مەبەستی لە شاه (فەرەیدوون)ی پێشدادییە!

**فەزیحەت (ئاوەڵناو)**: لە کوردیی ئێراندا، بەواتای (ریسوایی، ئابڕووچوون، سووکی و خواریی) هاتووە.

**فەقروفاقە (ئاوەڵناو)**: بەواتای (تەنگدەسی و نەداریی و هەژاریی و بەدبەختی) هاتووە.

**فشار (ن)**: فشار، بەواتای، (ضغط)ی عارەبی هاتووە و بەواتای (زۆر و زوڵم)یش، دێ.

**فیشەنگ (ن)**: بەواتای، (فیشەک) هاتووە.

**قاتۆغ (ن)**: قاپی تایبەتی (سەرباز)ە، بۆ خۆراک خواردنی، لە کاتی سەربازییدا.

**قاتی پاتی (ئاوەڵکار)**: بەتێکەڵبوونی چەند شتێ دەوترێ.

**قەد ئارا (ئاوەڵناو)**: بەژن و باڵا ڕازێنەر، ئارایشکەر.

**قەڵعەی ڕەزا (ن)**: ناوی دێیەکە، کەوتووەتە، ناوچەی ڕوانسەرەوە.

**قەڵەی باوان (ن)**: ناوی دێیەکە، کەوتووەتە ناوچەی سنجاوییەوە.

**قەڵای هۆمەرمل (ن)**: ناوی دێیەکە، کەوتووەتە، ناوچەی کرماشانەوە.

**قەڵعە (ن)**: ناوی مەرکەزی جوانرۆ، (قەڵا)ی پێ دەوترێ.

**قەڵوەز (ن)**: بەتاڤگە بچکۆلە دەوترێ، یاخود بەچەمێ دەوترێ، کە ئاوەکەی ناو بەناو، لە شێوەی تاڤگەی کورت و بچکۆلەدا، بپەڕێ.

**قەڵەی یاوەریی (ن)**: ناوی دێیەکە، کەوتووەتە، ناوچەی کرماشانەوە و کەوتووەتە سەر ڕێگای کرماشان، روانسەرەوە.

**قەیتوول (ن)**: ناوی دێیەکە، کەوتووەتە گەرمەسێری کوردستانی ئێران، لە ناوچەی (سەرقەڵا و جەیران)دا.

**قوڵ (ن)**: بەقوڵی کولاندن دەوترێ و بەیەکێ دەوترێ، کە دەستێکی بڕابێ و قوڵ کرابێ.

(قوڵ)، کە بەواتای (باڵ) دێ و (قووڵ)یش، بەواتای؛ (گۆمێ، چاڵێ) دێ کە بنی زۆر دوور بێ.

(قوڵەقوڵ)یش، بەواتای دەنگی بڵقی کولان دێ و کە (ناوی دەنگیی) پێ دەوترێ.

**قوو (ن)**: بە(مراویی) دەوترێ و خاوەنی پەڕێکی شل و نەرمە و کە بە(تووکی قوویش) ناوبانگی دەرکردووە.

**قووت (ن)**: بەواتای خۆراک و خواردەمەنی هاتووە و وشەکە لە عارەبییەوەیە.

**قوری قەڵا (ن)**: ناوی دێیەکە، کە سەر بەناوچەی جوانرۆیە و کەوتووەتە، سەر ڕێگای روانسەر و پاوە.

**قشوون (ن)**: بەتەواویی تەشکیلاتی سوپا، دەوترێ.

**قوبادیی (ن)**: ناوی هۆزەکەی خانای قوبادییە.

**قوڕباقە (ن)**: بۆق، یاخود قوڕواق.

**قولەی پیر رۆستەم (ن)**: ناوی قولەی شاخێکە، کە کەوتووەتە هەورامانی تەختەوە.

**قرچە (ن)**: دەنگی دانەیە، کە لە ناو ئاگردا، دەسووتێ، دەنگی گەرمبوونی رۆنی سەر



ئاگرە، دەنگی شیلکەی تەقەیە، تەوژمی گەرما و تاویی گەرمایی هاوین، دەنگی گێرەکردنی، خەرمانی گەنم، لە سەرەتادا، ئێش و ئازاریی جەرگ سووتاویی، بۆ وێنە دەوترێ:

– رۆنی سەر ئاگرەکە، قرچایەوە!
– کوڕەکەی کوژرا و دڵی قرچایەوە!
– قرچەی شێلکێ هات، تۆ بڵێیت شتێ ڕووی نەدابێ!
– لە قرچەی هاویندا، بەبەر خۆرەوە، درەوی دەکرد!
– قرچەی خەرمانەکە شکاوە و ئەوەندەی نەماوە!

**قرمزیی (ئاوەڵناو. ن)**: ڕەنگی سووریی، یان سوورەنگ، ڕەنگ خوێنین.

**قشلاخ (ن)**: قشلاق و قشلاخ، ناوی دێیەکە، کەوتووەتە سەر ڕێگای روانسەر و پاوەوە و سەر بەناوچەی جوانرۆیە. لە کوردەوارییدا، بەواتای کوێستان هاتووە.

**قففە (ن)**: بە(کۆکە = قوزە = ورەکۆکە) دەوترێ، هەروەها، بەواتای، (بەلەم)، یاخود (جۆر = قایخێ) دێ، کە خڕۆکەیە.

**قنیات (ن)**: سەبووریی و شەکیبایی و تاقەت و حەوسەڵە.

**کاری زار (ن)**: بەواتای (جەنگ، شەڕ، داوا) هاتووە.

**کام (ن)**: بەواتای (مەبەست)، بەواتای ئامرازی پرس، هاتووە، بۆ وێنە دەوترێ:

– بەهەوڵ و کۆششی خۆی گەیشتە کامی خۆی!
– کام، مێژووت خوێندووەتەوە!

**کانی دووشەم (ن)**: ناوی کانییەکە، کە چەند ساڵێ لەمەوبەر، لە دەرەوەی شاری سنەدا بووە و جێگا سەیرانگایان بووە، بەڵام حاڵی حازر، کەوتووەتە، ناوەڕاستی شاری سنەوە.

**کانی سانان (ن)**: دێیەکە وا لە ناوچەی مەریواندا، ڕووبەڕووی زریبار کەوتووەتە بناری شاخەکانەوە.

**کانی سورخاو (ن)**: ناوی کانییەکە کەوتووەتە نزیکی دێی خەراجیان، لە ناوچەی روانسەردا.

**کانی شەفا (ن)**: ناوی کانییەکە، کەوتووەتە قەدپاڵی کێوی ئاویدەری شاری سنە، (سەیرانگای خەڵکی سنەیە).

**کاو (ن)**: بەواتای (شاخ، کەژ، هەرد، کەمەر، هار) هاتووە.

**کاوات (ن)**: کەورگی کاوات، بیر و ئاوێکە کەوتووەتە دێی شوانکارە، لە ناوچەی جوانڕۆ.

**کاووس (ن)**: کاوس، هەر (کەیکاوس)ە و یەکێکە لە شایانی ئێرانی، کە لە شاهنامەی فردەوسیدا، ناوی هاتووە.

**کەت (ن)**: تەختی دارینی لەسەر نووسین. دەس و باڵ، لای سەرووی قۆڵ، (کەتیەسنە) بەو کەسانە دەوترێ، کە دەس و باڵیان دەبەسترێ، بەمەبەستی بردنیان بۆ بەندیخانە.

**کەچ (ئاوەڵناو)**: بەواتای، ناتەواو و لار و خوار دێ و ئەوجا، لەم وشەیەوە: (کەچباز) و (کەچبازیی) و (کەچنەرد).

– کەچباز، بەواتای (ناتەواو، ناڕێک، نادروست) دێ و (کەچبازیی)ش چاوگەکەیەتی، (کەچنەرد)یش، بەواتای (نەهات) هاتووە.

**کەرد (ر. ک)**: (کەرد) ڕەگی کارە و بەواتای (کرد) هاتووە و ئەوجا، بەم جۆرە بەکار دێ:

کەردش = کردی، کەردم = کردم، کەردشا = کردیان، کەردتا = کردتتان، کەرمێ = دەکەین و کەرۆ = دەکەین.

**کەرە (ن)**: دێیەکە، لە دێیەکانی وەڵەدبەگیی و مەرگەزیانە و کەوتووەتە، ناوچەی روانسەرەوە. هەروەها، بەواتای، کەرێ (زبدە) و بەواتای بێ عەقڵ و بێ ئاوەز، هاتووە.

**کەدخودا (ن. ئاوەڵناو)**: بەواتای، (کەیخوا، قێخا، کوێخا، موختار، گزیر) هاتووە.

**کەساس (ئاوەڵناو)**: بەواتای (پەریشان، بێ سەرەوبەرە، دەردەدار، لارەمل، سەرکوێو، کز) هاتووە و بەم جۆرە، دەخرێتە ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەمرۆ بازاڕی فەرش، زۆر کەساسە.

– فلانە کەس، بەهۆی نەخۆشییەوە، لە ماڵەوە، بەکەساسی کەوتووە!

**کەسیف (ئاوەڵناو)**: لە عارەبییەوەیە و بەواتای (پیس و چڵکن) دێ و (کەسافەت)یش، هەر لەمەوە دروست کراوە، بەواتای، (پیسی و چڵکنی) دێ.



**کەل (ئاوەڵناو)**: کەل، بەواتای، دەرگا، قاپی، کەچ، ناتەواو، کەلەبەری سەرملەی شاخ دێ و بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– دنیا ساردە، کەلەکە پێوە بدە، یان بیبەستە.

– ڕێگای بڕینی نێوان هەورامانی تەخت و لهۆن، بەکەلی تەختدا، تێدەپەڕێ.

– ئەو دانەکانی کەلن و بۆیە ناتوانێ باش نان بجوێ!

هەر لەم وشەیەوە، چەند وشەیەکی دیکە دروست کراون، کە وەک؛ کەلەبەر، کەلەکە، کەڵک، بەم جۆرەش دەخرێنە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– کەلەبەر، کراوەتە پەرژینەکەوە.

– دەستی ناوەتە کەلەکەی.

– شت نییە، کەڵکی لێوە، وەرنەگیرێ!

**کەلافە (ن)**: دەزوو، یان، بەنی بادراو، هەروەها، بەواتای (پەلک)ی ئافرەت، کە گیرابێتەوە، هاتووە، هەروەها، بەواتای (ماندووبوون)یش دێ.

بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– کەلافەیێ دەزوومان، بۆ ئەو کارە پێویستە.

– ئەو کیژە باڵا بەرزە، قژەکانی بەدوو کەلافە خستووە، بەلای شانیدا.

**کەلاوە (ن)**: ناوی دێیەکە، کەوتووەتە، ناوچەی روانسەرەوە. هەروەها، بەواتای، دەم و چەناگە، خانووی ڕووخاو، یان پاشماوەی خانوو، کە (کەلارێ)یشی پێ دەوترێ.

بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە:

– ئەوەندە چەنەبازە، دەم و چەناگەی (کەلاوە) پڕ بووە لە کەف.

– بایەقووش، یان کونەبەبوو، حەزی لە کەلاوە کۆنە و تیایدا هێلانە دەکات.

**کەڵڕەم (ئاوەڵکار)**: بەواتای (ڕەمگا، دەرپەڕاندن) دێ. یاخود بۆمان هەیە، بڵێین، ئەو جێگایەیە، کە کەڵ، لە کونەوە، دەردەچێ و بەگوزەرە تایبەتییەکەدا دەردەپەڕێ و دەردەچێ!

**کەلام (ن)**: بەواتای (قسە) و بەواتای (قورئان) و بەواتای (کتێبی دینی ئەهلی هەقق) هاتووە.

**کەللە (ن)**: بەواتای، (سەر) دێ.

**کەڵێ (ن)**: ناوی دێیەکە، لە ناوچەی جوانڕۆدا، کە ئاغا عینایەتی لەوێدا ژیاوە و لەوێشدا، نێژراوە.

**کەلی بەورەوار (ن)**: تەماشای (بەورەوار) بکەرەوە.

ناوی شاخ و ڕێگایەکە، لە (شاهۆ)دا، واتە، ڕێ گوزەری هەوارانە.

**کەلی تەڵاش (ن)**: جێگایەکە لە شاخی شاهۆدا، لە نێوان شوانکارە و ملەپاڵنگانەدا.

**کەلی تفەنگچی (ن)**: جێگایەکە لە شاخی شاهۆ، پشتی دێی شوانکارەی جوانڕۆ، لە نێوان کەلی تەڵاش و پیرخدردایە.

**کەلی گوڵیجێ (ن)**: ڕێگایەکە، بەرەو شاخی شاهۆ، لە دێی شوانکارەی جوانڕۆدا.

**کەمانگەر (ن)**: ناوی هۆزێکە، لە ناوچەی کامیاران، لێرەدا، مەبەستی (مەجیدخان)ی کەمانگەرە.

**کەمەر (ن)**: بەواتای (شاخ، کەلەکە) هاتووە. پشتوێنی (کەمەرە)، کە لە زیو دروست دەکرێ و تایبەتییە، بەئافرەتەوە، هەر بەهۆی وشەی (کەمەر)ەوە، دروست کراوە.

**کناچێ (ن)**: بەواتای (کیژ، کەنیشک، دوێت) هاتووە.

**کەنیز (ن)**: بەواتای، (کڵفەت، ژنی بەپارە کڕاو، ژن، ئافرەت) هاتووە.

**کەنیشت (ن)**: بەهۆی ئەم وشەیەوە، وشەی (گیانکەنیشت = گیانکەنشت) دروست بووە و بەواتای (بەجێهێشتی رۆح، گیان) هاتووە.

**کەوکەبە (ئاوەڵناو)**: بەرووالەتی (ترۆتفاقی زۆر) دەوترێ، هەروەها، بەو کردەوەیە، دەوترێ کە کۆمەڵێ لە پێشەوە و لە دواوەی سەرۆکێکی گەورەوە (وەک شاه) لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی دیکە، بەتەنتەنە و عەنعەوە دەڕۆن.

**کەیانانی کەی (ن)**: کەیان، بەو شایانە دەوترێ، کە بەوشەی (کەی) دەست پێ دەکات و دەکەن و بۆیە، بەسەرپاکی شایەکانی کەیانی، (کەیانانی کەی) دەوترێ و وشەی (کەی)ش بەواتای، گەورە، سەرۆک، ئاغا، خوا، سەرۆکی دینی، هاتووە.

**کەیقوباد (ن)**: یەکێکە لە شایانی کەیانی، هەروەک لە شاهنامەدا، وەها هاتووە.

**کەیل (ئاوەڵناو)**: (خەفەتبار، عادز، دڵ پڕ لە خەم، خەمبار)، بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو



ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەو دەروونی پڕ لە کەیلە و بۆیە ناماندوێنێ.

کۆماسی بەم بۆنەیەوە دەڵێ:

(هەر لەیل لەیلمەن، نە هەردەی دوجەیل
بەوێنەی مەجنوون خاتر جە خەم کەیل)

**کەیومەرس (ن)**: وەک، لە شاهنامەی فردەوسیدا، وەها، هاتووە، کەیومەرس، یەکێکە لە شایانی کەیانی.

**کۆ (ن)**: بەواتای (کەژ، کۆمەڵ، کۆمەڵە ئەستێرەی کۆ، نەخۆشی کۆی ئاژەڵ، کوێ) دێ، هەروەها، بەواتای (تۆپەڵی خەرمانی سوور، سڵ کردن) هاتووە!

**کۆتا (ئاوەڵناو)**: بەواتای، (کوڵ، کورت) هاتووە. لە (کۆتا)وە، (کۆتە)ش هاتووە، کە بەواتای (قۆتەرە = کۆتەرە دار، هاتووە، کە لە کورتە قەدێکی دار کراوە و قەساب، گۆشتی لەسەر ورد دەکات، یان، کڵاشکەر لەسەر کۆتەوە، کڵاش دەکات!

هەر لە هەمان وشەوە، (کۆت) دروست بووە و بەم واتایانە دێ.

– (کۆت)، بەواتای زنجیرکردن، یان بەستنەوە.
– (کۆت)، بێ ئەسڵ و نەسەب دەوترێ.
– (کۆت)، بەپەینی کیمیاویی دەوترێ.
– (کۆت)، بەواتای چاکەتی (بەرگی ئەوروپایی) هاتووە.

**کورسیی (ن)**: بەوە دەوترێ، کە بەزستاندا، (ئاگری گەش، گڵۆپی کارەبایی = سۆپەی کارەبایی) دەخرێتە ژێر کورسییەکەوە و بەلێفە دادەپۆشرێ و بەشەودا (شەوی زستانان) خێزانی ماڵ، پێکەوە پێیان دەکەنە ژێر لێفەی ئەو کورسییە. هەروەها، (کورسی)، بەواتای پایتەخت، یان تەختی شاهیش دێ و جگە لەوەش، بەسەندەڵی کورسیی دەوترێ!

**کوورە (ن)**: (کوورە) و (کۆرە) هەر یەکێکە و بەواتای، (کوورەی خشت) و کوورەی شت تاوانەوە و کوورەی ئاگرکردنەوە و کوورەی چا لێنان دێ. جگە لەوەش، (کۆرکۆرە)شمان هەیە، کە لە هەندێ جێگادا، (واشە)ی پێ دەوترێ و ئەویش باڵندەیەکی گۆشتخۆرە و زۆرتر ڕاوی مریشک و جووجەڵە دەکات!

**کووژ (ن)**: بەپیستی (مار) و بەتوێکڵی برنج، یان چەڵتووک، (کووژ) دەوترێ لە هەندێ

جێگادا، بەکووژی (مار)، (کاژ) دەڵێن.

**کۆس (ن)**: بەواتای (تەپڵ و کۆس)ی ئۆردوو هاتووە، هەروەها، بەکەسێکی زۆر نزیک، گەورەی دێیەک، گەورەی هۆزێ، دەوترێ. بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– بەتەپڵ و کۆسەوە، بەرەو پیری شەڕەوە دەڕۆن.

– ئەو ماڵە کۆستیان تازە کەوتووە و هێشتا هەر سیاپۆشن!

**کۆکۆ (ن)**: بەکۆمەڵ کۆمەڵی خەرمانی سوور دەوترێ، هەروەها، بەواتای کڵپە کڵپە گڕی ئاگریش (هەروەک، دەنگ، دەنگی کڵپەی ئاگر) دێ. هەروەها، بەواتای (کەژاوکەژ)، (هەرداوهەرد)، (کاوەوکاو) دێ. هەروەها، بەواتای جۆرە خواردنی کە (کووکوو)ی پێ دەوترێ هەروەک، شاعر دەڵێ:

کووکووی کەوکەوکەر، کۆکۆ ئاوەردە
وەشتەرەن، جە کەو، کۆ، کەواو کەردە!

**کۆگەرد (ئاوەڵناو)**: بەو کەسە دەوترێ، یان شێت بووە و کەوتووەتە کەژ، یان بەو کەسە، دەوترێ، کە بەکەژدا، بەهۆی ڕاوەوە، یان، بەهۆی کەژناسییەوە، دەگەڕێ.

لەم ڕووەوە، شاعر دەڵێ:

(فەرهاد سەنگ تاشا، وە زەربی تێشە
مەجنوون کۆ گەردیش، کەردە بێ پیشە!)

**کول**: (کول) و (کولل) و (کوڵ) هەن و واتاکەیان، بەم جۆرە دەبێ.

– (کولل)، بەواتای (کُلّ)ی عارەبییەوە، هاتووە.
– (کۆڵ)، بەواتای (بێ شاخ) هاتووە.
– (کۆڵ)، بەواتای کۆڵی پشت هاتووە.
– (کوڵ)، بەواتای (قوڵ) دەنگی قوڵەی کوڵاندن دێ.
– (کوڵ)، بەواتای (گەرموگوڕ) بەکار دێ!
– (کوڵ)، بەواتای (کورت)یش دێ.
– (کول)، بەواتای دژی تیژ (چەقۆی کول) هاتووە.

**کۆلکە (ئاوەڵناو)**: (کۆلکە) و (کوولەکە) و (کۆڵەکە) هەن و بەم جۆرە واتا، دەدەن:



– کۆلکە، بەواتای (نیمچە) دێ.
– کوولەکە، جۆرە سەوزەیەکی خەیارییە.
– کۆڵەکە، ئەو دارەیە، کە دەدرێ، بەژێر داری ژووردا، یان داری هەیواندا.

**کۆماج (ن)**: بە(کۆمانج) کلاورۆژنە و (کوناوەجە)ش دەوترێ. هەروەها بەشتی گومەزیی و گرد، بەو هۆدە بچکۆلەیەی سەربان دەوترێ، کە وەک ڕێڕەوێ، لە ناوماڵەوە، بۆ سەربانی خانووەکە، دەڕوا. بەجۆرە نانێکیش دەوترێ، کە لە کوانوودا، دەکرێ.

**کۆماسی (ن)**: ناوی ناوچەیەکە و دێیەکیش هەر لەو ناوچەیەدا، بەو ناوەوە، هەیە کە شاعری بەرزی کورد ئەحمەد بەگی کۆماسی بەو ناوەوەیە!

**کومەیسون (ن)**: وشەیەکی ئەوروپایی و بەواتای (لیژنەیەکی سیاسی لە سەرانی وڵات پێک دەهێنرێ بۆ جێبەجێ کردنی کارێکی گرینگ –ی سەر بەناوچەیەک، هۆزێک، عەشرەتێک).

**کۆی ئاویدەر (ن)**: ناوی شاخی ئاویدەرە، کە شاری سنە، لە داوێنیدا، دروست کراوە.

**کۆی ئەفراسیاو (ن)**: ناوی کێوێکە لە نزیکی دێی ئەفراسیاو، لە ناوچەی دیواندەرەدا.

**کۆی تەوریز خاتوون (ن)**: ناوی کێوێکە لە نێوان (ساراڵ و هۆباتو) لە ناوچەی دیواندەرەدا.

**کۆی عەبباس بەگ (ن)**: کەوتووەتە نێوان (ساراڵ) و (هۆباتو) و سەر بەناوچەی دیواندەرەیە.

**کوێلە (ن)**: ناوی کێوێکە، لە نزیک کێوی (ماکوان)ەوە.

**گاز (ن)**: ئامێرێکە، کە بزماری پێ ڕادەکێشنەوە، هەروەهاش، بە(غاز)ی سووتەنیش دەوترێ. جگە لەوەش، بەواتای (قەپ) دێ.

**گەردەلوول (ن)**: بەخول و پێچی هەوای تند و شەخەڵ و پووش دەڵێن، هەروەها بەخول و پێچی و بەفر و باران و باش دەوترێ.

**گەردە (ن)**: وەک ناوی (کەژ = شاخ) هاتووە، هەروەها، بۆ ناوی (کیژ)یش بەکار دێ و بەهەر شتێکی زۆر وردیش، (گەردە) دەوترێ.

**گەرمەزناو (ن)**: ناوی کێوێکە، هەوارگەی ئیمامی و کلاشی و باینگانە.

**گەزاف (ن)**: بەواتای (درۆ و دەلەسە)، (فیشاڵ و هووشە) هاتووە.

**گەشن (ن)**: تەماشای (چالاوەی گەشن) بکە.

**گەلاڵ (ن)**: ناوی دێیەکە، کەوتووەتە، سەرچەمی پاوەڕۆ و گاوەڕۆ لە خوارووی دێی خانەگاوە و (گەراڵ)یشی پێ دەوترێ.

**گەڵباغی (ن)**: هۆزێکی کوردن، کە لە دێهاتەکانی دیواندەرەدا، دادەنیشن.

**گەنجی بادئاوەرد (ن)**: وەک دەگێڕنەوە، قەیسەری رۆم، لە ترس خوسرەو پەروێز، پادشای ئێران چەند کەشتییەکی لە زێڕی سوور پڕی کردن و بەرەو (جەزیرە) رەوانەی کردن، بەپێچەوانەی خواستی قەیسەرەوە، با هەڵی کرد و کەشتییەکانی بەرەو ئێران هاورد و خوسرەو پەرویز، ئەو کەشتییانەی گرت و زێڕەکەی بەدەس هاوەرد و بۆیە، ناویان نا، گەنجی باد ئاوەرد.

**گۆپاڵ (ن)**: گۆپاڵ، بەگورزێ دەوترێ، کە کۆتایی بەسەرەمیکوتێ هاتبێ. هەندێ جاریش (گورز و گوپاڵ)ی پێ دەوترێ.

**گودەرز (ن)**: ناوی پاڵەوانێکە، کوڕەزای کاوەی ئاهەنگەرە، لە شاهنامەی فردەوسیدا هاتووە.

**گۆران (ن)**: ناوی شاعرێکی گەورەی کوردە و هەروەها ناوی ئێلێکی گەورەی ئەهلی حەقق (پارسانی)ن، بەناوچەکەشیان، ناوچەی گۆران دەوترێ و ناوچەکەشیان سەر بەشاری شاه ئاباد (ئیسلام ئاباد)ە.

**گورێزان (ن)**: بەواتای (ڕاگردوو) هاتووە.

**گۆسفەند (ن)**: بەواتای (پەز = مەڕ = مەی) هاتووە.

**گولیی (ن)**: نەخۆشییەکی پێستییە.

**گۆلی زرێوار (ن)**: بەدەریاچەی زرێبار (زرێوار)ی مەریوان، دەوترێ.

**گرۆ (ن)**: بەواتای (ألفة)ی عارەبی هاتووە، هەروەها بەواتای (هۆگرتن) و (خووگرتن)یش هاتووە.

**گراوەنگ**: ناوی دێیەکە، لە خوارووی دێی (کارێز)ەوە و لە لێوی ئاوی قەرەسوودا، لە



نزیک کرماشانەوەیە.

**گلەگوزاریی (ن)**: بەواتای، گلەیی و بناشت هاتووە.

**گێچ (ن)**: بەواتای (تێنەگەیشتوو و وێڵ) دێ، هەروەها، بەواتای پێچ دێ بەجێگایەک، کە پێچاوی تیادا بێ (چەمێ، رووبارێ) گێجاو = گێژاوی، پێ دەوترێ.

**گێڵ (ئاوەڵکار، ن)**: بەسەرەن کردنی خەرمان دەوترێ. هەروەها رەگی کارە، بۆ چاووگی گێلان، کە بەواتای (گەشت و گەڕان) دێ. هەروەها، بەخانە باخیش دەوترێ.

**گیو (ن)**: یەکێ لە پاڵەوانەکانی ئێرانە و کوڕی گودەرزە و زاوای رۆستەمە، هەروەک، لە شاهنامەی فردەوسیدا، وەها، هاتووە!

**لارەکاوان (ن)**: بەڕیزە شاخی بەرز و قنج و لارەکلاو دەوترێ.

**لارەما (ن)**: بەشاخی بەرز و قنج و لووت خوار دەوترێ.

**لاڵ (ئاوەڵناو. ن)**: بەبێ زوان، یان قسەنەزان دەوترێ، هەروەها جەواهیراتێکە کە پادشایان، بەقەد خۆیاندا، ئاوێزانیان کردووە و پێیان وتوون، کەمەرلاڵان.

**لاوران (ن)**: دێیەکە، لە ناوچەی زەردۆیان و سەر بەجوانڕۆیە و جێگای هۆزی ئیمامیشە.

**لەجەن (ن. ئاوەڵناو)**: بەقوڕاو و زەلکاو و هەرگاوی پیس و بۆگەن کردوو دەوترێ.

**لوخت (ئاوەڵناو. ن)**: بەواتای رووتوقووت هاتووە.

**لۆن (ن)**: ناوی دێیەکە، کەوتووەتە، ناوچەی کامیارانەوە و بە(لۆن)ی سادات، ناسراوە.

**لفە (ن)**: (درپە)شی پێ دەوترێ، دەنگی شەکانەوە، بەیداخە.

**لیتە (ن)**: لیتە، بەقوڕگاو دەوترێ و هەر لەم وشەیەوە، وشەی(لیتاو) و(لیتاوە)ش دروست بووە.

**لێڵە (ن). (ئاوەڵناو)**: ناوی چۆمێکە، لە ناوچەی باوەجانیدا، هەروەها، بەکۆتایی شەو دەمی ئەوسەری، دەوترێ (لێڵ و بووم)، یان (بووم و لێڵە).

**لێوە (ئاوەڵناو)**: بەواتای (شێت)، (گێڵ) هاتووە.

**ماهجەمین (ن)**: ناوە، بۆ ئافرەت و لە واتایشدا بەواتای (دەموچاو مانگ) هاتووە.

**ماراو (ن)**: ناوی دێیەکە، کەوتووەتە، ناوچەی کامیارانەوە و جێگای هۆزی کەمانگەوە.

**ماردەم (ن)**: جۆرە تفەنگێکی ڕاوە.

**ماشتە (ن)**: بەچارەکەی کۆڵ دەوترێ.

**ماکوان (ن)**: ناوی کێویەکە، کەوتووەتە، ڕیزە شاخێکەوە لە ناوچەی جوانڕۆ و زەردۆیی و مەڕەخێڵ، تا مەرزی عراق درێژ دەبێتەوە.

**مەتا (ن)**: لە عەرەبییەوەیە و بەواتای پارچەی ڕەنگاوڕەنگ هاتووە، هەروەها کاڵاشی پێ دەوترێ.

**مەحموود خان (ن)**: ناوی شەخسێکە، لەوانەشە، مەبەستی، یان، مەحموود خانی دزڵی بێ، یان مەحموود خانی، کانی سانان.

**مەرەز (ن)**: جۆرە موویەکی نەرمە، کە ڕانک و چۆخەی لێ دروست دەکرێ، هەروەها بەجۆرە نەخۆشییەکی ڕەوانی دەوترێ.

**مەساف (ن)**: بەجەنگ و مەیدانی جەنگ دەوترێ.

**مەشرووتە (ن)**: جۆرە حکوومەتێک بووە، کە خەڵکی تیادا بەشدار بووە، وەک بەلێکدانەوەی ناوەکەیدا، دەردەکەوێ.

**مەشرووتە خا (ئاوەڵناو)**: بەوانە، دەوترێ، کە حەزیان، لە حکومەتی مەشرووتە کردووە.

**مەشهەد (ن)**: ناوی شارێکی ئێرانە و کەوتووتە ناوچەی خوراسانەوە و گۆڕی ئیمام ڕەزای لێیە.

**مەفلووک (ئاوەڵناو)**: بەواتای (بەدبەخت و بێچارە) هاتووە.

**مەقام (ن)**: بەروتبە و پایە و پلە و دەرەجە، بەزمی گۆرانی دەوترێ.

**مەلا عەلی موراد (ن)**: مامۆستای ئاغا عینایەت، بووە!

**مەنمی (ن)**: ناوی هۆزێکی کوردە، لە ناوچەی شارەزوور و زەهاو و بیجار و دەوروبەری سنەدا، دەژین.

**مەهتابی (ئاوەڵناو)**: بەواتای (مانگەشەویی) هاتووە و لە کوردەوارییدا بە(ماتاب)



ناودەبرێ!

**مژ (ن . ئاوەڵکار. ئاوەڵناو)**: (مژ) بەواتای (لووشان) دێ و هەروەها لە وشەی (تەمومژ)دا، بەواتای (لێڵی) هاتووە. هەروەها، (هەڵمژین) بەواتای (هەڵ لووشین) دێ. جگە لەوەش، وەک نەخۆشی (چاو) بەکار دێ.

**مستەفا خان (ن)**: ناوی گەورەی هۆزی باوەجانییەکانە.

**مل هۆڕ (ئاوەڵناو . ن)**: زۆردار، قسەی کەس قبووڵ نەکردوو، دیکتاتۆر.

**ملەپاڵنگانە (ن)**: ملەیەکە، کەوتووتە ناوچەی جوانڕۆوە، سەر ڕێگای روانسەر و پاوە.

**ملەی لەشکرگا (ن)**: ملەیەکە، کەوتووەتە ناوچەی، ئیناخییەوە، کە سەر بەجوانڕۆیە، هەوارگەی هۆزی ئیناخیانە.

**ملەی لۆن (ن)**: ملەیەکە، کەوتووەتە نزیک دێی (لۆن)ی سادات، کە سەر بەناوچەی کامیارانە.

**ملەی لێواشە (ن)**: ملەیەکە، کەوتووەتە، ناوچەی جوانڕۆوە، لە نێوان دێی (کلاش) و (زێران)دا.

**موزیک (ن)**: مۆسیقای تایبەتی سوپایە.

**موژە (ن)**: بەواتای (برژانگ) هاتووە، هەروەها (مژۆڵ)یشی پێ دەوترێ.

**موعتەمەد (ن . ئاوەڵناو)**: موعتەمەد وەزیریی، ناوی هۆزێکە لە سنەدا.

**میداد (ن)**: بەقەڵەمی قورقوشم دەوترێ.

**میرئاوا (ن)**: ناوی دێیەکە، لە باوەجانی، سەر بەناوچەی جوانڕۆیە.

**میرزا مەحموود (ن)**: یەکێکە لە شاعرە بەناوبانگەکانی هۆزی مستەوفی پاوە.

**میرشکار (ئاوەڵناو . ن)**: میری ڕاو، بەرپرسی ڕاو، یان چاودێرکەری ڕاو، بۆ ئەوەی ڕاوەکە، بەشێوەیەکی هونەریی ڕاوچیانە بکرێ!

**میهەنپەرستی (ن)**: نیشتمانپەرستی.

**نادرسان (ن)**: یەکێکە لە سانەکانی هەورامانی تەخت و یەکێکیشە لەو بەگانەی، کە بەمۆر

ئیمزای شێخیەتی و شایەتی شێخ مەحموودی کردووە و ئەمیش لەگەڵ کوردەکان، یان سەرۆکی کوردەکانی ئێراندا، لە لایەن ڕەزا شاهەوە گیراوە و ئا لەوێدا، لە بەندیخانەی قەسری قاجاردا، مردووە.

**ناراو (ن)**: ناوی دێیەکە، لە دێیەکانی باوەجانی، سەر بەجوانرۆیە.

**ناسۆر (ن)**: ناسۆر، بەواتای برینی تەشەنە کردوو دێ، هەروەها، بەیەکێکی تووڕە بوو دەوترێ، کە ئاشت نەبێتەوە. ناسۆر، بەواتای دەم و لووتی ڕووالەت تۆراو دێ.

**ناوخوشگان (ن)**: ناوی دێیەکە، لە دێهاتەکانی جوانرۆ.

**ناوەدەروەن (ن)**: ناوچەیەکە، دەکەوێتە، سەر دووڕیانی ڕێگای کرماشان، روانسەر و سنەوە.

**ناهەنجار (ئاوەڵناو)**: بەنالەبار، ناگونجاو، لە دەستوور بەدەر، ناپەسەند، دروشت، دەوترێ.

**نەباتی (ئاوەڵناو)**: نەبات، جۆرە شیرینییەکی سپی مینایی ڕەنگە، نەباتیش، ئەوەیە، کە لەو جۆرە شیرینییە نەباتییە دروست دەکرێ.

نەباتی، بەو کەسەش دەوترێ، کە گۆشت ناخوات، هەروەها بەرۆنی کەتان و زەڕات و پەمەتوویش، رۆنی نەباتی دەوترێ.

**نەبیران (ن)**: نەبیرە، بەواتا، کوڕەزا، یاخود (ئەدەزا) دێ و (نەبیران)یش کۆیەتی.

**نەتەنز (ن)**: ناوی شارێکی ئێرانە، کەوتووەتە ناوچەی کاشانەوە.

**نەدا (ن)**: لە (نداء)ی عارەبییەوەیە و بەواتای بانگ کردن، چڕین، دێ.

**نەرە (ن)**: بە(تاوڵە) دەوترێ.

**نەشیب (ئاوەڵکار)**: بەواتای (پەستیی)، بەرەو خوارکە، هاتووە.

**نەعلەینی (ن)**: ناوی تایفەیەک، لە ساداتە، کە لە ناوچەی روانسەردا، دانیشتوون.

**نەوا (ن)**: بەواتای ئاوازی مۆسیقا دێ. (نەوا)ش، بەواتای (مەبادا)، هەروەها، بەواتای (خۆشکردن، سازکردن) دێ، بەتایبەتی لە فرەیزی دڵنەواییدا، هەروەها بەواتا، (ناڵە)ش دێ.

**نەورۆڵە (ن)**: ناوی دێیەکە، لە دێیەکانی ناوچەی سنجاویی.



**نەوشیروان (ن)**: ناوی یەکێکە لە شایانی ساسانی.

**نەوهاڵان (ن)**: بەواتای تازەپێگەیشتووان، زەریفان، لاوان، گەنجان دێ.

**نۆ (ن)، (ئاوەڵناو)**: بەواتای ژمارە (٩) و بەواتای (نوێ = تازە) هاتووە. (نۆبەر)یش، بەواتای بەری تازەپێگەیشتوو بەواتای یەکەم مناڵیش دێ.

**نووتەک (ئاوەڵناو)**: بەواتای (نەگبەت)، (تنۆک، تاریک) دێ.

**نۆدشە (ن)**: ناوی دێیەکی گەورەیە، کە کەوتووەتە، ناوچەی لهۆنی ئێرانەوە، سەر بەناوچەی پاوەیە.

**نووریاو (ن)**: دێیەکە، بەکیلۆمەترێ کەوتووەتە رۆژئاوای پاوەوە.

**نومرەیەک (ن)**: ڕەقەمی ژووری زیندانی ئەسفەهانە و (ئاغا عینایەتی) تیادا بووە.

**نومرە چووار (ن)**: ڕەقەمی ئەو ژوورەیە، کە لە زیندانی ئەسفەهاندا (محەمەد بەگی رۆستەمی – دانیشتووی تەپەبۆری جوانرۆ)ی تیادا، بووە.

**نێش (ن)**: بەواتای (ئێش) چزوو، ژان، ئازار، نووکی قەڵەم پاندان) هاتووە، هەروەها بە(تەعنە و قسەی دڵئێش)یش دەوترێ!

بەم بۆنەیەوە مەولەوی دەڵێ:

(ئێشی پێچ چون ئێش وەماران ڕێشێ
ئێشێ، پرنێشی، ریشەی گیانکێشێ!)

**نیلەگوون (ئاوەڵناو)**: بەواتای ڕەنگی ئاویی هاتووە و مەبەست لە ئاسمانی پاکە.

**نەجار (ن)**: (نجار)یشی پێ دەوترێ و دێیەکە، کەوتووەتە، هەورامانی لهۆن و سەر بەناوچەی پاوەیە.

**نگوون کونەندە (ئاوەڵناو)**: بەواتای، ژێر و رووکەر، وێرانکەر، تەخت و بەخت شێونەر، هاتووە، بەمەبەستی خواوەیە.

**نگین (ن)**: بەواتای (مۆرخەوان) بوستیلە (ئەنگوستیلە) دێ و هەروەها، بەواتای شانس و بەخت -یش دێ.

**وا (ن)**: بەواتای (با، هەوا، بەو جۆرە، بەو شێوە، واز، کردنەوە) دێ.

**وادی (ن)**: له کوردیی ئێراندا، بەواتای چۆڵ و بیابان دێ، بەڵام له ڕاستیدا، له عارەبییەوەیه و بەواتای (چەم، دۆڵ، شیو) هاتووه.

**وامەنده (ئاوەڵناو)**: بەواتای، (ماوه، مەنده، پاشماوه، شتی کۆن و ماوەی بەسەرداچوو) دەوترێ.

**وەجا (ئاوەڵناو)**: بەواتای (شتی نرخدار، بەجێگه، بایەخدار) هاتووه.

**وەکێڵ (ن . ئاوەڵناو)**: لەقەبی سەرۆک هۆزی جوانڕۆیانه، هەروەها، لەقەبی خانەوادەیەکی سنەییيه.

**وەڵەدبەگی (ن)**: ناوی هۆزێکی گەورەی جافه، له ئێراندا، له ناوچەی روانسەر دانیشتوون.

**وەلینیعمەت (ن)**: ئەو کەسەیه، که کەسانی دیکه بەخێو دەکات و مافی نان و ژیانی بەسەریانەوەیه.

**وەیس (ن)**: ناوی شەخسێکه کەوتووەته ساخی، (بێشەکۆ)وه، له ناوچەی (ئالایارخانی) لەسەر ڕێگای کرماشان و روانسەر.

بەوەیسی قەرەنی و وەیسی یەمەن ماڵ -یش ناودەبرێ.

**وەیشووم (ن)**: بەواتای، بەڵا و سەختی و ناخۆشی و فیتەیی هاتووه، (وەیشوومه)ش هەر لەمەوه وەرگیراوه.

بەم بۆنەیەوه، مەولەوی دەڵێ:

(هیجرانت، جه تەرح، بادی وەیشوومی
یەکایەک ئەوراق، جەستەی مەعدوومی)

**وته (ئاوەڵناو)**: بەواتای (خەوتوو) دێ و لەم وشەیەوه، ئەمانه دێنه بەرەوه:

- وتەی = خەوتن.
- وتەن = خەوتووه.
- وتانێ = خەوتم.
- وتێ = خەوتن.

**وزیمە (ن)**: ناوی جێگایەکه.



**وستەی (چاووگ)**: بەواتای (خستن) هاتووه و ئەمانەشی لێوه دروست دەبن.

- (وست = خست).
- (وستم = خستم).
- (وستش = خستی).

**وشکەرۆ (ن)**: ناوی رووبار و ئاوێکه، له دێی (خەراجیان)ەوه دێته خوارەوه، له روانسەر دادەپەڕێ.

**ویارام (ک)**: بەواتای (گوزەرام، رامبوارد، بەسەرم برد) هاتووه.

**وێراش (ن)**: ناوی کێفێکه، کەوتووەته نزیک دێی ساتیاری و بلەیی و باینگان له ناوچەی جوانڕۆدا.

**وێنه (ئامراز)**: وەک، چون، رەسم، عەکس.

**هار (ن) . (ئاوەڵناو)**: بەواتای شێت، روودار، بێ حەیا هاتووه، هەروەها وشەیەکی کۆنی ئاڤێستاییيه، بەواتای (سەخت، شاخ، بەردی ڕەق) دێ و بەبەردی (ئاش)، یان بەردی (دەستهاڕ)یش (هار) دەوترێ.

**هاڕای (چاووگ)**: بەواتای (هاڕین) دێ.

**هاشمی (ن . ئاوەڵناو)**: لەقەبی، برێ له ساداتی سۆڵەییيه، که له ناوچەی روانسەری ئێراندا، نیشتەجێن و مەبەستی ئاغا عینایەت، لێرەدا، سەید قەیداری هاشمییه، که باوکی، مامۆستا، سەید تایری هاشمییه.

**هانا (ن)**: وەک ناو بۆ (کیژ) بەکار دێ، هەروەها بەواتای پەنابردن، هاوارکردن، (ئارەزوو و فریادڕەس)یش دێ.

**هانه (ن)**: بەواتای (کانی، چەمه) هاتووه.

**هانەگەرمەڵه (ن)**: ناوی دێیەکه له هەورامانی لهۆن، نزیک بەمەرزی عراق و سەر بەناوچەی پاوەیه.

**هاوار (ن)**: ناوی دێیەکه، کەوتووەته بناری شاخی شتروێ، سەرچەمی تەوێڵه و کەوتووەته ناوچەی لهۆنی عراقەوه و سەر بەناوچەی هەڵەبجەیه، مەرکەزی دینی کاکەییيەکانه.

**هەتیتە (ناو)**: جۆرە ئامێرێکی کونکوناوییبیە، کە زەرینگەران تاڵە زێڕی پێ دروست دەکەن و پێی ڕاست دەکەنەوە. هەم، بەواتای (زۆر بۆ هێنان)یش هاتووە.

**هەجیج (ن)**: دێییەکە، کەوتووەتە سەر ڕۆخانەی سیروان، بەرامبەر بەداریانە و کەوتووەتە ناوچەی لهۆنی هەورامانی ئێرانەوە و (کۆسەی هەجیجی) تیادایە و زیارەتگای، سۆفی و دەروێشە.

**هەر (ن)**: هەر بەواتای (کەر) دێ و هەروەک پێشبەندێک، لەگەڵ هەندێ وشەدا دێ و زوربەی کاتیش بەواتای (یەک، تەنیا) دێ.

**هەرج و مەرج (ن)**: (پاشاگەردانی)، (هەڵەج و پەڵەج)، کەس بەکەسێ نەبوو، هەر کەس بۆ خۆی.

**هەردەجار (ئامرازی ویکچوون)**: وەک لەمەوپێش، وەک هەمیشە، وەک جاری جاران.

**هەڕگ (ن)**: بەواتای (قوڕ) هاتووە. (هەڕگاو)یش، بەواتای (قوڕاو) هاتووە و (هەڕگین)یش، بەواتای (قوڕین) هاتووە.

**هەستی (ن)**: بەواتای (ماڵ و دارایی = هەن و نییە) دێ. (هەستی) وشەیەکی ئاڤێستاییبیە و بەواتای (تێسک، پێشە، ئێسقان) دێ و هەروەها، بەواتای (بوون)یش دێ.

**هەسێران (ن)**: (تەماشای، دەشتی، هەسێران، بکە).

**هەنجیرک (ن)**: ناوی جێگایەکە، لە ناوچەی ئیناخیدا، لە ناوچەی جوانڕۆدا.

**هەوارگەی بنگوێز (ن)**: تەماشای (بنگوێز) بکەرەوە.

**هەوارگە پشتگەڕ (ن)**: تەماشای، دەشتی، گەڕ، بکەرەوە. ناوی هەوارگەیەکە، کە هاوینان ئاغا عینایەت لەوێ دانیشتووە، کەوتووەتە ناوچەی جوانڕۆ، وە، کەوتووەتە سەر ڕێگای روانسەر و پاوەوە.

**هەوش و بەدرانی (ن)**: ناوی جێگایەکە، کە کەوتووەتە نزیک دێی (دەرەی کێ)وە و ئا لەوێدا، لە نێوان لەشکری فەرهاد میرزا و هەورامیان، شەڕێکی گەورە بووە و لەشکری فەرهاد میرزا شکاوە!



**هەوشار (ن)**: ناوی ناوچەیەکە، لە دیواندەرەدا و حاڵی حازر، بەتیکاب ناسراوە.

**هۆرە (ن)**: سروودێکی ئاڤێستاییبیە و لە ناو کوردەواریی (جاف)دا، زۆر باوە.

**هوورا (ناوی دەنگ)**: جۆرە کۆمەڵە دەنگێکە، بۆ دەرخستنی خۆشیی و ڕازیی بوون و هاندان، دەوترێ. دەنگی کۆمەڵ، بۆ ئافەرین، لە کەسێ! بژی. ئافەرین.

**هیرتا (ن)**: هەوارگە ساتیاریەکانە و نزیکی ڕووباری سیروانە و سەر بەناوچەی پاوەیە.

**یانە (ن)**: بەواتای (خانوو، ماڵ، جێگای ژیان، نادی) هاتووە.

**یانە گشت (ن)**؛ (ئامرازی ئیشارە): بەواتای (ئەمانە هەموو = هەمووی ئەمانە) هاتووە.

**یاوەر جەوادخان (ن)**: (یاوەر) دەرەجەیەکی سوپاییبیە و (یاوەر جەوادخان)یش یەکێکە لەو ئەفسەرانەی ئەودەمەی سوپا، کە ماوەی بەندییەتی هەریەکێ لە بەندییەکانی دیاریی کردووە. وشەی (یاوەر) بەواتای ڕەفیق و هامراز و کۆمەککەریش هاتووە. جگە لەوەش، لەقەبی یەکێک لە سەرەک هۆزەکانی سنجاوییبیە، کە لە دێی (باوان)دا لە ناوچەی (سنجاویی)دا، دانیشتووە.

**یەخ (ن)، (ئاوەڵناو)**: یەخ، بەواتای (سەهۆڵ) هاتووە.

**یەخسیر (ئاوەڵناو. ن)**: بەواتای (دیل) هاتووە.

**یەخنی (ئاوەڵناو. ن)**: بەچێشتی (گوشتاو) دەوترێ.

**یونس (ن)**: ناوی پێغەمەرێکە و...

# بووکی ڕەشپۆش

بەناوی خوای گەورە

## وشەیەک

نیشتمان، دایکێکی هەتاهەتایی دڵسۆز و خۆشەویستەو نەبێزراوە و هیچ جۆرە هۆیەک، تەگەرەیەک، ناتوانێ بیبیزرێنێ لە هەموو ڕوویەکەوە، لە دایکی ڕاستەقینە ئەوەی کە نۆ مانگە و نۆ ڕۆژەت لەگەڵ دەکێشێ و بە شیری مەمکانی سنگی بەخێوت دەکات دڵسۆزترە و بە سۆزتریشە.

ئەوەش، کە دەبێت بە هۆی ئەوەی کە باوەڕت بەم وتەیە هەبێت ئەوەیە کە کاتێ یەکێ لەناو خێزانی خۆی دا کۆچی دوایی دەکات هیچ لە خۆشەویستانی تەنانەت دایکی، ناتوانێ بۆ ماوەیەکی زۆر کەمیش لە ماڵەکەی خۆی دا ڕای بگرن بەڵام دایکی گەورە، کە خاکە و گڵ و ئاوەکەی نیشتمانە بەو پەڕی دڵسۆزییەوە، باوەشی بۆ دەکاتەوە و دەیگرێتە خۆی و هەتا هەتایە پارێزگاری، دەکات ئەوە نیشتمانە، بەوە، میللەتان، هەریەکە لەوانە ، خۆیان لە پێناویی دا بەختەوەر ئەکەن تا وەکو بتوانن بەئازادیی و سەربەستیی لە ژیاندا تێدا بژین و لە کۆچی دواییمان دا بحەونەوە.

بۆ پارێزگاری نیشتمان، هەر میللەتێ، هەوڵ دەدات کە نەتەوەکەی و نەتەوەکانی یەکگرتووبن تا وەکو بە هۆی یەک گرتنەوە بتوانن نیشتمانیان و نەتەوەیان بە سەرفرازیی و ئازادیی بژین.

کوردستان، ئەگەرچی لە ماوەی پتر لە هەزارساڵێکدا، توانیوویەتی بە هۆی مادەکانەوە سەربەست و ئازاد بێت بەڵام لەبەر چەند هۆیەک ئەو سەربەستی و ئازادیەی بۆ نەماو هەندێ لەو هۆیانەش کە وەک بێگانە بە دۆست گرتن و لە بیرکردنی گەل و هۆز و عەشیرەت و نەتەوە و بەکزگرتنی لایەنی ئابوریی و ڕامیاریی و لاکردن بەلای لەزەتی دنیایی نابرەوداو بەرپاکردنی یاسای خود پەرستیی و دەرەبەگیی و هەندێ هۆی دیکەی زۆر گرنگ کە وەک دەوڵەمەندی وڵات بێ.

ئەوەبو کوردستان، بوو بە جێگای چاوتێ بڕینی، بێگانە لە دەرەوەی سنور، بەتایبەت دراوسێیانی ئاکادیی و ئاشوریی و ئەوجا هەخامەنشی و عارەب و تورک و رووس.



لەلایەنی ئاکادیەکانەوە، ناوچەکانی شارەزوور کە ئەوکاتە (زاموا)ی پێ ئەوترا هێرشی برایە سەر و ئەوجا ، پاش کوشتن و بڕینێکی زۆر تاڵان و چەپا و کراو پاش ماوەیەک هەمان دەستور ناوچەکانی کوردستان لە لایەن، ئاشوریەکانەوە لەم لاو لاوە بە مەبەستی تاڵان کردن و چەپاوکردن هێرشی دەبرایە سەر لەم ڕووەشەوە بەتایبەت لە دەمی سەنحاریب وە دواتری ئەو، کوشتن و بڕینێکی زۆر لە کوردستان دا کراو، تاڵان و چەپاوێکی زۆریش کرا.

پاش چەند سەدەیەکی دیکەش، لە لایەن، هەخامەنشێ کانەوە و ئەوجا ، لە لایەن یۆنانیەکانەوە و ئەوجا لە لایەن عەرەبەکانەوە (و لەم ڕووەشەوە مێژوو نەختێکی زۆر کەمی تا ئەمڕۆ هێشتوەتەوە ئاشوریەکان ئەوجا عارەبەکان) ، زۆریان بە کوردستان کردووە بە قەدەر کردەوەی ئەمانیش بێگانەکانی دیکەش هەوڵی ئەوەیان داوە کە فەرهەنگ و بەسەرهاتی مێژوویی کورد و نووسەرنیان نگۆم بکەن تورکەکانیش لە زۆر ڕووەوە، باقی ئەوانی داوەتەوە چەندان سەدان ساڵ کوردستان، لە ژێر، ستەم و جەوریانە بەڵام، بەهۆی زۆر هۆوە، ئێمە حاڵی حازر، هیچ جۆرە سەر گوزەشتەی، ئەو ڕوداوو بەسەرهاتەمان، بە لاوەنێیە حاڵی حازر، حەمە ڕەشید ئەمینی، کە یەکێکە لە شاعیرە لاوەکانی ناوچەی هەورامانی لە هۆن، توانیوویەتی ڕازێکی دەمی پاوەییەکانی دەمی هێرشی تورکەکانی عوسمانی کۆ بکاتەوەو بیخاتە قاڵبێکی هەڵبەستەوە.

ئەڵبەت ئەگەر هاتو ویستت سەر گوزەشتەیەک بخەیتە سەر ئاوازی هۆنراوە، ماندوبونێکی زۆری پێ دەوێ، کە وەک ئاگاداربوونی سەر گوزەشتەکە، بەپامانی و زامانی و بێ پیوە هەڵبەستن و گەڕیان بە دوای وشەی گونجاو لەگەڵ ناوەڕۆک داو بسازی لەگەڵ (قافیە) سەرەوادا و هەندێ هەڵسوکەوتی دیکەی هونەریی پێویست بە هۆنراوەیە کەوا بێ.

ئەم جۆرە گەڕانو بیرکردنەوە و ئاگاداری کردنە، ماوەیەکی زۆری پێ دەوێ و بۆیە، هەرگیز ناچێتە ڕیزی هۆنراوەی ڕۆمانسیز مەوە و بەهەڵبەست لە قەڵەم دەدرێ.

بە هەر حاڵ، باسەکە، زۆر جوانە و مێژووییەو بەهەزاران، سەرگوزەشتەی وەها و جۆرانی دیکەش، ڕوویان داوە و بەڵام داخەکەم، هەر وەک دەردەکەوێ، یان تۆمارنەکراون یان ئەگەر تۆمار کرابن، نەکەوتوونەتە بەر دەست، یان ئەگەر دەستیش کەوتبن، لەوانەیە تووشی نا دڵسۆزێ کەوتبن و لەناو برابێ، یان برابن:

باسەکە، خراوەتە، چوارچێوەیەکی هەست جوڵێنەرەوە و، هەست و بزێوی ڕاستی تێدا، ڕەنگیان داوەتەوە.

پاڵەوان (کچە) و ئەوجا (برا) و پاشان ئەوەمان، پیشان دەردێ کە گەڕانەوە، بۆ نیشتیمان، ئەرکێکی نەتەوایەتی مرۆڤایەتییە من بەش بەحاڵی خۆم، هانی ئەم برا خۆشەویستەم ئەدەم کە بەردەوام بێ لەسەر هەنگاوی وەها و ئومێدواریشم، کە هەر یکێکی دیکەی وەک ئەم، هەوڵی نەمری خۆی داوە، ئەوانیش لەسەر ئەم ڕێڕەوە، ڕێڕەویی زندوکردنەوەی کەلەپووری کوردیی هەوڵی نەمریی و جاویدانی خۆیان بدەن.

هەورامانی

پاوە ١٩٩٢/٢/٢٥



## چۆنیەتی دانانی ئەم چیرۆکە شیعرە

هەر بەمنداڵی، چەنها جار لە زمانی باوکم کە کچەزای کەیخا کەنعان بووە، ئەو بەسەرهاتەم بیستووە، منیش زۆر حەزم لێی ئەکرد، بۆیە بەوردی گوێ ڕایەڵی ئەبووم، زورها جاریش هەر ئەو بەسەرهاتەم لە زمانی، گەورە پیاوان و کەسانی دیکەش ئەبیست.

ئاواتە خوازی، ئەوە بووم ڕۆژێ، بتوانم ئەو بەسەرهاتە کە ئەمڕۆ بەشێوەی ڕازیە، ئەیگێڕنەوە بی هێنمە سەر کاغەزەوە بۆ ئەوەش، پێویستیم بە زانیارێکی زۆرتر لەو بابەتەیەوە هەبو تەنها سەرچاویەکیش کە ئەم توانی، کەڵکی لێ وەرگرم، لاپەڕەی سنگی گەورە پیاوان و ڕیش سپیانی بە ساڵاچوبوو، بۆیە نزیک بە دو ساڵ ئەو بەسەرهاتەم لە زمانی گەورە پیاوانی بەساڵا چووی شاری پاو ئەبیست و کۆم ئەکردەوە، لەگەڵ ئەوەی کە خۆم، زووتر بیستبووم، بەراوردم ئەکرد، هەتا بەو بڕوایە گەیشتم نابێ لەوە زیاتر لە نێوی سینگانا بمێنێ تەوەو هەر کەسێ بۆ خۆی شتێکی پێ زیادکاووە یا خۆو لێی بەبڕێ.

بەم بۆنەیەوە، لە ساڵی ١٣٦٦ (هە)دا دەستم دایێ دانانی ئەو بەسەرهاتە، بەشێوەی شیعری و توانیم لە ماوەی شەش مانگا ئەم بەرهەمە بخەمە بەر دەستی خۆینەرانی بەڕێز، پێشم خۆش نەبوو، لە چوارچێوەی بەسەرهاتەکەدا بێمەدەری و بابەتێکی حەماسیو پاڵەوان بازی و خەیاڵی پێ بدەم، وەهاش ئەزانم ژیانی ئەدەبی ئەمڕۆ، ئەو بابەتانەی کەوا نزیکتر بەڕاستین باشتر وەر ئەگرێ و پلەو پایەی تایبەتیان پی ئەدا حەز ئەکەم پێش لێکدانەوەی ئەو بەسەرهاتە بەشێوەیەکی گشتی و کورت، سرنجی ئەوخاڵانەی بدەین کە زۆرتر منیان ماندوو کرد.

هەروەها کەوتمان، ئەوە بەسەرهاتێکی ڕاستەقینەیە کە ئەمڕۆ بەشێوەی ڕازێکی لێ هاتووە و هەر کەسێ بۆ خۆی بەجۆری ئەی گێڕایەوە.

چەن کەسێ ئەیان گوت، ئەو شارەمیر و یارەمیرەی، وا بەشێکی گەورەی ئەم بەسەرهاتەیان وا بە ئەستووە، منداڵانی، کەیخا کەنعان بوون.

بەڵام زوربەی زانایان و گەورە پیاوانی بە ساڵاو چوو، بڕوایان لەسەر ئەوەبوو، کە ئەو ڕووداوە لە سەردەمی کەیخا کەنعانا ڕووی داوە و شارەمیر و یارەمیریش، منداڵانی کەیخا کەنعان بوون کە ئەو بەسەرهاتەیان خولقاندوە.

منیش لەسەر ئەو بڕوایەم، کە بڕیاری دووم ڕاستەو ئەوەش بەنیشانەی ئەو دوو خاڵە.

**(خاڵی یەکەم)**

کەیخا کەنعان پاش ڕۆشتنی منداڵەکانی، چاوەڕوانیەکی زۆر، بۆو هەڵۆ گەڕانەوەیان ئەکا، بەڵام بەچاوەڕوانی، هیچەکی بۆ نایەتەدی، ئەکەوێتە هەواڵ پرسین و هەواڵ زانین، بۆی ڕوون ئەبێتەوە، کە ئەوان وان لە شاری (ئەسەموڵ) داو خوشکەکەیان دۆزیوەتەوە، ئەویش ئەکەوێتە ڕێی و ئەڕوا بەشوێنیانا، پاش ماوەیە ئەگاتە شاری (ئەستەموڵ) و منداڵەکانی ئەدۆزێتەوە، لەو کاتەی کە هێشتا شەکەتیی لەشی دەرناچێ، داوی ئەجەڵ یەخەی ئەگرێتو هەر لەو شارەدا کۆچی دوایی ئەکا.

**(خاڵی دووەم)**

زۆربەی ئەدبیان وە ئەدب دۆستان بەوەی دەزانن کە میرزا عەبدولقادری پاوەیی یەکێک لە شاعێرانی پایە بەرز و ناسک خەیاڵی ئەم ناوچەیە، کە چەنها ئاساری جوانو بە پێزی خولقان دووە یەکێ لەو ئاسارانەی، پارچە هەڵبەستێکە، بە ناوی کولەو عاینەمەل، هەموو ئەو بەڕێزانەی وا ئەو پارچە هەڵبەستەیان، خوێندوەتەوە، یان نوسیویانە، لەو بڕوایەن کە میرزا سپای عوسمانێکانی بە کولەو، سپای ئیرانیەکانی، بە عاینەمەل لە قەڵەم داوە، هەروەها مامۆستای پایە بەرز و نووسەری گەورەی کورد محەمەد ئەمین هەورامانی، لە لێکدانەوەیەک، لەسەر ئەم بەشەی لە دیوانەکەی کە لە بەغدا بە چاپی گەیاندووە ئەو بابەتەی بە باشی روون کردوەتەوە.

میرزاش هاوچەرخی کەیخا کەنعان بووە، لەوکاتەدا پیاوێکی قەڵەم بەدەست و وریا و زانا بووە و دوورنی کە ئەو روداوەش هەر لەو سەر دەما رووی دابێ، ئەویش نەی توانیوە هەروەها بێ دەنگ دانیشێ و چاولێک نێ. بۆیە هاتووە ئەوز لمو زوورەی، هەردوو لایەنی بەو شێوەیە، لە چوارچێوەی ئەو هونراوەیەدا بۆ ئیمە روون کردووەتەوە.

ئەو دو خاڵە ئەوەمان بەباشی، بۆ ڕۆن ئەکاتەوە کە ئەو ڕووداوە، لە سەردەمی کەیخا کەنعان بووە بەم بوونەیەوە و چەند هۆیەکی تریش، منیش بەرهەمەکەم بەناوی، منداڵانی کەیخا کەنعانەوە داناوە.

شایانی باسە، ناوی ئەو کچەی کەیخا کەنعان، کەوا سپای عوسمانێکان بەدیلیان بردبوو، بۆمان ڕوون نەبوویەوە کەچی بووە، چەن کەسێ ئەیان گوت، پەرینیسا بووە، برێکی دیکەش ئەیان گوت، سەلمابووە بەڵام من جار بەجار لە ناوی بەرینیسا کەڵکم وەرگرتووە.



## کورتەیێ لەو بەسەرهاتە

گوتمان ئەو رووداوە کە ئەمڕۆ بەشێوەی رازێ ئەیگێڕنەوە ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە کە لە ناوچەی هەورامانە وە شاری پاوەدا ڕووی داوە، هەر وەک هەزاران رووداوی تر کە بەداخەوە، یان لەبیر چونەتەوە وەیان فەوتاون.

نزیک ١٢٠سال لەمەوبەر، چیا بەرزەکەی شاهۆ وەک دایکێکی بە بەزەیی منداڵانی خۆی لە داوێنی پاکو خاوێنی دا پەروەردە ئەکرد، لە هەموو کۆسپ و چەڵەمەیە دەی پاراستن، نەسەر ماو سلۆوەی زستانی زاڵم نەسەبوونو قاقی گەرمای هاوینی دڵ ڕەق نەی توانی بەسەریانا زاڵ بێ و ڕایانماڵی.

ئەو چییابەرزەی شاهۆ و هەورامان ئاواتی چەنها داگیرکەریان ناوەتە گۆڕێ، هیچ کاتی خۆیان نەداوە بە دەس بێگانەکانەوە، چەنها جار هروژمیان بۆ هێناوە، ڕۆڵەکانەی هەورامان بەپشتیوانی چییا بەرزەکانی، نەیان هێڵاوە داگیرکەران، بەئاواتی خۆیان بەگەیەن.

بەڵام ئەو جارە چییا بەرزەکەی شاهۆ لە بەرەبەیانی هاوینێکی سوردا تەمی خەفەت دای پۆشی بوو، نەی زانی کە سپای عوسمانێکان، بەفێڵ و تەڵەکە بەرەو ناوچەی هەورامان بەرێ کەوتوون.

لەو سەردەما پاوە شارێکی چکولەو خنجیلانە بوو کە دەکەوتە بەر هوروژمی ئەو سپایە، یەکێ لە پیاوە ماقوڵەکانی ئەو شارە بەناوی کەیخا کەنعان کە سەرەی عەشیرەتە و جێگەی ڕێزی هەموان بوو بەبیستنی ئەو هەواڵە، چەن کەس لە ریش سپیان و گەورە پیاوانی شارکۆ ئەکاتەوەو بیر و ڕایان بۆ چارەسەرکردنی ئەو ڕووداوە کە لە پێشدای دەپرسێ، هەموویان بەتێک رادێنە سەر ئەو بڕوایە، بۆ ماوەیە شار چۆڵ بکەن هەتا وەکو ئوردوی عوسمانێکان لەو ناوچەیەتییێ پەڕن کەیخاش ئەو رایەی لاپەسەن ئەبێتو بەجاڕچی دەڵێ، کە لە شار جاڕبدا هەتا بۆ ماوەیە شار چۆڵ کەن، خەڵکیش بەبیستنی ئەو هەواڵە دەس بەجێ بەرەو داوێنی شاهۆ دەکەوتە ڕێی ماڵی کەیخاش کە گەورە ماڵ ئەبن، بۆ جێ بەجێکردنی کەرە سەو ئەسبابی ماڵ و مەڕ و ماڵاتیان، دەس بەکار ئەبن، کەیخا سێ کوڕ و دوو کچی دەبێ، یەکێ لە کوڕەکانی منداڵ ئەبێو دو کوڕەکانی تری بەناوانی شارەمیر و یارەمیر، کە پاڵەوانانی ئەم بەسەرهاتەن تازە لاوو پێ گەیشتو ئەبن، دوو کچەکانیشی یەکییکیان عازەو ئەبێتو ئەویتریان منداڵ، دوو کوڕە گەورەکانی هەر کام، بەشێوەی بەرەو

دولّی بانه مەڕان بەڕێ ئەکەون، کەیخاش لەگەڵ منداڵەکانی تری پاش ئەوەی لە خالّی بۆنی شار دلّنیا ئەبێ، بەرەو بانە مەڕان بەڕێ ئەکەوێ، دەڕۆن هەتا ئەگەنە، نزیکی میر ئاوا لەوێدا کەیخا بە بیری دێتەوە کە چەند قەواڵەکونەی خۆی و خەڵکی لایەکە لە دەرەوەی ماڵ بەجێی هێلاون، دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆیان، کچە گەورەکەی بەوەی دەزانی، ڕووی تێ ئەکات و دەڵێ، بابەگیان تۆ ئەمڕۆ زۆر ماندوو بووی نابێ لەوە زیاتر خۆت ماندو بکەی، من دەڕومەوە و ئەو شتانەی وا بەجێ ماون دەیان هێنم، ئێوە وردە وردە بجولّێن.

کەیخاش دەڵێ کچم ئەوە هەرمانی تو نییە، کچە دووپاتی ئەکاتەوە، نا بابەگیان ئەگەر تو لەوە زیاتر خۆت ماندووکەی بەرهەمەکانی دیکەت ناگەیەی، هەرچی باوکی دەڵێ کچە دەکەوێتە سەریو هەڵدەگەڕێتەوە، تا وەکو ئەگاتە ماڵ و ئەو شتانەی وا باوکی بەجێی هێلابوون ئەیاندۆزێتەوە و بەرەو بانە مەڕان هەڵ ئەگەڕێتەوە، ڕێگا ئەبڕێ هەتا ئەگاتە کەلیان لە ملەی کەلیان سەر دیەنێتە دەری پێش قەرەوڵانی سپای عوسمانێکانی، بە بەر چاو ئەکەوێ، دەیەوێ خۆی هەشاردا ماوەی پێی نادەن، کچە خەنجەرێ کە باوکی پێی دابو ئەی گرێ بەدەستەوە و هەڕەشەیان لێ دەکا بۆ هەر کامیان لیەی نزیک کەونەوە.

سەر دەسەی پێش قەرەوڵەکان کە سەر دەسەی بەشێ لەو سپایە دەبێ، بەیەک جار دڵی بۆی دا ئەخورپێو شەیدای ئەو هەموو جوانیو لێ هاتوویە ئەبێ، لە سەرزینی ئەسپەکەی دێتە خوارێ و ڕووی تێ ئەکات و، دەڵێ ئەتۆ بۆ ئێمە بەئەسیر ئەژمیردرێی بەڵام ئەمن بەڵێنت پێ ئەدەم، کە زەمانەتی تۆ بەئەستۆ بگرم و نەهێلّم هیچ کەسێ کیش دەستت پێوەدا، بەو مەرجەی ئەو خەنجەرەت لابەی و لەگەڵمان بەڕێ کەوی.

کچە ئەوە ئەبیسێ، بەرەو ئەو پیاوە پەلامار ئەدا کە یەکێ لە سەربازەکانی لە دواو پەلاماری لێ ئەدا و خەنجەرەکەی لە دەست ئەستێنێ، کابرای سەرکەردە لەو سەربازە توڕە ئەبێتو، دەڵێ بە چە هەقێ ئەو خەنجەرەت لە دەستی ئەو ئافرەتە سەند، جوابی ئەداتەوە گەورەم ئەو خەریک بو تۆ زامار بکات زامار بوونی تۆش بۆ ئێمە زۆر گرانە، کابرای سەرکەردە دەڵێ، ئەویش بەراسی بۆ خۆی سەرداریەکە، چونکەتەی ئاوا بەبێ مەترسی لە بەرابەری ئێمەدا ڕاوەستاوە، دووبارە ڕوو ئەکاتە کچەو دەڵێ لەوەی زیاتر خۆت ئازار مەدە ئەتۆ هەروا کەوتم بە دیل بۆ ئێمە ئەژمێردرێ، منیش زەمانەتی تۆم بە ئەستۆ گرتووە، کچە حازر نابێ بە هیچ شێوەی خۆی تەسلیم بکا، ئاخر مەجبور ئەبن بەزۆر ئەی گرنوو لەگەڵ خۆیانا ئەی بەن.



هەر ئەو سەرکەردە پاش ماوەیە ڕەزایەتی بەجێ دێنێتەتو بە شەرعی ئیسلام مارەی ئەکاتو ئەبێ بە حەلّالّو هاوسەری.

لەو لایشەوە ماڵی کەیخا، پاش ئاگاداربوونی لەوەی کە کچەکەیان بەدیل گیراوە، دەکەونە ڕاوێژ کەچی بکەن و لەو بارەیەوە هەر کەسێ بۆ خۆی بڕیارێ ئەدا، یەکێ دەڵێ ئەبێ لەگەڵ سپای دوژمنا شەڕکەین و بی هیەنینە دواوە، یەکێکی کە دەڵێ ئەبێ بە پولّو پارە لە شوێنی سپاکەوین بەڵکو بی هێنینە دواوە.

هەر کەسێ بڕیاری ئەدا بەڵام کەیخا کە ڕاحەتی و ئاسایشی قەومەکەی دەوی دەڵێ ئەمن ڕازی نیم هیچ کەسێ خۆی بۆ کچی من خۆی بخاتە ناو گێژەداوی لەشکری عوسمانێکانەوە هیچ هەرمانێکیش بەپەلە ناکرێ، خۆتان ئەزانن ئێمە ناتوانین لە بەرابەری هێزی ئەوانەوە ڕاوەستین، ئەگەر ئەو هەرمانە بکەین، تەواوی لاوان و پیاوە لێ هاتووەکانمان لە دەس ئەدەین و تالّانمان ئەکەن و منداڵەکانیشمان هەموویان بەدیل ئەبەن.

پاش ماوەیەکی کورت، شارە میرو یارە میر، منداڵانی کەیخا کەنعان، ئارامیان لێ ئەبڕێو بەهیچ شێویە ناتوانن لەوەی زیاتر خۆیان ڕاگیر کەن دەچنە لای کەیخا و بەهەر جۆرێ دەبێ قەناعەتی پێ دەکەن کە بچن بەشۆینی خوشکە کەیانا، دەکەونە ڕیێ و شۆینی سپای عوسمانێکان هەڵ ئەگرن و بەپرسیارکردن هەتا ئەگەنە لای گۆمی ورمی، لەوی بۆیان دەر ئەکەوێ، کە ئەو سپایە گەڕاوەتەوە و بۆ خاکی عوسمانی.

ئەوانیش: پاش فێربوونی زمانی تورکی ڕوودەکەنە خاکی تورکیا و زۆر ئەگەڕین هەتا ئەگەنە، شاری (ئەسەمولّ) بەچەن شێوە لەو شارەدا گەڕیان دەس پێ ئەکەن بەڵام هیچەکیان بە دەس ناکەوێ هەتا وەکو کابرایەکی زانایان زانینی ئەو بەسەرهاتە ڕوویان تێ ئەکاتو، دەڵێ ئێوە ئەبێ هەر بەو جلوبەرگەی خۆتانەوە و بەزمانی خۆتان لەم شارەدا بگەڕێن هەتاکو ئەو ئێوە بدۆزیەتەوە، ئەمانیش زۆر سپاسی ئەو کابرایە دەکەن و بەشێوەیەکە ڕێنوێنی کردن دووبارە گەڕیان لە شار دەس پێ ئەکەن و ئاخر لە نێو ماڵێکدا خوشکەکەیان ئەدوزنەوە.

بۆیان دەر ئەکەوێ کە شوی کردووە و مێردەکەشی سەرکەردەی بەشێ لە سپای عوسمانێکانە و چەند منداڵیشی هەیە.

کاتێ مێردەکەی ئاگاداری ئەوە ئەبێ زۆری پێ خۆش ئەبێ بەڵام لەوەی ئەترسێ، کە ژنەکەی بەگوێ براکانی بکاتو هەڵ گەڕێتەوە بۆ پاوە، هەر بەم بوونەیەوە زوو دەس ئەبێو

دو کچی جوانیان بۆ دەس نیشان ئەکاتو زەماوەندی باشیان بۆ ئەگێڕێو ژیانێکی تەواویشیان بۆ ڕێک ئەخا، ئەوانیش لە ئەو پەڕی شادێو خۆشی دا ئەژین.

ماوەیەکی زۆری پێ ئەچێ هەتاکە چاو، ئەکەنەوە و دێنەوە سەر خۆیان دەبینن کە هەرکام چەند منداڵیان هەیە، ئیدی پێی هەڵ گەڕانەوەیان نەماوە، پاش ئەوەش کەیخا کەنعان ئاگاداری ئەوە ئەبێ، کە منداڵەکانی وان لە شاری (ئەسەموڵ)دا ئەویش ئەڕوا بەشۆینیانا بەڵکو بتوانی هەڵیان گەڕێنێتەوە بۆ پاوە، بەڵام بەداخەوە، داوی ئەجەڵ ماوی پێ نادا و هەر لەو کاتەدا کە ئەگاتە ئەو شۆینە و دیداری بەدیداری منداڵەکانی شاد ئەبێتەوە هێشتای شەکتیی ڕێگای لە لەش دەرناچێ کۆچی دوایی ئەکات و هەر لەو شارەدا ئەی نێژن منداڵەکانی ئیدی بۆ هەمیشە لەوێ جیێ نیشتە ئەبن و لەو شارەدا ئەمێنێنەوە.

حەمە ڕەشیدی ئەمینی (سمکو) پاوە

بەنامێ خوای

ئەوەڵ بە نامێ حەی بێ هەمتا
خالق مەخلوق ئەو ئەرزو سەما
غەفورو کەریم دەوا بەخش دەرد
وەهەم چەرخنای هەوایی گەرمو سەرد
زینەت بەخش هەق سەنگ موغاران
شەفا دەهەندەی دەرد بیماران
نازر بە کردەی گشت مەخلوقاتەن
نەزم دەهەندەی ئەی سەر بەساتەن
بە نام ئەو ڕەب زمانو نەفەس
بنویسو مەکتوب ژیان دو کەس
بنویسو باس دو شێر ژیان
شارەمیر وەش ناو یارە میر حەیران
دوسان ڕەفێقان هاو قەتارانم
بشنەودێ شەرح ژین یارانم



یە حەقیقەتەن با نەشۆ وەباد
نەسڵ پەی نەسڵ بمانۆ وەیاد
یارەب تۆ بدەم تەوانا و تەوان
تا کەرو باسی نەوادەی کەنعان
کەنعان شەخسێ بێ دانا و سەرشناس
مەحبوب نەما بەێن قەومو عامو خاس
بە دانایی وێش نەو دەورەو ناوە
هۆر بژاریا بە کەیخای پاوە
ئەو کەیخا کەنعان نان دار و وەش لەب
پاوەیی هەق بە ئەسڵو نەسەب
پەی گەلو هۆزش نەو زەمانە و دەم
شەریکشان بی پەی شادێو هەم غەم
چون ئەو دەم عالەم زەل زەلەش خێزان
تورک عوسمانی وێش یاو نا ئیران
ئیران بی مەیدان تاخت بێ گانە
ئاڵیچ بێ لایق قاجاریش زانە
ئینگلیس باشوور داگیر کەرد نەپێش
روسیا باکوور کەرد وەیانەی وێش
تورک عوسمانی جە ما ڕۆژ ئاوا
خود نمایش کەرد نەی سە راو ماوا
شارەزوور تەی کەرد هەورامان نە پێش
پاوە پۆ شا بێش کالای ئێش و نێش
خەورەشان ئاورد لەشکری تورکان
جارچی نە پاوە جاڕش کەرد بەیان
وات ئەی مەردمان بیدی ئاگادار
نزیکەن لێمان سپای بێ شمار
تەوانا و قودرەت شەڕ لامان نێیەن
قیام پەریمان جای ویرانییەن

کەردشان تەکویر گەورە و سەروەران
واتشان خاستەرەن وێشان لابدان
ئەو کەیخای کامڵ پەرێ رای جارە
وات چوڵش کەردی تەمام ئی شارە
وێ پەنادەیدێ نەپای شاهۆ کۆ
نا سپای تورکان جە ئێمە رەد بۆ
وێش گێلا تەمام کوچە و کۆڵانان
کرد رەوانە کەرد ئەهلو برایان
ئینجا گێلاوە پەرێ یانەی وێش
وەسائیل کۆچ حازر بێ نەپێش
جەباغ ژین کەیخای وەش کەلام
پەنج نۆ نەمامی ساحێو عەقڵو فام
دوێ کناچێ ی پڕ شەرمو حەنیف
دوێ نونەمام یۆ ساوای لەتیف
شارەمیرا کاکە یادەمیر ما بەین
ساوا رەشید ناو ناوردە بێ زەین
بابەکە پیر بیو ئەو رۆ پەرێشان
پەی راحەی قەوم زەحمەتش کێشان
وات با بنیشو تازە بۆ نەفەس
وانە شارەکەم نەمەندەن هیچ کەس
نە ئەو دەم قاسد خەوەرش ئاوا
کەیخوا ئاخێز کەر نا قاڵە یاوا
کەیخا نەو سەرا واتش روڵە گیان
کۆچ مەشیو بلو ئەو بانە مەڕان
جەعەشرەتو قەوم نەو سەرا جەمەن
باکۆل چانە بان دڵ خاتر جەمەن
با بە هەم چەنی کناچان کەو را
بەدڵەی پڕغەم پاوەش ئاس جییا



شارەمیر چەنی قافلەی کوچ کەو را
یارەمیر یخ کەرد ئەو ئەخشام نەو جاو
لوای تایاوای دەرەو میر ئاوا
نەو دەم جە پاوە کەردشان ماڵ ئاوا
چانەیی کەیخوای با تەدبیر و هۆش
ئاما یاد ئەسناد بییەن فەرامۆش
زەم زەمە بەرزیی پەڕی رای چارە
چێش کەرمێ گردین مەوان بێ چارە
یۆ چەکناچان حاڵش کە زانا
جە پەشێوی باب خەیاڵ ش وانا
روکەرد ئەو کەیخوا واتش بابەگیان
مەلو ماوەر و ئەسناد جەیانان
شارەمیر چەنی کۆچمان لوان
یارەمیر یاوان دەروەنو مەڕان
ئەتوێچ کە پیر و هازت نیەن چەم
ئەمن مەلو نە ماوەروش نەدەم
بابە هەرچی وات رووڵە دەخیلەن
ئەو ئەسناد پەی من لای تۆ قەلیلەن
وات بابە پەی من مەبە دڵ گران
من چەنی ماز و تۆ بی پەرێشان
کەسێ جەنوتفەی کەیخوا کەنعان بۆ
جەرۆی تەنگانە جملەی شێران بۆ
هەرچی کەرد رجا پیرە دانای دەر
کناچێ غرور کەوتە بێ نەسەر
بابە دیش حەتمەن مەلووە دما
خەنجەرەکەی وێش بەو کنا چێ دا
گێلاوە پەرێ پاوەی چۆڵ ماوا
غیرەت نمانا وە یانە یاو

ئەسناد و نامە هەرچی بێ نەدەم
جەمش کەرد ئەمجا دڵ بە خاتر جەم
ئەوەڵ وات گیرو ئەمن رای قەڵا
تا نەگنو نەدام هیچ گێژ و بەڵا
بەڵام دیش ئەو راپەڕ پێچو گەردەن
رای حەو براڵە ئەو هۆر بژەردەن
کەو رانە ئەو دەم پەریسای ژنان
تەیش کەرد ئەو ڕێگا تا یاوا کەلیان
وەختێ وەو ملە سەر ئاوەرد وە بەر
قافڵە چی سپاش ئاما وەنەزەر
سەر قافڵە کەدیش پەرێ روخساری
کەوتەن تەقالا پەرێ را یچاری
ئاماوە بەردەم شاسواری زیر
وات تۆ پەی ئێمە بیەنی ئەسیر
خەنجەر بەر ئاوەرد ویسا برانبەر
وات ئەگەر مەردی دەس باوەر وەبەر
شاسوار تورک کەردیش ئەو حاڵە
عەقڵەش بی پەشێو پەی ئەو جەماڵە
نە سەر زین ئەسپ پانیا زەمین
ئاماوە بەردەم روخ پەری جەمین
واتش تەقالا پەی تۆ بێ سوودەن
هەرشەو خەنجەر کارێ بێ هودەن
تۆ ئەسیر بەدەس ئەمن زەمانەت
چینەێ زیاتەر مەبو ئەهانەت
بەرەو ڕووی ئەو تورک ئاما بە خەنجەر
یەک لەحزە غەفڵەت مەکەردش بێ سەر
پێش خزمەت نەو دەم پەلامارش دا
خەنجەرش نەدەس شێرە ژەن سانا



سەر کەردە بە تاڵ رو کەرد نە ئەو فەرد
وات بە چە هەقێ کار پاسەت کەرد
داش جوا و گەورەم تێخ بێ ئامانەن
بڕینی جەسەت پەیمان گرانەن
ئاڵ کێشا خەنجەر پەی سەر سەردار
تاقەتم جە کۆن چەم بدێو بێ کار
وات ئەویچ بەهەق پەی وێش سەردارەن
چون نە ڕووی ئێمە وەک شێر ئیزهارەن
ڕوو کەرد ئەو پەڕی وات ئاخر کەلام
تۆ ئەسیرەنی تەقالا بێ کام
هەر چیشان پەی وات بەو زمان کین
وێش تەسلیم نەکەرد زادەی شیرین
ئاخر مەجبوور بین بەسشان نەبەند
کەردشان نەبەر دەس و پا پێوەند
ئەسیرشان کەرد کەیخوا زادەی چەم
ئاوات پەی مەوتش مەواسش هەر دەم
فەرماندە رو کەرد ئەو رومەت پەڕشین
دیش هەڵس هونی حەڵقەن نەجەمین
وات ئەی پەری ڕوو وێت مەکەر بێ کەس
ئەمن زەمانەت تۆم گرتەن وەدەس
بەکینو غەزەب نگا کەرد پەرێش
بێ تەرس چانەی هەرچی مەیۆ پێیەش
تف کەرد نە زەمین نە روی ئەو سەردار
وات مۆێ جەمەرد نێیەن تان وەبار
مەگەر تۆ ڕۆستەم یا ئەسفەندیار
یا سەردارانی ئیرانی دیار
ئەسیرت کەردەن وەی جۆر مەنازی
دەلیلو برهان پەی من مەسازی

فەرمانده دیسان بە زمانی شیرین
وات ئەی نازەنین شای شیرین جەمین
ناسەزا و نفرین فایدەش نییەن
دڵ رەق تورک پەی تۆ موم بێیەن
ئەر غەرەزبو قین جەویت کەری دور
شەرتەن لابەرو ئەو بەن بەزەرور
وات قەسەم بە زات حەی هەق پەسەند
وەگەر یەک لەحزە خەلاس بو جەبەند
ئەگەر پەیم هۆردان داری قەناره
ئەوەڵ جەرگ تۆ مەکە روپاره
فەرماندە کە دیش هیمای نەویەن رام
پەی مدەتیوە نە واتش کەلام
«کەیخوا کە یاوا مەڕان»
با مانۆ باسی تید چەنی سپا
حەرەکەت دریا بێ شۆنو ماوا
کەیخوا کە کۆچش وە مەڕان یاوا
تا ئەو دەم جەم بین رۆ بی خۆر ئاوا
کاتێ وەرەتاو داش ئەو سەر کەشان
جەم بین نەو سەرا کوڵ قەومو خوێشان
پەرساش ئەحوالان هاو دەمانو خوێش
لوا تا یاوا بەو مەنزڵ گای وێش
..........................
دیش نە ئەو ماوایۆشان بیەن کەم
پەی چەن لە حزەیوە کەلام ناما دەم
روڵە ، گەل دیشان بابە بێ دەنگەن
روخسارش کەم رەنگ زوانش لەنگەن
واتشان بابە چێش ئامان وەسەر
گەر ناوەشەنی حەکیم بۆ خەوەر



واتش روڵە گیان پەری نیسا کۆن
نیاوان وەماڵ رەنجم بێ ئەو رون
واتشان بابە ئاڵ چەنی تۆ بی
ئەو کۆ گە لوان عەزمش ئەو کۆیی
وات کاتی یاوام چەمەی میر ئاوا
دام وە سەر ئەژنو ئەسناد مەنەن جییا
ئالیچ دیش ئەمن دڵم بی وەباڵ
لوا وە پاوە باوە رو ئەسناڵ
ئیسایچ مەوینو نیاوان وەبەر
مەتەرسو چێوێش ئاما بۆ وە سەر
واتشان با بە ئاڵ وێش هۆشارەن
مەیاوو نەرا ئەر نەکۆ سارەن
بنیشە ئارو مانیان جە ساد
تازە کەر هەوای ئەرواح حەسەد
دەسەڵات نەوی نیشت نەسەر هەوار
شەو کە ئاو بی نەگیرتشان قەرار
وەر بەرەو کەیخوای بی وە روو هاوار
گرد نە ئەو ماوا بڕیاشان قەرار
ئەدا دەنگ شین زاریش هۆردارا
جەوالیو براڵەی بڕیا مەدارا
قەومانو خوێشان کە دیشان گریان
بەرز بی نەیانەی ئەو کەیخوا کەنعان
پەی پەرسای ئەحواڵ جەم بین وە و مەکان
ئەو شەو زەل زەلە کەو بانە مەڕان
بی بە دەسە بەش هەر نە ئەو دەمە
تاقمێ سەر قەڵا نیمە سەر چەمە
نیمەی رای وێمیر گێرتشان نەوەر
بەڵکو پەیدا بۆ نە هەر راگوزەر

ئەو شەو تا سەحەر گیلان نە هەر جا
نە هیچ مەکانێ نە کەردشان پەیدا
دیشان سپای رۆم کەردەنش گوزەر
پاوان گریوە وە بێ دەردی سەر
کاتێ کە هەواڵ یاوا وەهەوار
نە هیچ جا شۆنش نەویەن دیار
زاناشان وە دەس دوژمەن کەوتەن گیر
خەلاسیش نییەن بییەن وە ئەسیر
دەنگی شین بەرز بی هاوار و ڕۆڕۆ
کەیخوا داش وە سەر نا رەنج بی ڕۆ
براڵە ئەسیرین حەسرەت بی جاری
ئەداش بەرزش کەرد بالۆرە و زاری
یۆ مەوات مەشیۆ بەرگ شەڕ پڕشێوە
باوەر مێش دما ئەر گرمان کو شێوە
یۆ مەوات مەبۆ بە پوڵ و پارە
نە شون سپاکریو رای چارە
هەر کەس بیرێ وەش بی کەردش ئیزهار
کەیخوا وەش کەلام ئاماوە گوفتار
واتش ئەی قەومان عەشرەتو خوێشان
مەزانو کولین دەرونتان ئێشان
هیچ ڕازیم نییەن پەی کناچێ من
عەشرەت کەرۆ شەڕ چەنی ئەو دوژمن
وێتان مەزاندی سپاش زۆر دارەن
گەر قیام کەرمی ژیانمان تارەن
تەمام جوانان جەبەین مەوەران
سەر و ماڵ ژین غارەت مەکەران
خۆ دوژمن ئەهل مامەڵە یچ نێیەن
سەبر پیەشە کەن دەسەڵات چێیەن



بازدێ با ئەمن قوربانیم دابۆ
پاوە چی بە لا رزگار کریا بۆ
ئەمن مەشیۆ حەمد خواوەند واچو
ئی بەلا رەد بۆ ئەمن مەساچو
قەومان کە دیشان ئەو پیر عاقڵ
نەسیحەت وێش کەردش نەتای دڵ
واتشان ئەمرت پەیمان عەیانەن
دەلایل تۆ بە هەق بەیانەن
بەلام مەراق ئەسارەت دەردەن
پاوە تا ئەبەد رومەتش گەردەن
چون کەیخوا زاڵە شییەن بە ئەسیر
پەیمان تا ئەبەد مەمانو نەویر
کەیخوا وات قەومان منیچ داغ دارم
پەی ئەسارەتش جە سە بیمارم
بەلام مەزاندەی نییەن دەسەلات
مەزانو پەی قەوم خەم بییەن خەلات
دوژمنمان خانی یا سانی نییەن
لەشکر رۆمەن شای عوسمانییەن
چون مو دەتێوە وییەرد نەو کارە
نە هیچ جا نەوی پەیشان رای چارە
شەوی نیشتە بیەن نەیانەی پڕ خەم
بەرزشان کەرد زاری نە دڵەی ماتەم
شارەمیر نەو دەم نەمندش تاقەت
نە روی بابەی پیر وات بە شەهامەت
وات مەبە دڵ ڕێش پەی ئەو بابە گیان
مەوەرو قسەم بە پاکی یەزدان
بە شیرین و نور محەمەد ئەمین
ئەگەر تەی کەرو تەمام روی زەمین

تا هەواڵ واڵێم نارو وەی دیار
حەرام بۆ جە من ئاوی پاوە شار
یارەمیر جەو لا هورێزانە دەم
وینەی برای وێش ئادیچ وارد قەسەم
بابە دیش کوران عەزمشان کوڵەن
شارە گ حەیات ناموسشان قوڵەن
واتش ڕوڵە گەل دەخیل ئامانەن
سەبر نەکەردێ یا نەم وێرانەن
ئەر شمەیچ بلدێ نەی یا گەو بانە
ژیان پەرێ من وەس هەرا سانە
بازدی روڵەگیان با ئاد لوا بۆ
هەر ئەو خونچەی ژین نەدەستم دا بۆ
حەساوی عومرم هانەڕای تەمام
چینەیە زیاتر نیەنم ڕای زام
نور دیدەکان رۆڵەی شیرینم
پایەو روناکی ئەساس ژینم
بشنەودێ وەمن ئەو سەودا وە سەر
دەخیل رۆڵە گیان باوەردێش وەبەر
جوتە شیر ئەیزەن بەو دڵەی خەمناک
نەوەر دەم بابە ئەژنۆ نە سەر خاک
واتشان بابەگیان دەخیل ئامانەن
هەر چەن دەرد تۆیچ پەیمان عەیانەن
تەوانای فیراق واڵێ نەدارم
تا نەوینونەش ژیان بێزارم
تۆ وێت مەزانی دەردی موشکڵەن
ئی کارە پەیمان بێ تەحەموڵەن
گەر ئیمە هەر دو نەی راهدەیمی گیان
ئانە خاستەرەن نە وەک ئیی ژیان



کەیخوا دیش بە هەق وە دەرسو کەلام
نمەلۆ نە گۆش نەمامان خام
واتش روڵە گیان رەنج روزگار
پەی شمەم کێشا نەی ماواو دیار
ئیستایچ کە شمە عەزمتان بی راس
نە بارەگای هەق زوان بە ئیخلاس
مەکەر و دۆعا شەوو رۆ بەکوڵ
بەڵکو بیاو دی وە مەرام دڵ
روڵە گەڵ دیشان با بە بی رەزا
ئەدا تۆشەی را کەردش موهەیا
واڵێ ئەر ئەو دەم چەمان پەڕ ئەسرین
کە زاناش ئەحواڵ بەر بی نەکرین
ئەهل یانە شین کەردشان تەمام
جەم بین نەووسەرا قەومو برا و عام
هەر کەس بە عەقڵ و دانایی کە بێش
مەکەرد نەسیحەت مەواتشان پەرێش
تا یاوا واڵەی حەرەکەت جەماڵ
برای وەش کەلام ئاماوە کەماڵ
واتش، برایان، قەومان، عەشرەتان
ئەمن وەسیەتێ کەرو نە پەیتان
مەزاندی کەیخوا بە ساڵ پیر بییەن
دەرون زامارەن عەلاجش نییەن
ئینە پەی ئێمە ئاخر وەداڵەن
رای هاتو نەهات چارە و ئیقباڵەن
بەڵام دەسی من وەدامانتان
نەکەن فرامۆش ئەو یانەی کەنعان
چەنی هەم دەمو برای هۆشارم
دایم مەرحەمەت دۆعاتان دارم

تۆ شەی سەرفەرشان بەس نەسەر کەمەر
هەرە کەتشان کەرد بە ئیزن داوەر
ئەو دو نۆ جوان نۆرەستەی نۆ چڵ
تەیشان کەرد رێگا مەنزڵ بەمنزڵ
نە هەر مەکانێ مەنزڵشان مەگێرد
نە لەشکر رۆم ئەحواڵشان مەوەرد
تەی شان کەرد ئێران تەمام سەرانسەر
لەشکر تورکان ناما وە نەزەر
شنفتشان سپا گێڵانو بانی
لوانۆ پەری خاک عوسمانی
دەرد برایان یەکسەر بی گران
کەی تاوان بلان وە ئەو تورکسان
کەوتی گفتوگۆ پەرێ رای چارە
کۆ گیران منزڵ پەی ئەو دیارە
مەشیۆ دەمیوە پەی زانای زمان
جە تورک زمانان یاری بوازان
نە هەردوو وەڵات گێڵای جەن سەبا
تا فەن زمان تورکیشان زانا
کاتێ کە تەعلیم زمان بی تەمام
ئەساسەی سەفەر جەم کەردن پەی زام
واتشان ئینە خاسەن چێگەو لا
بەرگ دەروێشی پۆشمێ وە باڵا
دەفو دایەرە بکەرمێ نەشان
بگێڵمێ تەمام مەکان تورکان
غەرقەی دەروێشی کەردشان نەوەر
وە ماوای تورکان کەردشان گوزەر
گێڵای نە کوڵ لا شار و دیی هاتش
قەسیدە و مەدحی رەسوڵ مەواتش



تورکستان نەو دەم فرە یاگە گێڵان
تا وە شار جوان ئەسەموڵ یاوان
شنەفتە بێشان سپای ئەو جارە
فرە تەرینش ئەهل ئەو شارە
پەوکی نەو شارە ئەسپابەی سەفەر
وا کەردن نە کوڵ نیاشان نەوەر
دەسشان کەرد گێڵای کوچە و کۆڵانان
نە هەر جا کەدحو قەسیدە وانان
بازارشان گەرم وە هەر جابی ساز
هەرچی مە کەردن دەس نەیاوا راز
پاڵا پارە بی کاڵاشان بی شڕ
نەمەندە بی هاز ئەژنو کەو نەبڕ
نە سەر کوڵانی بە دەستەو ئەژنۆو
مەندە بین لاواز رەنجشان بی رۆو
هیچ هومید نە دڵ نەمەندە پێشان
نە دایە رەو زەف نەڕای دەروێشان
نە هیچ جا وە دەس والّی نە یاوا
دەرون پڕ نە دەرد وە مەینەت یاوا
یارەمیر روکەرد شارەمیر نەوجا
واتش کاکە گیان کۆ گێرمی نەی را
ئەگەر مەزانی بلمێ دماوە
باگێڵمێ وە پەی ئەو ماوای پاوە
چینەیە زیاتر نێیەن دەسەڵات
بابە چەمە ڕان گێڵمێ وە وڵات
روکەرد یارەمیر شارەمیری ژیر
وات هەرائینە بێ قەسەمو تەدبیر
وەشێ جە گێڵای تۆ مانیانی
عەقڵت نا جە کۆ کۆ گەلواینی

ئێمە هێشتای تورکسان یەکسەر
نە گێلانمان چێشد کەو نەزەر
قەسەم بە حەقی رەب (العالمین)
ئەر تەمام تەی کەم سارای سەر زەمین
یا تەمام خاک زەمین بەر وێچن
نەکەرو ئەمن کولّ تەتلّە و بێژن
تا هەوالّ ئەو والّێ نازارم
نەگنو نەدەسم حەرامەن شارم
مەگەر جە پاوە نەبەسمان پەیمان
تا پەیدا نەوو کنا چێ کەنعان
هەواو سەراوی پاوە حەرامەن
چێشدا قۆمیان ئەقلّت کامەن
ئیستایچ ئەگەر تۆ هەوای یار نۆ
کەوتەنت وە سەر خوا خافیزد بۆ
سلاّوی ئێمەیچ بیاونە پاوە
شارەمیر بە هەق نمەی دماوە
یارەمیر گۆش دا نەواتەی کاکە
دیش هێمای دلّ و دەرون غەم ناکە
دەم وە پێ کەنین چەمان پڕ ئەسرین
واتش کاکە گیان هیچ مەبە خەم گین
ئەمن چەنی تۆ بەسەنم پەیمان
قەسەمم واردەن بە هەقی رەحمان
ئەر تەمام زەوین کالّو چەنی تۆ
یانە گێزاوی ژین بۆ رەنجە رۆو
یا وەکو ئەوەند گێلّو نەی داوە
وە نوک ئەژنۆ بلّو نەراوە
هیچ کاتێ نەی را شە کەتیم نێیەن
ئانا دلّ یەکسەر پەیم راحەت بییەن



تۆ نەعاس من هیچ نەبۆت هەوا
من هەر ئەو میرم قەسەم بەخوا
تازەشان کەرد و برایان پەیمان
دەس کەردن گەردن ئەسرین نە چەمان
پەرێ رای چارە گفتوگۆشان کەر
چێگەو لاکام را ئیمە گیرمێ وەر
نەی گفتوگۆ بین نەو سەرمەکانە
ئاماوە لاشان پیرێ فەرزانە
پیر دنیا تەی ژیر زەمانە
باش تەماشا کەرد سیمای ئەوانە
دەمێ نیش نەلای دەروێشان دەیر
پەی پەرسای ئەحوالّ غەریبان سەیر
واتش ها دەروێش چێشەن حالّتان
چی کەم رەونەقەن بەزمو قالّتان
دایەرە و دەفتان بدەیدێ وە دەس
مەدحێوە واندێ با دلّ بۆ قەقنەس
ئەمن نە دیەنم دەروێش نە هیچ جا
گم بۆ نەگێژاو ئەفکار دونیا
واتن مامەگیان پیری وەش کەلام
دانای زەمانە ساحێو عەقلّو فام
ئەگەر گەرەکتەن بژنەوی تۆ راس
پەید واچمێ دەرد، دەرون بە ئیخلاس
تەمام مەرارەت حالّش کەرد بەیان
کاتێ ئەو دەروێش حالّش بی عەیان
واتش رولّە گیان غەفلّەتتان کەردەن
نەوع گێلاّیتان وەی جۆر ئاوەردەن
ئەر گەرەکتانەن بیاودێ مەقسولّ
نەسیحەتێوەم هەن کەردێش قبولّ

بەرگ دەروێشی باوەردێ وە بەر
گالاَی هەقیقی وێتان کەردێ وەر
بە زمانی وێتان یانە بە یانە
گێلدێ عەیب نێیەن پەی خەیر و عانە
نەگرد یانەیوە وازدێ ئیجازە
لویدێ ناو حەسار پاسە نیازە
بەلْ جە سایەی حەق وەی کاروبارە
وە مەرام یاودێ شمەچی شارە
برایان نەو دەم ئەژنیشان کەلام
زانشان ئەو پیر ساحێو عەقلْ و فام
پەرێ ئەو موشکلْ راکوشایش کەرد
نەسیحەتێ خاس وە دەسشان سپەرد
واتشان مامەگیان وێمان بە فیدا
مەگێرمێ نەگوش دەرست جێگەو لا
نەسیحەتێوە باش وە ئیمە د کەر
ئیمە د نەی فکر و خەیالْ نەجات دەر
یا خوا رۆشن بۆ چرات نە دو دار
پاسە نەو خەیالْ ئێمەد کەرد رزگار
نەسیحەت پیر گێرتشان نە گۆش
خەمو شەکەتی گربی فەراموش
غەرقەی دەروێشی بەر ئاوەردن بەر
کالاَی ئەساسی وێشان کەردن وەر
دەسشان پەنە کەرد گێلاَی نەو شارە
ئەمجار بە بەزمی تەر نەو دیارە
هیچ نەویاردشان یا نە نە کۆلاَن
بەلکو پەیدا بۆ ئەو زامی دلاَن
چەن سەر دەمێی وە گێلاَی وەی نازر
ها خەریک بێ شار بەیۆ وە ئاخر



یار خەم ئەیزەن نیشتە بێ نەلێو
مەتەرسان وەی جور نەیۆ دەس هیچ چێو
ئاخرین شەوێ مەوعود شار بیی
نە سەر کولاَنی مزگی دیار بیی
واتشان ئیمشەو چی یانەی خوا
وەرۆ ماوەرمێ سەوای مالْ ئاوا
دەسو دیم پاک گێرتشان نەو دەم
رۆ نە ئاسانەی خالق بین وەهەم
دمای وەنەی ورد، ئەورا دو نما
نە بارەگای هەق دەسشان کەرد دۆعا
ئەو شەو بە باری خەم نیانەوە
سەر نە سەر سەرین وە زامانەوە
تا فەجر ئەو شەو، مو ئەزن داش دەنگ
نە خەیالْ هیچ خەو ناوەردن وە چەنگ
دەم بەیان هۆرزای پەی ئەدای نما
تا خۆر ئاما سەر کەردشان تەمەنا
وەسائل خەو خوراک گر بی جەم
پەی ئاخرین رۆ حازر بین نەو دەم
یارەمیر واتش کاکە ئەر ئارۆ
والێمان نەدێ رو کەرمی ئەوکۆ
شارەمیر واتش ئەی برای نازار
مەگێلمێ ئارۆ ئێمە نە ئەی شار
پەرێ ماوای تەر خوا کەریمەن
لە بۆ غەریبان رەحمش رەحیمەن
ئەو رۆیچ تاکاتی عەسر بی ئاوا
یانە بە یانە گێلاَی نەو ماوا
ها بانگ عەسریچ ئاماشان نە گۆش
دەرونشان یەکسەر ئاما بێ بە جۆش

نه ئەو دەم یاوای حەو شەو حەساریۆ
وەش نما وەش رو باغو تەلاریۆ
چەن تەبەق نە سەر مدار بێ بە پا
رەونەقش دا بێ کۆلانان نەو جا
تەقلو بابشان کەرد ئەی ساحێو یانە
یۆ جواش دا چێشتان بە یانە
واتشان رامان کەوتەن ئاسانە
هەر چێوی باردێ نەی دیواخانە
بەرەو بەرا سان واکرانە رۆ
حەسا رێوە وەش دیار بێ نەو سۆ
کاتێ پانیان ناو حەوشە و حەسار
دەمێ سەیرشان کەرد نەو ماواو دیار
نە ئەو دەم ساتێ دیدە بی مەدهوش
دەنگ وەش نەوای ساوا ئاما گۆش
کاتی ئاماگۆش ئەو دەنگ زەلاڵ
کە بەرز بی نەو دەم نە سەرای ئەو ماڵ
نەدا کە لوا بلاو نۆساوا
دیشان نەغمەی وەش ئاما نەو ماوا
نەوای وەش ئاوا سەیران سەر کەش
مەلاونا زاورو بەو زمان وەش
کاتی گۆششان دا لای لایەی خاتۆن
وەنە وای تەسکین شیرینو زەبۆن
مەواتش رۆڵە بو سە درەنگەن
بابەد مەیووە کارمان لەنگەن
هەرچی لای لایە ئێد کەردش پەی ئەو
ئەمر خالق بێ ساوا نەلوا خەو
ئەم جار بە زمانی کوردی هەورامی
لای لایەش پەی کەرد بەوەش کەلامی



مەواتش لایە ڕۆڵەگیان لایە
دەنگی غەریبیم وە هیچ جا نایە
خو نەمداران تۆ خاڵوان نەبەر
بۆ سەر رۆڵەگیان باشین نەیۆ سەر
مەزانی ڕۆڵە نامێ خاڵوان
هەر نە ئیستاوە پەید کەرو بەیان
شارەمیر وەهار یارەمیر خەزان
جە خوایم گەرەکەن پێرە بوەزان
براڵە کە دەنگ ئاماشان نە گۆش
تەمام مەرارەت گرد بی فەرامۆش
هەر نە ئەو مەکان بە نەوای بەرز
هاوارشان هوردا بە دڵەی پڕ لەرز
نەو دەم تا واڵێ نەرۆ بی ئاوا
پێشکاران جەم بێن نەو سەراو ماوا
بی پە چە کاو چەک کوتە کوکێشان
جێو نە مەندە بێ گیانشان کێشان
واڵی کە یاوا سەر دەرەو بەرەی
دیش شەرە شەقەن ون ئامای سەرەی
وات پێش خزمەتان یە چیە شەن ئەحواڵ
ئەو هاوار چێش بی ئەژنیم نەو ماڵ
واتشان خاتون یە راگوزەرەن
پەی عانەو خوراک نەی دەورو بەرەن
ئیستا گەرە کشەن بەیۆ وە ئیوان
چێوی وەش واتەن نێنمان زوان
نەو دەم شارەمیر دەنگش پەی هۆردا
واتش ئەی واڵێ وێمان وەی سەرا
واڵێ کە دەنگی براڵە کەو نە گۆش
هاواری وەش کەرد نە دەم بی بێ هۆش

ئەهل ئەو یانە کە دیشان ئەحواڵ
بێ دەنگ بی خاتون رەنگش بێیەن کاڵ
جەمعێوە لوای بەردشان یانە
شینشان بەرز بی براڵە جەو بانە
بە زمانی تورکی یارەمیر ئەمجا
ئاماوە کەلام روش کەرد نەو سەرا
واتش ئەی ئەهلو وەربەرەو یانە
مەگەر نمەزاندێ غەریب میوانە
ماچی دەسورو روسومتان پاسەن
پەی میوان دور حاڵتان کە ساسەن
کاتێ گۆششاندا نە ئەو کەلامە
ساتیەپەی ویشان چێیە شەن ئەی زامە
ئەی واتە واتەی یەک مسکێن نییەن
سەرشان نە ئەو سڕ هیچ بەر نەشییەن
یۆشان وات نەنگەن پەی ئێمە نەی جا
دیمەن پڕ هون بۆ غەریب نەی ماوا
هەر چەن کە سەرو روشان سور بییەن
باردێ با شۆرمێ نەدەس بەر شییەن
شۆردشان سەرو گۆنای میوانان
دەرمان نەروی ئەو برینشان شانان
نە ئەو دەم واڵی ئاماوە بە هۆش
هەی کۆن کۆنش بێ بە دڵەی پڕ جۆش
خزمەت کاری وات ئەی خاتون چێشەن
چێش وەنەت قۆمیان دەرونت ریشەن
ئیشارەش کەرد پەی مێوانان نەدەر
واتش باوەردێ ئانیشا وە سەر
دیش خزمەت کاران مەبەو تو ماتەن
مەواچی ئەسلەن هیچش نەواتەن



ئەمجا بە دەنگی پڕ بە کینو شەڕ
واتش بەو جەمعە هەی بی شەرمو کەڕ
ئا نەوا نەو جا ئاما نە گۆشم
نورد دیەمەن پەوکی خامۆشم
وەر دەسان ئەمجا زاناشان ئەحواڵ
یەک یەک ئامای بەر بە کورجی نەو ماڵ
یۆشان دەنگش دا ئەهل یانەو دەر
بازدێ با مێوان وێشان بیان سەر
بۆ وات چێش ماچی بییەنی دێوانە
ئایا نەو بانەکەی هی مێوانە
یۆتەر بە تەعجیل ئاماوە کەلام
قالو مەرافە وەسێن هەی زەلام
خەوەرتان جە کۆن هەی بێ کەلامان
ئا مێوان پەیمان جەڕای دور ئامان
ئا دوو نۆجوان چاگە زەبونەن
هەر دوشان نور دیدەی خاتونەن
نەی گفتوگۆ بیێن واڵی نە ئەو دەم
سەرو پا پەتی وەک دێوانەی زەم
هەر نەسەر هاوار گریانش بی بەرز
شارەمیر مات بی و یارەمیر دڵ لەرز
دەسش کە یاوا دامان و بران
بەرزش کەرد جە نۆ هاوار و گریان
ئەهەل یانە دین یە هەقیقەتەن
بێ هۆ شیو هاوار کولّ هی حەسرەتەن
ئەوانیش نەو دەم بەر بێن نەگریان
نەو کار و یشان گرد بێن پەشیمان
دماو مودەتێ ئەو شینو زاری
واڵێ ئاما هۆش نەو بێ قەراری

روکـــەرد نە ئەهل یا نە نەو ســـەرا
خـــەجـــالّت بیـــدێ کـــەردێ پەزێرا
ئێـد شـارە مـیـرەن گـیـان شـیـرینم
ئەو یارەمـــــیـــــــرەن دەوای برینم
پەی مـن وەی نۆعـیێ کـەردەن عـەودالّ
والّـی وە قـــوربان تۆز گـــونای کـــالّ
ئاخ من وە و ماوا گیان بشیام وە بەر
تا نە ئەی مـە کـان نە کـەردام گـوزەر
هەر چەن یە تەقـدیر حـەی بێ کـەسـەن
ئارۆ کـولّ نەی جـا مـەنزلّـمان وسـەن
مـــەر خـــالق زانۆ ئەمن نەی کـــاتە
چێـشم نا وەر دەس چێـشم خـەلاتە
بەلاّم شـمـە ئەی هاو دەمـان نەی دەم
ساز کـەردی شادی نا تەمام بی خەم
زەم زەمـــە بەرز بی جـــە ئەهل یانە
شـادی بەزمش کـرت نەو دیوا خـاتە
بەزم شـاهانە نەو ســەرا بی گــەرم
ئامـاوە زمـان والّێ حـەیا و شـەرم
خیر ئامای شیرین کەردش نە تای دلّ
گـاگـا ئەسرینیچ ماوە ردش وە کۆل
برا لّەو والّی مـــــــەدیان وەهەم دا
فـرمـێـسک شادی جاری نە چەمدا
دمـاو بەێنی وە والّی بی ســەر حـالّ
ئاوە خ کەو پەرسا و جویا جە ئەحوالّ
پەرساش ئەحوالاّن قەومو هەم خوێشان
ئەدا و هەم بابەو والّی و براشـــــان
ئینجـا برالّەیچ یەک یەک ئەحـوالاّن
پەێشان بەیان کەرد تەمام بە سەرهات



مـــەرارەت راکـــۆل جـــەنی دوری
تەمـام بە سـەرهات جـەورو سـەبوری
والّی وات فـەدای شـە کـەتی راتان
دیدەم بە ســـەر گـــەرد توز پالاّتان
ئـەنـا دلّـەی مـن بـڕیـا نـە ئـاوات
نە سـەودای دوری خـوا داش نەجـات
جـاری گـەرد را نە ســەر بشـــۆردی
شـەکەتی جەسە نەی جا بەر کەردی
سـەرو رو ئیـســـلاح کـەردی دوبارە
کـــالاّی عـــەودالّی بکەردی پارە
بەزم حـــمـــامـــو دەلاکی تـەمـــام
والّی پەی برالّە دەســــوردا ئەنجـــام
کـاتێ کـە فـارق بێن نە ئەو دەمـە
خـەلاس بێن نە دەس ئەو باری خـەمـە
بالاّ وەک لەو لاو روخــســـار پڕەنگ
خـیـالّشـان ئامـان شـازادەی فـەرەنگ
تەمـــام ئەهل و بەیت ئەو بەرو یانە
چی شـەئنو روخـسـار گـر پەرێشـانە
والّی نـە پای دەرچەم بە ئینتـــــزار
کە بالاّشان دی یەک جا بی سەر شار
راهنمایی کەرد ئەو سەر سەرای وێش
تاکـو جـەو مـاوا بنیـشـان بێ نێش
سـاتێ بە گـریـن سـاتێ پێ کـەنێن
دەمی بە ســروەو سـاتێ مـاتەمێن
هەر کام پەی وێشان مەکردشان بەیان
چێـو نەمـەندە بی شـەفـەق بۆ عـەیان
والّی وات پێـشـان برای تاج ســەر
مــەنیــایی راتان ناوەردەن وە بەر

مەزانو ئەمن چێشتان سەر ئامان
کەردێ ئیسراحەت وێم فەدای دامان
هەرسێ نەو سەرا چەم نیان وەهەم
سەر نەسەر سەرین ساتێ وە بێ خەم
نەو دەم ساحێو ماڵ فەرماندەی سپا
مەئموریەتش بێ نەلایەنی شا
نە تەقدیر هەق قەزای سوبحانی
کارشان تەمام بی گێلاوە بانی
چون ئەهل یانە ئەو شەو بین وەش حاڵ
هیچکەس دیار نەبی نەحەیات و ماڵ
وەهام یاران وات هادەم سەحەرەن
هەر یۆ جەیانەی بوسدێ خاستەرەن
با منیچ بلو سەر دەو نە عەیاڵ
ئاڵ غەریبەن پەیم با پەرسوش ئەحواڵ
کاتێ کە بەرەی یانەش کەردەوە
دەمی گێژلوا سەر بە هەردەوە
دیش دو نو جوان نۆ نەمام نۆ رەس
لای دەس حەرەم وتێنی سەر بەس
فەرماندە نەو دەم تاقەتش نەمان
تەسمیم وێش گێرت پەی گوشتەی ئەوان
بەر گێشاوە دەس نە کێلان خەنجەر
چێو نەمەندە بی کەرۆشان بی سەر
ناکا نە ئەو خەو خاتونش هۆ زا
بەرەو روی هاو دەم پەلامارش دا
وات چێش مەکەری سەر وەشی سەر خۆ
بازە ماجرا گێڵنو نۆ پەی تۆ
وات قەسەم بە زات رەب (العالمین)
بە خالق کەون سەماو سەرزەمین



ئەر کەلام لەنگ باری وە زمان
راسیو هەقیقەت نەکەری بەیان
جەرگ هەر یەرین مە کەرو پارە
ئەر وێم کەردە بۆ دەیریو ئاوارە
چی بەزمو گێرە براڵە هور زای
واتشان واڵی چێشەن ئەی هەرای
ئەم جا خاتونیچ بە عەقلیوە خاس
تەمام ماجەراش پەی وات بە ئیخلاس
فەرماندەی سپا ماجەراش ئەژنین
ئەژنو بێ رەمەق کەو نە سەرزەمین
دەمیێ بێ دەنگ نەمەندە بێش فام
پەی مەدەتێوە لاڵ بی نە کەلام
خاتون دوبارە روش کەرد نەشوی وێش
نامی براڵان یەک یەک وات وە پێش
ئانە شارە میرگیان شیرینم
ئینە یارەمیر نور دو عەینم
چەن جار وەلای تۆ من ئینە مەوات
نامێ قەومانو برایان وەڵات
شەرح ئەحواڵات عەشرەتو خوێشان
پەی حفزە نامووس هەرچی نە ژیان
مەرارەت ژین قبوڵ شان کەردەن
ناموسشان وە دەس هیچ کەس نەسپەردەن
ئەم جار فەرماندەی وەش زەوقو ئیقباڵ
کە زاناش ئەحواڵ بریانە خەیاڵ
پەی ئەدای حورمەت هورێزا سەرپا
بە دەسوری خاس کەردش تەمەنا
هەر دو ناو چاوان برایان ماچ کەرد
دەس کەرد نە گەردەن نەمامان بێ گەرد

وات قەسەم بە زات ئەو حەی سوبحان
کاریٚ کەشمە کەردەن نەی جەهان
هیچ سپاو لەشکر حاکمو شای
هیچ پیر و مرید عیلم و ئالای
نمە تاوان پاسە کەران حەرەکەت
شمە پەی ئەمن ئاوەردتان نەسرەت
ئەمنیچ شەرتێوەم نەی دڵەی پڕ جۆش
وەلیٚ کوڵ چێویٚ مەبۆ گێردیٚ گۆش
گەر قبوڵتان کەرد شمە نەتای دڵ
نەلای دەستانم ئەمن تا پای گڵ
وەک غوڵام حەڵقەی بەندە نە گوشم
شمە سەردار و ئەمن سەر خوشم
شەرتم ئانە نە بە هەق جەلاتان
فەرامۆش کەردیٚ ئەسڵو ماواتان
گەر ئیی شەرتمە نە کەرد قبوڵ
قەسەم بە زات خالقو رەسوڵ
هەر یەرین بە تێغ مەویار و نەدەم
ئایری غەزەب مەوز و یانەکەم
نە دمای گردین وێم کەرو هیلاک
تا ئاهی دەرون بەرو وەژێر خاک
کاتیٚ گۆششان داگردین نەو کەلام
فەرماندە شەرت وێش کەردش تەمام
دەمیٚ بیٚ دەنگ بین هەر سیٚ نە ئەو دەم
چە رایە گێران دڵ ناوەرو خەم
زاناشان قەسەم تورک عوسمانی
هیچ رەدش نییەن ئانەشان وانی
واڵی ئەمجا رو نە و براڵەی شیرین
کەردش تەمەنا وە دیدەی نمین



وات قبوڵ کەردیٚ تو خوا برایان
پاسە خاستەرەن مانمیٚ نەی ژیان
گەر شمە لای من من بۆ نەلاتان
کالای هەقیقی بو ڕو باڵاتان
ئینە خاستەرەن وێتان مەزاندی
باش قەسەم تورک وێتان مەواندی
هەر چەن مەزانو پەیتان گرانەن
دوری جە وڵات وە بیٚ دەرمانەن
ئەوەڵ بە خاتر سلامەتیی وێتان
دووەم ئەمنیچ هەر چی هەن پەیتان
دەمیٚ بیٚ دەنگ بین برایان نەو سەر
چێش کەران ئاخر چێش مەیۆ وە بەر
واتشان ئیی شەرتە قبوڵش هەن وەس
بەڵ بەیۆ رویٚ وابۆ یا گەدەس
فەرماندە کە دیش شەرتش بی قبوڵ
سوات نا ئیی دڵەم ئارام بی نە کوڵ
بازدیٚ با منیچ تەمام ئەحواڵات
کەرونەش بەیان بڕێوە خەیاڵات
ئەمن فەرماندەی ئەمیر سپام
فاتح ئەقلیم تورکستان وە جام
تورکستان روسیا عەرەبو عەجەم
گێلانا ئەمن دڵ وە خاتر جەم
وە هیچ جا ئەمن دڵم نەویەن گیر
نە هیچ مە کانیٚ ویم نەکەرد ئەسیر
تا نە ئەو دەمەی هەورامانم دیی
دڵ بی وە سەوداش عەقڵ لام بەرشی
بەڵام ئەوامر دڵەش کەرد مەعزور
نە تاوام چاکە گێڵون بە زەرور

ئینه بێ کاتێ نەو سەرای پاوە
دیدەم نە روخسار پەری دیاوە
ئاڵ پەرێ ئێمە حوکم ئەسیر بێ
بەڵام دڵەی من پەی ئەو زەویر بێ
قەسەم مەوەرو بە زات یەزدان
توشمان ئامان ئێمە جەو مەکان
نە حوزور ئەو بە حورمەتو فام
نا سەنم هێچ کەس بواچو کەلام
وەختی رەزایەت ئەو واتش جەلام
نیکاحم کەردەن بە شەرع ئیسلام
ئستایچ مەویندێ جە ژینو هەم ماڵ
هەرچی من هەنم پەی ئەو بی حەراڵ
پۆکی شەرت خاس چەنی شمەم بەس
تاکە دوبارە دڵ نەبۆ قەقنەس
ئیستایچ شەرتە بۆ تەمام ئەقرەبا
جەم کەرو چەنی ئاشنا و برا
شادی و سەر وەشی بەزم شاهانە
مەگێر و ئەمن جەی سەر مەکانە
ئامای شمە پەی من فەڕش ئاوەردەن
با قەومان زانان چە کارتان کەردەن
نەی گفتوگۆ بیەن شەو ئاما وە سەر
وەرە تاو لیزگش جە کەل کێشا سەر
ئەو جار فەرماندەی وەش زەوقو ئیقباڵ
وەر دەسان جەم کەرانە سەرای ئەو ماڵ
ئەوامری وێش نەو سەرا وانا
قاسدش وەناو عەشرت گیانا
واتش بیدی جەم پەی من شادیەن
عەیاڵم ئارۆ پەیش ئازادیەن



ئارۆ من بەزم نۆ بوکیم بەرزەن
بەیعەتو پەیمان پەی ئەمن فەرزەن
کاتێ کە قەومان نەو ماوا بیەن جەم
ئەو دو نۆ نەمام باش دیشان وە چەم
دیشان باڵاشان سەروی نەمامەن
پەی واتەو راوێژ ساحیۆ کلامەن
هەر کام پەی وێشان دەعوەتشان گیباس
تا بان وە خزمەت وە شادێو ئیخلاس
بازار شادێو دیدەن بی وە گەرم
پەی ئەهل یا نە ئیتر بڕیاس شەرم
نەو شادیو میوان دو پەری زاڵە
بین حەیران ئەو باڵا و کەماڵە
بەزم شادیشان دا بە هام رازان
پەی یەکتر هەر دەم ئاوات مەوازان
فەرماندە، کە دیش ئەو بەزم تازە
نەما بەین قەوم برایان وازە
فرسەتش زانا فەوری نە ئەو دەم
پەی بەزم وەساڵ حازر بیەن کەم کەم
دو پەری روخسار رومەت وێنەی گوڵ
بین وەهام رازی نەمامان چڵ
بەزم زەماوەند شادێ بی بەر پا
واڵێ بێ خەوەر براڵە ئەجیا
هەر نە ئەو شارە بیەنشان ماوا
فەراموشان کەرد ماوای سەر ئاوا
جە ناز و نێعمەت ئەوان بین سەر شار
پەی ئامای پاوە نە کەردشان ئیقرار
کاتێ کە وابی چەمشان نەو کارە
دیشان پەی پاوە نیەن رای چارە

بی وه سەودای سەر دمای چەنهاساڵ
جە ئەفکارشان پاوه بی خەیاڵ
زاناشان ئیتر کارشان لەنگەن
پاوه پەی ئەوان سەرای بێ دەنگەن
چون هەر کام دارای چەن روڵەی شیرین
نە سەرای یانە کەردەنشان نگین
ئەوان بی پاوەند پاوەند کەردن پا
کەیخوا نە پاوه نەمەندە بێش جا

## لوای کەیخوا کەنعانی پەی ئەسەموڵی

دیش کە منداڵان لوایەنەی بێ شۆن
پەی ئەوان کەیخوا نەمەندش بر هون
بە پەرسا نەو دەم خەوەرش یاوا
ئەوان ئەسەموڵ کەردەن وە ماوا
تۆشە پەی سەفەر ئەویچ بەس نە سەر
یانە و کاشانەش وە رەشید سپەر
بە رەنجو زەحمەت ڕێگاش کەرد وەتەی
مەرارەت زەحمەت گردش داوه پەی
تاکو وە شاری ئەسەموڵ یاوا
دیدار وە روخسار روڵە گەڵ ساوا
نە تەقدیر هەق قەزای سوبحانی
نەدەم چاگەنە کەیخوا بی فانی
بەزم چەمەریو شیوەن بی هەرزان
نە یاگەی شادی خەم بی وەمیوان
جەم بین نەو سەرا هاو دەمان وە هەم
یارەمیر تەمام پەشێو بی ماتەم
رو کەرد ئەوبراو گردین هاو سەران
واتش چێوی هەن با واچو لاتان



هەر چەن مەزانو کاری موشکەڵەن
مەرارەت را بێ تەحەموڵەن
چەنەم قبوڵ کەن تو خوا برایان
مەسپاردیش وە خاک کەیخوا چی مەکان
بەرمێشو پەرێ ناوچەی پاوه شار
بەڵ ئارام گێرۆ رۆحش نەو دیار
شارەمیر داش جوا و نور چەمانم
برای پاڵ پشت ئارامی گیانم
تەمام روی زەمین خاک و خوایەن
رۆمەن ئیرانەن یا نە هەر جا یەن
تەوفیرش چێشەن پەی ئەو کەش مەردەن
نە هەر یا گێوە خاکش سپەردەن
ئەر بۆ ئەعماڵش پەسەند باری
مەبۆ بە گوڵزار ئەو گۆڕە تاری
داش جواو کاکە تۆ ویت مەزانی
چێشمان سەر ئامان وە دەس عوسمانی
دەرد من پەرێ ئەعماڵش نییەن
خاک زاڵمان کەی وە گۆر بییەن
کوردستان وە دەس ئەوان زەلیلەن
نیمە عاسییەن نیمە چون دیلەن
حەی فەن نە ئەو جا ئیمەش کەرد ئەسیر
ئەسیر خاک خاک بۆ دانانی روشنبیر
ئەرنمە تاومێ پەری هەورامان
بە هەر لەونێ هەن بەرمێش کوردسان
ئەمجار شارەمیر واتش براگیان
ئینە تۆ ماچی عەیانەن لێمان
ئاو و گڵ کەیخواش وەی جا ئاوەردەن
دەسەڵات چیە شەن کەسی نەکەردەن

ئەجەڵ داوش تەند نە غوربەت بۆ گیر
خاک ئیی ماوا کە روش وە ئەسیر
چینەیە زیاتەر ویت مەکەر هیلاک
با هەر نەی مەکان بسپارمێش وە خاک
بەڵام دەرسێ بۆ ئینە پەرێمان
فەرامۆش نەبۆ کەردەی زاڵمان
ئاڵ تازە لوان خواش بۆ چەنی
ئیمە مەمانمێ پەی دەردی هەنی
هەر نە ئەو ماوا خاکش سپەردن
روڵە گەڵ مەراق با بۆشان کەردن
یارەب دوایێ پەی دەردان زار
نەکەری نسیب دوری نەدیار
هیچ کەس نە غەوربەت نەبۆ گرفتار
نەبۆ وە ئەسیر بێگانەی غەدار
نەبۆ وە بەندی دۆسانی دۆژمەن
نەبۆ دەر بە دەر ئاوارەی وەتەن
هەر کەس بێ سەرەن یا لە تۆ پارەن
وە دەست زاڵم ئەجەڵش بارەن
لاشە وە بێ سەر خورد کەمتارەن
چە قەڵو رێوی یا سەگی هارەن
مەن داخ ئەوان وە دڵ نەدارون
نە دەس سەگی هارگیان مەسپارون
ئیڵ کەنان وەری دەرکو دەروازەن
ئیستا پەی لاشەم ئاو تەوازەن
یارەب هەر کەسێ وای دەردانش بۆ
مۆحتاج وە دەوای تەبیبانش بۆ
مەبۆ وەلای کێ دەردش بۆ عەیان
تەبیب هەر تۆنی دەردم کەرد بەیان



رەحمێوەیچ کەری وە بەندەی هەژار
نە قاپی ئەتو نەبوون شەرمەسار
باقی وە سلام تەمام بی مەکتوب
(سمکۆ) مایەوە بە دڵەی مەعیوب

## فەرهەنگوک

ئاخێز: لە جێی خوهەڵسان
ئاڵ: ئەو
ئانیشا: ئەوانە
ئەجیاش: وای دەزانی
ئەدا: دایە، دایک
باردێ: بیهێنن
بازدێ: بێ ڵن = بێڵن
بالۆرە: جۆرە گریانێ کە هاوڕێ لەگەڵ بەیت
گوتنا بەیتو بالۆرەیشی پێ ئەوتری
بشنەودێ: ببی ببسن، لە گۆی گرن
بگێڵمێ: بگەڕێین
بلدێ: بڕۆن
بەرمێش: بی بەین
بەروێچن: بەرو وژن
پوشمێ: بپۆشین ـ لە بەری کەین
پەرێمان: بۆمان
پەی: بۆ
پەێد: بۆت
تەتڵە و بێژن: هەڵ تەکان و پاککردنی دانەویەڵە و
توتن بە تەوەقو بێژن یا بێژنگ
تە کوبر: ڕاوێژ، تەکبیر
چەرخنای: گەڕاندن
چەمەری: گەڕانی جلووبەرگی مرد و هاوڕێ بە گریان و دەهوڵ لێ دان
راز: چیرۆک، سەرگوزەشت
زەین: هۆش، ئاوەز، فام
سەبون: گڕەبای زۆر گەرم
عازەو: لاوی تازە پێی گەیشتو، زۆرتر بۆ کچ بەکار ئەبرێ
عاینەمەل: عایلەمەن، هەنگە چینە
کوڵ: گشت، هەموو



کولە: مەلە کوڕ، کوللە، قوڵمە
کناچێ: کچ، کیژ
نمەتاوان: ناتوانن
نمەی: نایەت
نیەنمان: نیمانە، نیەسمان
واتشان: وتیان
وادە: کات، وەخت، دەم، سات
واڵێ: خوشک، خۆیشک
وەش: خۆش
وێش: خۆی
وێشان: خۆیان
وێتان: خۆتان
وێم: خۆم
هوروژم: پەلاماردانی بەکۆمەڵ هێرش بردن بەسەرجەمی
هومێد: هیوا، ئومید
هەڵس: فرمێسک
یانە: ماڵ، خانگ، خانوو
یۆشان: یەکێکیان
کیانا: هەناردی، ڕەوانەی کرد
گێڵای: گەڕێیان
گوێ ڕایەڵ: گۆی گرتن بۆ قسەو وتار
لوان: ڕۆشت
لوای: ڕۆیی
ماچی: دەڵێی
مانیان: شەکەت بوون
مۆم: ئەو شتەیە کە لە کاژی هەنگوین بە دەس دێو بۆ مانەوەی دەزوی درویێنە و زورهاشتی
کە بەکار ئەبرێ
مەبۆ: ئەبێ
مەدیان: دەڕوانین
مەواچی: هەردەڵێی
ناسەنم: نەمهێشتووە

# گوڵزاری هەورامان

## ئەدەبیات

### بەشی شەشەم

جەژنی نەتەوەیی (نەورۆز)

## ڕێڕەوی مێژووی نەورۆز

پارسەکان؛ لە نووسەر و لە مێژوونووس و لە شاعر، لە بارەی نەورۆزەوە، بگرە هەر لە (خیام)ەوە، تا دەگاتە ناصر خەسرەو ئەحمەدی کەسرەویی و دوکتۆر (محمدمعین) و (د. محمد جواد مشکور)، تا دەگاتە د. پور داود و فرەوشی و بەرەو ئەمڕۆ، زۆریان وتووە و هەڵبەستووە و نووسیوە و ئەوەش کە خەستەی ئەو نووسراوانەبێ، سەرپاکیان پۆشاکی ئەفسانە و ڕێڕەوی تەلیسماوییان لەبەر کردووە و وەرگرتووە و هەمووشیان بەکۆمەڵ لە سەرچاوەی شاهنامەی (فردەوسی)دا هەڵگوزراون، لەمەش بەولاوە چیدیکە نوێ، لە پشکنینی نوێکاریدا بەرچاو ناکەوێ!

نووسەری کوردیش (نووسەر، مێژوونووس، شاعر) لە بارەی نورۆزەوە نووسیونانە و هۆنیویانەتەوە و بەشێوەیەکی زۆر خەستیش، بۆمان هەیە کە بڵێین، ئەم نووسراوانە زۆربەی زۆریان، ڕەنگدانەوەی نووسراوی فارسەکانیان پێوە دیارە!

شاعرانی کورد زۆریان بەشان و باڵی نەورۆز ئاگر و زوحاک و ئەژدیهادا وتووە، بەڵام، نەورۆز چییە و کەی پەیدابووە و لە سەرەتاوە، لە کوێ و لە جێگایەکدا و بەهۆی چییەوە ڕوواوە و سەری دەرهێناوە، ئەوە بێ شوێنەوارە!

لەناو کوردەواریدا (نەورۆز و کاوە ئەژدیها و ئاگر) وەک هاوبەش دەردەکەون و لەمەش بەلاوە چیدیکەی ڕۆسشنکەرەوەیان بەردەست و بەرچاو ناکەوێ!

ساڵی هەشتاکان، مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی میرەگانێک بۆ ڕۆشنبیرانی کورد لە هەولێر پێکەوە نا و ئا لەوێدا، ئێمە وتارێکمان بەناوی (نەورۆز و ئاگر و بەهار)ەوە خوێندە و لاشم وەهایە، سەرپاکی ئەو وتارە، لە گۆڤاری ڕۆشنبیریی نوێدا بڵاوکرایەوە.

بەڵێ، ئەو وتارە، نرخێکی تایبەتی سەردەمی هەبوو، بەڵام لەلای خۆمەوە ئەوەم لەلا زۆر ڕۆشن بوو، کە من نەمتوانیوە، بگەمە ئاواتەکەم، کە ئەویش ئەوەیە: نەورۆز، کەی ڕووی داوە؟ لەبەرچی؟ لەسەر و کڵاوی کێدا نەورۆز پەیدا بووە؟! کاوە کێیە و پەیوەندیی بەنەورۆز و ئاگر و بەهارەوە چی بووە و؟ ئا لەم جۆرە پرسیارانە ماخۆڵانی گێژاوی بیرم بوون.

ساڵی هەشتاکان، سەرێکی قاهیرەم دا و ئا لەوێ، ئاواتم هاتە دی بەوەی کە توانیم سەری کتێبخانە ئەزهەر بدەم و بەرێککەوت دەستنووسی زۆر کە ئەوان بەدەستنووسی پارسیان لە قەڵەم دەدان، کەوتنە بەرچاوم و ئەوانە وایان لێ کردم، کە بۆ چەند سەعاتێ



خەریکی ئەوانە بم. بەهەر حاڵ، ئەو دەستنووسانە پتر لە سەد ژمارەیە بوون و سەرپاکیان دەربارەی نەورۆزە بوون و لەگەڵ هەندێ باسی دیکەدا. ساڵانی نەوەد، کە بۆ ئێران چووم، هەر نەورۆز ڕازونیازیم هەر لەبەرچاوەوە بوو! لە بارەی نەورۆزە و زۆرم خوێندە و هەروەک لە سەرەتاوە ئەمەم ڕۆشنکردەوە، ئەم نووسراوانە تینویەتیمان نەشکاند و ئەوەش، کە دەمەوێ لەم بارەیەوە، بەرچاوی خوێنەری بەڕێزی بخەم، ئەوەیە کە ئەنجامی ئەو کەڵکەڵەیەی کە لە بارەی نەورۆزە و بەسەرهاتیەکانیەوە هەمبووە و هەمە، بەم جۆرەی خوارەوە، وا ڕایدەرێژم و بەو مەبەستەی نا، کە ئەم تەواوی تەواوە، بەڵکو بەو مەبەستەی ڕێبازێکی ڕەوان بێ بەرەو ڕاستیی؛ سەرچاوەیەک بێ؛ بۆ لێکدانەوەی ڕەواتر، ئەگەر بکرێ!!

لەم بۆچوونەماندا، بەپێویست دەزانرێ، کە هەندێ خاڵی یاریدەدەری ڕۆشنکەرەوەی ئەم ڕێڕەوە هەن، بیاندەینە بەر بەردی تاقیکەوەوەی تۆژینەوە، بەو مەبەستەی، کە بگەینە ئاواتی گۆڵە سەرەکیەکە و ئەوانیش ئەمانەن:

## کورد و ئاگر

لەلایەن گەل و هۆزە جۆربەجۆرەکانی کوردەوە، لێرە و لەوێ و لەملاو لەولاوە، ناوی ئاگر، بەگەلێ ئاوازە و گۆ-وە، بەرگوێماندەکەوێ. کە وەک (ئار، ئاتر، ئاتەر، ئاویر، ئاور، ئایر، ئاگر، ئاتور،... هتد).

ڕێزگرتنی ئاگر، لەلایەن هۆزە جۆربەجۆرەکانی کوردەوە، گەیشتووەتە پلەیەک، کە سەرسووڕهێنەری بێگانەیە و بۆیە، باوەڕی بۆ ئەوە ڕۆیشتووە و دەڕوا، کە گوایا کوردەکان ئاگر دەپەرستن و جگە لە ئاگر، خوا ناناسن!!

لە ناوچەی کوردەواریدا، سوێندخواردن بەئاگر و بەپیرۆزیی زانینی بەشێوەی ئەم جۆرە زاراوانە بەکار دێت:

– بەو ئاگرە، بەڕۆشنایی ئاگر، بەبڵێسەی ئاگر، بەشۆڵەی ئاگر.

– پا ئایرە، پا بڵێسەو ئاویریە، قەسەم، پا ڕۆشناییە، پانوور و ئایریە، قەسەم وەو نووری ئاگرە.

– پا ئاویرانە، پا ئارگا، قەسەم وەو ئۆجاخە!

بۆ لێکدانەوەی ئەم جۆرە سوێندانە (جۆرە سوێندخواردنە)، وەک لەملاو لەولاوە وەدەستمان هێناوە، وەهامان بەدەستەوە دەدەن، کە ڕۆشنایی ئاگر (ڕۆشنایی = نوور)ی

خوایە (خوای خوایان) و بەهۆی گڕانگڕانی ئاگرەوە، زەویی ڕۆشن دەبێتەوە و دێو و درنج و شەیتانەکان سەرپاکیان لە ترساندا خۆیان هەشار دەدەن. ئەوەی کە عاشقی نووریی خوایە و عاشقی ڕاستڕەویە، هەمیشە خۆی نزیکی ئاگر دەکاتەوە و خۆی لەبەر ڕۆشناییدا پیرۆز دەکات، عاشقی خۆ سووتاندنە تیایدا و لەم ڕووشەوە؛ لە گۆشەی سۆفیگەریی کوردەواریدا، وەها بەرگوێ دەکەوێ -(وەک کورد واتەنیی)- پەپوولە عاشقی نوورە و بۆیە بەفڕکە خۆی فڕێ دەداتە ناویەوە و ئارامشی، لەگەڵ قەقنەسی لەشیدایە.

ڕێزی ئاگر، لەناو کوردەواریدا، بەچەند شێوەیەکی دیکە جێگای پیرۆزی خۆی هەیە، بۆ وێنە، لەم ڕووەوە:

- کاتێ، کە مردوو دەمرێ، تا ماوەی (٥-٧) ڕۆژێ ، کاتێ کە ئێوارە دایێ، ئاگر لە جێگای شووشتنەکەیدا دەکەنەوە، گوایا، پێویستە دێو و جنۆکە و شەیتانەکلّە، بەو جێگایەدا نەیەن و لەبەر بڵێسەی ئاگر و ڕۆشناییەکەی نەوێرن، بەو گوزەرەدا، گوزەر بکەن!!

- کاتی زستانان سەخت، یان هەر وەرزێکی دیکەی ساڵ، لەو ناوچانەدا کە ئاوەدانیەکان لە یەکترییەوە، ماوەی زۆریان لەنێوان دایە، ئاگرکردنەوە (بەشەودا، نزیکی سەر ڕێگا) وەک ئەرکێکی مرۆڤایەتی تەماشای دەکرێ و لەو ڕووەشەوە دەوترێ (ئاگرگڕان) واتای ئاوەدانیی پێوەیە و ئەو ڕێڕەوەش، کە بەو نزیکانەدا، تێدەپەڕێ، لادان و بەسەرکردنەوەی ئەو ئاگرەی دێتە بەر ڕێ، سا بەهەر مەبەستێکەوە بێ.

- کوژاندنەوەی ئاگر، بەئاو، بەکارێکی ناڕەوا دەزانرێ و بۆیە کورد وەک هەڵسوکەوتێکی کوردەواریی، هەرگیز ئاو بەئاگردا ناکات و ئەگەریش بۆ هەمان مەبەست، کارەکەی کرد، وەک ئەرک دەبێ کە بەو بۆنەیەوە، یا لە پێناویدا، خەیر بکات، بۆ ئەوەی ئەو کردەوەیە، کە ناڕەوایە، بسڕێتەوە.

- ئاگر لە کوردەواریدا، بەواتای (زیندوویەتی) دێت و وەک زاراو دەوترێ، فلانە ماڵ ئاگری نییە، یان ئاگری کوژراوەتەوە، بەواتای ئەوە دێت، کە گەورەی ماڵەکە مردووە!!

- ئاگر، نابێ پیسایی تێ فڕێ بدرێ. ئەمەش، وەک ڕەویە و ڕەوشتی، لەناو کورداواریدا، باوە، کە نابێ تفێ تیا بکرێ، یان شتی پیسی تێ بخرێ، یان پیس بکرێ و تەنانەت، خۆڵەمێشەکەشی بەپاکترین خۆڵ دەژمێررێت و جێگای گڕانگڕانی ئاگریش، کە بەچەند شێوەیەک ناوی دەبەن، (ئۆجاخ)یشی پێ دەوترێ.

وشەی ئۆجاخ (وەجاخ)یش، بەشێوەی زاراو بەکار دەهێنرێت و دەوترێ:



فلانە کەس وەجاخ ڕۆشنە! واتە: کوڕەکەی توانیویەتی جێگای بگرێتەوە! یان بەواتای ئەوە دێت، کە فلانە کەس کوڕی هەیە!!

یان، ئەگەر خێزانێک کوڕیان نەبێ: دەوترێ فلانە خێزان وەجاخ کوێرە! بەم جۆرە دەبینین، کە تەنانەت جێگای (ئاگر گڕان) چەند پلەیەکی پیرۆزی هەیە و چونکە هەروەک لە سەرەوە باسمان کرد، ئاگر بڵێسەی زمانی خوایە بۆیە هەمیشە ڕەمزی پاکییە و ڕاستییە.

## ئاگر لەناو کوردەواریدا (هۆزە دینییە جۆراوجۆرەکاندا)

هەروەک لای زۆربەی خوێنەری کورد ڕۆشنە، کورد زۆربەی دینەکانیان گرتووەتە باوەشی و لەگەڵیاندا، جۆشیان خواردووە، بەبێ ئەوەی هەڵسوکەوتی نەتەوەیی ون کردبێ!

- بۆ وێنە، کوردی زەردەشتی ماون و هەن و زۆربەیان، لە شاری (ئورمییە هەورامییە و دەوروبەرەکەی دادەنیشن و دەژین و من خۆم بەش بەحاڵی خۆم توانیم لەگەڵیان دا، کەمی وتووێژ بکەین و ئەوان وەهایان لە قەڵەم دەدات، کە لایەکی دیکەوە، وەهایان دەردەخست، کە گۆڕی دایکی زەردەشت وا لە (مەمێن) ناوچەیەکی بچکۆڵەیە و، کەوتووەتە دوور ڕیانی، یان سێ ڕیانی ڕێی نەغەدە مەهاباد و سەردەشت سەرگۆشەی دەریاچەی ورمێ (چیچست).

بێگومان، لە بارەی پیرۆزی ئاگرەوە و پێویستی بەگڕانگڕانی لە هەر کاتێک و دەمێکی دینی و نیشتمانیدا، لەلایەکی دیکەوە باس دەکرێ.

- کوردی ئێزەدی. هەروەک باو و برەو ئاگر زۆر پیرۆزە و هەرگیز نابێ پیس بکرێ و گەرمیی و ڕۆشنایی و بڵێسەی گڕانگڕانی، نوورە و لە زمانی خواوە دەبارێ و دەردێت و گەورەترین پەریی خودای یەکتا و دڵسۆزترینی (پەری تاووس)ە، کە لە ئاگر دروست کراوە. نەورۆز و جەژنی بەهار، لەلای ئەوان جەژنی میهرەجانە و جەماوەریی و گەلیی و دینییە و ئەرکیشە.

ئاوی لالش، کە سەری گیراوە و ئا لەوێدا، پەرستگایە، ئاوەکە دێتە ناو، حەوزێکی چوارگۆشەی پاکەوە و لە هەر چوار گۆشەکەیەوە ئاگری زەیتونی (واتە: بەڕۆن زەیتون گڕانگڕان دەکەن، نابێ خامۆش بکرێن، یا ببن. ئا لەوێدا جێگای نوێژکردن و سروود خوێندنیانەوە و هەر ئا لەوێدا، جەژنی میهرەگان دەگرن.

- لەلایەن کوردی کاکەییەوە، لە جەمخانەدا، بەبۆنە دینییانەوە، کوورەی زیکر دەبەستن

و لەگەڵ خەیاڵی بەنەوشەیی و لەگەڵ گڕانگڕانی گڕی ئاگری بڵێسەداردا دەچنە دنیایەکی نوێی دینی خۆیانەوە.

لە دینی کاکەییدا، وەها دەوتری، کە گیان و ژیان دووناودوونە و هەر گیانێ ئەگەر لە ڕێڕەوی دووناودوونەکاندا، بۆ ماوەی هەزار جار ببێتەوە بەبەشەر ئەو کەسە، دەچێتە قاڵب (چوارچێوە)ی ئاگرە و دەبێتە پارچەیەک لە نووری خوا و ئیتر هەرگیزاو هەرگیز هەر نەمر دەبێ!! بۆ وێنە (داودی گڵێم لە کۆڵ) یەکێکە لەوانە و یەکێکە لە پەریە هەرە دڵسۆزەکانی خوا (سان).

کوردی جوومان زۆرن و حاڵی حازریش، کۆمەڵێکی گەورەی بێسارانی سنەیی و کامیارایی هەر ماون و پتر لەوەش، کە ئاگر، لە دینی (جووت کەلیمی)دا چەند بەرێزە، وەک کوردی ڕەسەن بەباوبرەوی جەژنی نەورۆز و سەری ساڵ بەخۆشیەوە یاد دەکەنەوە و هەروەک سەرپاکی کوردەکان لە جەژنی نەورۆزدا دیاریی بۆ یەکتری دەبەن، یان باوک جەژنانە، بەمنداڵەکانی دەدات، ئەوە ماوەی چەند ڕۆژەی نەورۆزە، هەروەک لای هەر کوردێکی دیکە باوبرەوی نەورۆز هیچێکی کەم نەکردووە! بەڵام لە بارەی پیرۆزی ئاگرەوە، لەلایەن (جوو)ەوە، لە باسی (جوو)دا، باس دەکرێت.

کوردی فەلە و کوردی ئیسلام، هەرگیز وازیان لە کوردایەتی خۆیانیان نەهێناوە و بۆیە بەهەمموو جۆشوخرۆش و خۆشییەوە، یادی نەورۆز بەگڕانگڕانی ئاگر دەکەنەوە.

کورەی سوفیگەریەتی کوردی ئیسلام، بۆ وێرد و زیکرکردنی خوا، بەدەوری کورەی ئاگردا (دەچنە حاڵەتی خواییەوە و لە دەریایدا مەلەوانی دەکەن، تاوەکو بەزووترین کات بگەنە گۆڵ و ئاوات و ئامانج) کوورەی زەمزەمە دەبەستن.

## ئاگر و دینە جۆربەجۆرەکان

– ئاگر لای زەردەشتیان

لە ناو بەشەکانی ئاڤێستادا، بەتایبەتی یەکێ لە بەشە دێرینەکانی یەسنا (گاتەکان)دا و ئا لەوێدا، پتر لە نیوەی بۆ ئاگر و پیرۆزیی تەرخان کراوە و بەتایبەتی چۆنیەتی هەڵسوکەوت لەگەڵیدا و ئەو کەسانەی، کە لەلایەن دینەوە، بەرپرسن، لەبەر بەردەوامی گڕانگڕانی و سەرپەرشتیکردنی. (یەسنا، پرۆفیسۆر پور داود، ل١٢٢-١٩٦ – تهران).

ئا لەوێ دا، وەها هاتووە، کە لە دنیادا، تاریکی و ڕۆشنایی هەن، ڕاستگۆ و درۆزن هەن، ڕاست و ناڕاست هەن، ئەهرۆمەزدە و ئەهریمەن هەن، شەیتان و دێوودرنج و



خەڵکخەڵەتێنەر و پیاوی خودا و خزمەتگوزار هەن و هەمیشە دەسەی دێوودرنج و شەیتان سەر بەئەهریمەن و هەمیشەش ئەمانەش دژژ بەبەرەی ئەهرومەزدە و پیاوچاکان و ڕاستانیش هەمیشە لە ڕۆشناییدا دەژین و دەستەی دوژمنانیشیان هەمیشە وان لە تاریکاییدا و ئا لەوێدا، بۆ خەڵک لە برێبردنی خۆیان هەشاردراوە.

بڵێسەی گڕانگڕانی ئاگر، ڕەمزی بۆ زمانی پاکی پیرۆزی خودا و نیشانەی سەرپەرشتیکەری ڕاستیی و مرۆڤایەتییە، کە زەردەشتییەت ڕابەریەتی.

لە (گاتەکان)دا وەهامان بۆ دەردەکەوێ، کە دینی زەردەشتی دینێکی مرۆڤایەتیو شارستانی بووە، کە لەگەڵ یاسای ڕامیاریدا، هاوڕاز نەبوون! ئەگەر یاسایەک ویستبێتی بەپێی پەیڕەوی دینی زەردەشتی کە لە (ماگەکان)دا دەستبژێرکراون، هەرگیز لەبەر سێبەری یاسای ڕامیاریدا دانەنیشتوون.

لە ئاڤێستادا، ئاگر، بەشێوەی (ئاتر = áthr = áØr) هاتووە و بەو کەسەی کە سەرپەرشتیکەری ئاگرە (ئاترەڤان = áthraván)، یان (ئاترەڤەن = áthravan) دەوترێت، ئەمانەش بەچینێکی زۆر بەرێز تەماشا دەکرێن.

لەلایەن دینی زەردەشتییەوە، پەرستگای گەورە گەورە و فراوان، لەلایەن زەردەشتیانەوە، لەملاو لاوە – (بۆ هەڵسوکەوتی دینی، جەژنی دینی و کۆمەڵایەتی، باووبرەوی شەش جەژنەکانیان... هتد) – مەڵبەندی پەرستگا (ئاتەشگا = ئاتەشگەدە) دروست کراوە و هەرە گرنگترینی ئەوانە و پیرۆزترینیان، ئاتەشگەدەی (ئازەر کوشتەسب) بووە، لە (شیز = تەختی سلیمان)، لە ناوچەی تیکاب نزیک بەشاری ئۆرمییە (ئۆرامییە). سەرپاکی جەژنەکانی زەردەشتییەکان، لە دەمی ژیانی زەردەشتدا، لەو ئاتەشگەدەیەدا گیراوە و گڕانگڕانی ئاگر بەشێوەیەکی سەرەمڕیی بڵێسەی کێشاوە و هەرگیز خەفە نەکراوە. ئەردەشیری بابکان، ئا لەوێدا، لە دەمی بەهاردا، بەپێی خاوسی چووەتە ناو ئاتەشگەدەی شیزەوە و تاجی شاهیی کراوەتە سەر و ئا لەوێ جەژنی دینی میهرەجان، لەگەڵ نەورۆز و لەتەک دەستپێکردنی تاجگوزاریی شای شایانی ساسانی جۆشی خوارد و ئەو شایانەی دواییشی زۆربەیان پەیڕەوی ئەویان کردووە.

– ئاگر لای (جوو = کەلیم)ان

لە (تەوراتدا = Old testament)، وەها دەردەکەوێ، کە (ئاگر) پایەیەکی زۆر پیرۆز و بەرێزی هەیە، چونکە خوای یەکتا (یەهڤە = Yahve) کاتێ کە لەگەڵ (مووسا)دا

گفتوگۆ دەکات، بەزمانی بڵێسەی ئاگرەوە کردوویەتی، گوایا، زمانی (بڵێسە) ئاگر، زمانی خوایە (بڕوانە: آتش نزد بنی اسرائیل - پور داود، ویسپرد، ل٨٥، یان (سەفەری خروج = Exodas) بەشی سێیەم و بەشی نۆزدەهەم و بەشی بیستەم - بەدەم پور داود - ەوە)، پتر لەمەش جێگا و شوێنی قوربانیکردن، دەبێ بەئاگر ڕۆشن بکرێتەوە.

- ئاگر، لە لای هیندیان:

لە دێرینترین پەڕتووکی سانسکریتی (هیندیی کۆن)دا، کە (ڕێگ ڤێدا = Rigveda)یە، وەها، هاتووە، کە (ئاگنی = Agni) پەروەردگاری ئاگرە و لەگەڵ خوای مەزن (ئیندرا = Indra)، لە کاتی قوربانیکردندا، بەهۆی گڕانگڕانی بڵێسەی ئاگرەوە (زمانی خوای گەورە) جابەجا دەبێ و بێ ئەو سەرناگرێ.

بەهەرحاڵ، وێکچوونی پیرۆزیی ئاگر لای هیندیانی دێرین و دینی زەردەشتی ئەگەر جیاوازییەک بەدیی بکرێ، مەگەر لە ڕووی ناوەوە هەبێ!

- ئاگر، لای چینیەکان:

لە لایەن چینەکانەوە، ئاگر پایەیەکی پیرۆزی هەیە و (خوای ئاگر) لە لایەن چینەکانەوە، بەناوی (تسۆانگ = Tsaowang)ەوەیە و پەیکەریشی لە ناو هەموو ماڵێکدا، لە لای هەموو خێزانێک هەیە و ئەگەریش پەیکەری نەبێ، دەبێ وێنەی هەبێ و چونکە بوونی پەیکەری ئاگر یان وێنەی لە ناو ماڵاندا، لە لای خێزان، پارێزگاریی سەرۆکی خانەوادە و ئەندامانی خانەوادە و نەوەی خانەوادە دەکات.

لە جەژنە گشتییەکانیان، کە لە دەرەوە، لە ناو ماڵان و خێزاناندا دەگیرێ، جەژنی (خوالەی ئاگرە) و لەم جەژنەدا، قوربانی دەکرێ و قوربانیەکەش دەخرێتە ناو ئاگرەوە. (پور داود، ویسپرد، ل **٩٤ - ٩٥**).

- ئاگر، لای یۆنانیان:

لە بارەی دروستکردنی یەکەم مرۆڤەوە و دەوری ئاگر لەوێدا، لە مێژووی دینیدا، چەند داستانێ بەرچاو دەکەون و کە هەریەکێ لەوانە، ڕووالەتێکی جیاوازیی لەوی دیکە هەیە و ئەوەشیان کە لە یەکترییەوە نزیک بن، یان لەیەک بکەن، جۆری خوالەی دینیی و دەوری ئاگرن! لەم ڕووەوە، بەکورتی وەک ناوونیشان، سێ ڕێگا هەبوون و ئەوانیش: یەکەم، مرۆڤ لە بەردی خارا و لە درەخت دروست کراوە، دووەم (زاوش = Zaus)، یان (زیوس)



و خوالەی دیکە، مرۆڤیان دروست کردووە و ڕێگای سێیەم، ئەوەیە، کە (پرۆمیتیۆس = Prometheus)، دروستکەری مرۆڤە؛ لە (خاک و لە ئاو) و (ئاتێنا = Athena)ش گیانی بەبەردا دەکات. لە هەر سێ جۆرە دروستکردنەکەدا، (ئاگر) بۆ گیان پیاداکردن دەوری هەیە و ئاگریش، هەمیشە بەدەست خواوەندی گەورەیە و بەفەرمانی ئەوە (واتە؛ بەخواشتە رخوازی زاوش -ە)، (ویسپرد، د. پور داود، ل **٩٦ - ٩٧**).

- ئاگر، لە لای ئیسلام:

لە لای ئیسلام، ئاگر بەپیرۆز دەزانرێ و بەتایبەتی کاتێ کە حەزرەتی ئیبراهیم، لە لایەن بتپەرستانەوە خرایە ناو ئاگرێکی گەورەوە (مەنجەنیق)، خوا فەرمانی دا بەسەر ئاگردا، کە دەبێ سارد بێ و سەلامەتیش بێ، بۆ ئەوەی ئیبراهیم نەسووتێ و نەخۆشیش نەکەوێ و ئەنجامیش ئەوە بوو کە ئیبراهیم نەسووتا و بەسەلامەتی هاتە دەرەوە. پاش ئەوە، ئیسلام ناوبەناو سوێند بەنووری ئاگر دەخوات! ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەوە، زۆر نزیکە، کە هەر بەو بۆنەیەوە بوو بێ، بۆیە کە ناوی باوکی بەناوی (ئازەر = ئاگر)ەوە بانگ بکەن!

- ئاگر، لە لای ڕۆمیان:

پەروەردەکەری ئاگر، لە لایەن ڕۆمیی دێرینەوە (ڤێستا = ڤەستا = Vesta)یە، کە بەرامبەر و هاوواتای (هێستیا = Hestia)ی یۆنانییە. دێرینترین پەرستگای (ڤێستا = Vesta). لە لایەن دووەمین پادشای (ڕۆم)ەوە، (نوماپومپیلیوس = Numapompil-ius)، لە (پەلاتین = Palatin) دروستی کردووە. نووسەرانی لاتین وەهایان، لە قەڵەم داوە کە ئەم شاهە ئەفسانەیی، ساڵانی (٧١٤ - ٦٧١)ی پێش زایینیدا ژیاوە.

ئاگر، لە لای ڕۆمیەکانی دێرینەوە پشتیوان و پارێزگاریکەری وڵاتیان بووە و ئەم ئاگرە پیرۆزە، هەمیشە، لە (ڤێستا)دا ڕۆشن بووە و بگرە هەمیشە بڵێساندوویەتی.

بۆ ئاگاداریکردنی گڕانگڕانی ئەم ئاگرە، لە سەرەتادا چوار کەنیشکی خاوێن نیک بوون و لە پاشدا، کراون بەشەش و ئەمانەش، بەپێی هەندێ هەلومەرج دیاریکراون و لێرەدا، ماوەی ئەوەمان نییە!

هەموو ساڵێ، ڕۆژی نۆهەمی مانگی (کانوونی دووەم) جەژنی ئاگری پیرۆزی (ڤێستا) بەرپا (دەگیرێ) دەکرێ و لەو ڕۆژەدا، خەڵک بەرەو ئەو ئاتەشگەدەیە ڕوو ئەنێن و ئا لەوێدا و لەو ڕۆژەدا، بەخەڵک هەمەجۆرە و هەمەڕەنگ گورجوگۆڵیی ڕۆشنبیریی دینیی پێشکەش دەکرێ و شایانی باسە، هەر لە هەمان ڕۆژیشدا قوربانی دەکرێ.

ئەوەی کە دەبێ بوترێ لەم ڕووەی بەراوردکارییەوە، ئەوەیە، کە هەر تەنیا (مۆبەد)ی زەردەشتی و پەروەردگاری ئاگر لە کەنیشتەی (یۆنانیی) و هی (ڕۆمانیی) و هی (جوو)یشدا، بۆی هەیە کە بەرێوەبەری ئەو جەژنە پیرۆزە بێ و لە پشتی سەری ئەو ئاگرە پیرۆزەوە بێ. (د. پور داود، ویسپرد، ل ١٠٢ – ١٠٣).

## ئەژیدەهاک:

سەرگوزەشتەی جۆراوجۆری (ئەژیی) و (دەهاک) لە داستانە دێرینەکانی گەلاندا، جێگایەکی فراوان و دێرینیان پڕ کردووەتەوە.

دەهاک، خۆی بەناوی کەسایەتییەکی مێژووییییەوە، هەروەک گوزارش (ڕاپۆرتە)کانی یۆنانیە دێرینەکان تۆماریان کردووە، لە سەرگوزەشتەنامەکانی (ماد) و (ئاشور)دا، جێگایەکی سەرسوڕهێنەری گرنگیان داگیر کردووە.

دەهاک، لە ناو کوردەوارییدا، ڕووالەتی کەسایەتیی جۆراوجۆری بەرچاوی گوێ دەکەوێ! کە وەک:

- لە ڕووی رامیارییەوە، زوحاک (عارەب) بەزۆر وڵاتی داگیر کردووە و وشک و سەوزی پێکەوە سووتاندووە و هەرچی مرۆڤایەتی، پێی ناخۆش بێ، ئەو بەڕەوای زانیوە و کردوویەتی. لەم بارەیەوە (کاوە)ی کرێکاری بۆ پەیدا بووە و ڕووبەڕووی وێستاوە و بەسەریدا سەرکەوتووە و ئاسایش و خۆشیی بۆ خەڵکانی کۆمەڵگایانی کوردی، بەرپا کردووە.
- لە ڕووی دینییەوە، زوحاک پاڵەوانی ئەهریمەن (شەیتان)ە و هەرچی شتێ، کارێ، دژ بەدینی ڕاسترەو خوای یەکانە پەرستی بێ، ئەو دەیهێنێتە دیی، هەمیشە پاڵپشتی درۆودەلەسە و خراپەکردنە.
- لە ڕووی کۆمەلایەتییەوە، بەهۆی زۆری زوڵم لێکردنەوە کۆمەڵی زۆرداری دژ بەشارستانیەت دروست دەکەن و پاڵەوانی زۆرداری فرت و فێڵکەر (زوحاک) و کۆمەلانی بەرفراوان و گەورە و کارکەران و هەژاران و چەوساوان، لە پێناوی بەرژەوەندیی خۆیاندا دەخەنە ژێر بارەوە.
- لە ڕووی ڕۆشنبیریی کەلەپوورییەوە، وشەی زوحاک (دەهاک) وەک ئیدیۆم (زاراو)ی لێ هاتووە و بەشێوەی قەرزکردن، لە ڕستەی ڕەنگاوڕەنگدا بەکار دەهێنرێت! زوربەی جاریش شێوە و ڕووالەتی، کورد واتەنیی وەرگرتووە و لەگەڵ ئیدیۆمی (زیندانی



ئەسکەندەر)دا، بەکار دەهێنرێت و بەزۆریش بەدەموزاری کۆمەڵگای ئاساییەوە، برەوی هەیە.

لە فەرهەنگی کەلەپووری کوردەوارییدا، (ئەژیی و دەهاک) بوونەتەوە یەک و وشەی (ئەژدیها)یان دروست کردووە و کاتێ کە ناوی وەها بەرگوێ دەکەوێ ڕووالەتی مارێکی زۆر گەورە بەدرێژیی و پانیی و ئەستووریی، لەگەڵ چەند سەرێکی هەڵلوشەردا، دێنە بەر بینینی چاوی ڤیدیۆتێپ –ی مێشک، یاخود ترسناکتر لەوەی کە خەیاڵ بۆی دەڕوا!

هەندێ جاریش، ئەو وێنە خەیاڵییە دێتەوە، بەرچاوی خەیاڵ، کە گوایا، کاتی خۆی زوحاک سەرچاوەی (کانی) شارەکەی داگیر کردووە و لە سەرشانی زوحاک ئەژدیها هەن، دەبێ هەربەکێ لەوانە، یەکێک (مرۆڤ)، بخرێتە قوڕگیەوە، ئەوجا، بەشی (ژەمێ) ئاو بۆ شارەکە بەر دەدات! شایانی باسە، کە ئەو دوو ناوە (دەهاک) و (ئەژیی)، هەروەک باسمان لێوە کردنی و بەدرێژیی باسی هەریەکێکیان، لە ڕووی زماننانسیی و مێژووییەوە دەکەینەوە، پاش بەسەرچوونی ماوەیەکی دوورودرێژ ئەوجا، بەم جۆرە کە ئەمڕۆ هەیە (ئەژدیها)، یەکێکیان گرتووەتەوە و ئەم واتا نوێیە، بەبەریا کراوە.

### (ئاژیی = Azi):

ئاژیی، یان ئازیی، وشەیەکی ئاڤێستاییییە و بەواتای (مار) هاتووە، وەک واتای ڕاستەقینەی (واتایی) و لەگەڵ ئەوەشدا وەک واتایەک، کە لە ڕووالەتی قەرزدا، بەکار بێت و گیانێکی ئەدەبیی پێدا بکرێ، بەواتای (دوژمن) دێ. ئەمڕۆ لە ناو (کورد)دا، مار، وەک گیانەوەرێکی خشندە ناسراوە و جۆراوجۆر و ڕەنگاوڕەنگی هەیە و پتر لەمەش ژەهردار و بێ ژەهری هەیە و هەمیشە بەدوژمنی مرۆڤ لە قەڵەم دەدرێ و مرۆڤ هەمیشە بەمەترسییەوە بەرەنگاری دەبێ. لە ناو کوردەوارییدا، وەک ئیدیۆم (زاراو)، بەرگێکی پیادا دەکرێ و گوایا، باشترین بەرگی واتا بەخشە، بۆ بەرامبەر بەدوژمنێ، کە هەمیشە مەترسیی بۆ دوژمنەکەی هەیە. لە هەندێ کورد واتەنیدا، زاراوی لێکدراوی (ماری بێ ئیجازە) بەکار دێ، کە گوایا، دوژمنێکە و هەرگیز جێگای باوەڕ نابێ!

لە دەمی باووبرەوی دینی زەردەشتیدا، (ئەهریمەن) یەکەم هێزێ بووە، کە بەرامبەری بڵاوبوونەوەی دینی زەردەشتی بووبێ و هەمیشە وەک بەرهەڵستی وەستاوە، لە سەرپاکی ئەو ناوچانەدا، کە بۆنی بڵاوبوونەوەی دینی زەردەشتیان لێ هاتووە.

بەشێوەیەکی دینیی (بەپێی ڕەویە و ڕەوشتی زەردەشتیەت) ئەوانەی کە بەهۆی

بڵاوبوونەوەی دینی زەردەشتی بووە زیانیان پێ گەیشتووە و پێ دەگات، هەمیشە بەخۆیان و پشتگیریانەوە، دژژ بەدینی ڕاستیی و یەکتایی و ئاوەدانیی و شارستانیەتی کشاوەرزیی (کشتوکاڵ، زەوییوزار ئاوەدانکردنەوە) وەستاون.

بەهەرحاڵ، لەم ڕووەوە (خوێنەر بۆی هەیە، کە بگەڕێتەوە، بۆ ناوەڕۆکی گاتەکان،...) ئەوەی کە من بۆی دەڕۆم ئەوەیە، دینیی زەردەشتی دینێکی یەکتاناسینی خوا بووە و لە ڕاستیشدا دینی رامیاریی بووە، بۆ گۆڕینی کۆمەڵ، بەرەو شارستانییەت لە رەوەندییەوە، بەرەو دێهات و بەرەو شارستانیەتی ئاوەدانکردنەوەی زەوییوزار و بەرەو خزمەتگوزاریی بەمرۆڤ و مرۆڤایەتی لە بیر و لە پەند و لە کردار و کردەوەدا. بێگومان ئەم ڕێڕەوە، دژژە (لە ڕووی دینییەوە)، بەخوالەکان، خوالەیێ کە جگە لە درۆ و زوڵم، فریودانی خەڵک چی دیکەی پێ نەبووە و لە ڕووی رامیاریشەوە دژژە، بەو خاوەن کویلە و خاوەن دەسەڵاتی دیکەی لەم ڕووەوە. کەوا بوو ئەم بەرەیە، دەبێ ئەگەرچی کەمترین لە خەڵکەکانی دیکە (کویلە و بێ دەسەڵات، هەژاران و چەوساوان) بەڵام دەسەڵاتدارترن، لە هەموو ڕوویەکی دیکەوە، واتە: لە ڕووی دەستی خراپەکردن و درۆودەلەسە و زۆر و جۆریانەوە. ئەم دەسەیە، لە ئاڤێستادا بەناوی (ئەهریمەن = ئەنگرەمەینو = angremainyu)وە، هاتووە و کە دروشمیان (بیری خراپ و وتەی بەد و کردەوە زیانبەخش)ە. ئەمانە لە هەموو لایەکەوە کە زەردەشتیی بتوانێ سەرهەڵبدات، سەرهەڵدەدەن و دژژیان ڕادەوەستن. لە ئاڤێستادا، ئەمانە، بەناوی (ئەژیی)، یان (دێو)ەوە، ناویان هاتووە. (گات، پرۆف – پور داود، ل – ٧٨). ئەوجا، بابێینە سەر لێکدانەوەی وشە (ئاژیی = Azi) و بەپێی ناوەرۆکی (گات)ەکان بۆمان دەردەکەوێ، کە بڵێین، وشەکە لێکدراوە و پێکهاتووە، لە (ئامرازی نەرێ = نەفی «ئا = A») و ڕەگی ڕیشەی کار (ژی = Zi) کە بەواتای ریشەی (ژیان) دێ. ئەوجا، هەردووکیان پێکەوە، دوو بەشی یەکگرتووی دژژاوەری ئاوەرن و بەواتای (ژیان + دژژی ژیان)، کە (مار)ە. بەڵام وشەیەک کە بەناوی (ئاژیدەهاک)ەوە بێ، لە ئاڤێستا (گات)دا نەهاتووە!!

دەهاک:

لە ئاڤێستادا وشەی (دەهیو = dahyu) هەیە، کە بەواتای وڵات، ناوچە، لادێ، کێڵگە دێ. شایانی باسە، ناوی (دهۆک)ی ئەمڕۆیش، هەر بەهەمان واتاوە، ناونراوە.

لە ئەدەبیاتی پالەوییدا، ناوی بەم شێوەیە (دەهاک = dahak)ە کە بەواتای (زوحاک = ضحاک) دێ و لە فەرهەنگی پالەوییدا (د. فرەوشی، ل – ١٢٧) وەها هاتووە، کە



وشە (دەهاک)، بەرگی عارەبیی پیادا کراوە و تا بووە بە(زوحاک = ضحاک) و لەم بابەتەشەوە دیسان دەڵێ، کە (دەهاک) بەواتای (دە) عەیب، هاتووە، چونکە (ئاک = ak) لە پالەوییدا، بەواتای (عەیب)، یان (گرووپ) یان (زۆر)، یان (دێو) هاتووە.

هەر لە هەمان سەرچاوەدا، وشەیەکی لێکدراوی وەک (دەهاکان = dahakan) بەرچاو دەکەوێ، کە بەواتای (لادێیی، دێهاتی، گشت و کاڵکەر) دێت و ئەمەش بەرامبەر و هاوواتای وشەیەکی دیکەی پالەوییە، کە ئەویش (دەهیستان = dahistan)ە.

ناوی (دەهاک کەرت = dahak kart)یش، ناوی شارێکە کە گوایا زوحاک، لە (بابل)دا، دروستی کردووە.

وشەی (دە = da) وەک پارچەیەک لە ریشە (دەسە = dasa)ی ئاڤێستاییەوە، کە واتای (دە)ی ئەمڕۆی ناو زمانی کوردیی دێ.

بەپێی ئەم لێکدانەوەی سەرەوە، بۆمان دەرکەوت، کە وشەی (دەهاک) بەواتای (زوحاک) لە (گات)دا دەست ناکەوێت، بەڵام وشەی (ئەژدیها) لە شاهنامەی فردەوسییدا، بۆ چەند جارێ هاتووە و هەروەها، لە ئەدەبیاتی ساسانیشدا بەزۆریی بەرچاو دەکەوێ.

شوێنەواری دەهاک:

لەم ڕووەوە بۆچوونی جۆراوجۆر و بێ سەروشوێن بەرچاو دەکەون! لە شاهنامەی (فردەوسی)دا وەک ناوی (ضحاک = ع) و بەشێوەی (اژدها) هاتووە و لە بارەی لێکدانەوەشی، دەبینین کە بەکەسێکی (ناپارسا) کە بەواتای (نائێرانیی) دێت، هاتووە و، لەولاشەوە، وەک کابرایەکی تەلیسماویی و تەلیسم زان و جادوو لە قەڵەم دەدرێ.

ناوی جێگا و شوێنەوارەکەی؛ (فردەوسی) دەیباتە (دەماوەند) کە شاخێکە کەوتووەتە ڕۆژهەڵاتی (تاران)ەوە و لە لایەکی دیکەش دەیباتە (ئەروەند) و هەندێکی دیکەش دەیبەنەوە سەر بنەڕەتی عارەب و شوێنەکەشی دەبەنە شاری (دەهاکەرت)، کە لە (بابل)دایە.

هەندێ مێژوونووسی پارس تێکەڵاویی لە نێوان (دیاکو) شای دامەزرێنەری (ماد)دا و لە نێوان وشەی (دەهاک) دەکەن و بەیەکیان دەزانن و ئەویش هۆی نەزانینی لێکدانەوەی پارچەی ناوەکانە، لە ڕووی زماننناسیەوە، ئەگەر بەمەبەست نەبێ و ئەگەریش بەمەبەستیش بێ، لەوانەیە، بەمەبەستی کینە وەبەرهەمهێنان بێ دژژی دامەزرێنەری شای (ماد)! بۆ پۆخڵ کردنی ڕێڕەوی.

فـەرهەنگە پارسـیـەکـان، وەهایان لێک داوەتەوە، کـە وشـەی (زوحـاک) وشـەیەکی عـارەبییە و زاراوێکی پڕ بەواتای زۆر و جەور و خراپەکردنە. بەیرونی، (دەهاک) بەکوڕی (بەیوەرئەسپ = بیوراسپ) و کوڕی (ئەروەند) دەزانێ.

لە بارەی لێکدانەوەی واتای (ئەڕوەند) = (ئەڵوەند)ەوە، هەندێ بەڕووباری دیجلەی دەزانێ و هەندێکیش بە(شاخی) دەزانێ و هەندێکی دیکە بەشاری دەزانن و فردەوسی – ش (ئەروەند) بەڕووباری لە قـــەڵەم دەدات و بەدیجلەی دەزانێ! ئەمـــەش نەزانیی جوگرافیاییە و نەبوونیی بەڵگەیە، لە بنەڕەتی مێژووییەکەدا.

لەم ڕووەوە (فردەوسی) یەژێت:

(بە اروند رود اندر آورد روی چنان چون بود مرد دیهیم جوی
اگـــر پهلوانی ندانی زبان بە تازی تو اروندرا دجلە خـــوان)

(فردەوسی)

هەروەها، فـردەوسیی، ئەژدیـها، بەمار نـازانێ، بەکـەسێکی تەلیـسـمـاوی دەزانێ، بەم بۆنەیەوە دەڵێ:

(بدانست کان خانەء اژدهاست کە جای بزرگی وجای بهاست
طلسمی کە ضحاک سازیدە بود سرش بآسمان بر فرازیدە بود)

هەروەها دەڵێ، کە زوحاک، ئێرانی (ناپارسا = نائێرانیی) نەبوو.

لەم ڕووەوە دەڵێ:

(سـر مـایەء آن ز ضـحـاک بود کـە ناپارسـا بود ناپاک بود)

ئەوەی، کە لێی تێگەیشتین، ئەوەیە، کە (ئەژدیها)، لێرەش و لە ئاڤێستادا، بەواتای (دوژمن) هاتووە!!

(ج. ک. کویاجی، ترجمە: جلیل دوستخواە آیینها و افسانەها ایران و چین باستان، ل – ۱۷۷).

ئەوجا، بابیبینە، بەسەردەم شای یەکەمی (ماد)، کە بەم ناوانەوە، باسیان لە لاپەڕەکانی مـێژوودا هاتووە: لە مێـژوویەک، کـە (کسـتـزیاس) یۆنانی، کـاتی خـۆی لە ناو کـۆشکی داریوشدا ماوەتەوە و مێژووی مادی نووسیوە، بەم جۆرەی خوارەوە، ناوی شایانی (ماد)ی هێناوە. (تاریخ کامل ایران. د. میترا مهر آبادی، ل – ۳٦۲):

۱- آرباکس (۲۸) ساڵ فەرمانڕەوا بووە.



۲- مانداکس (۵۰) ساڵ فەرمانڕەوا بووە.
۳- سوسارس (۳۰) ساڵ فەرمانڕەوا بووە.
٤- آرتی کاس (۵۰) ساڵ فەرمانڕەوا بووە.
۵- آربیان (۲۲) ساڵ فەرمانڕەوا بووە.
٦- آرتەسس (٤۰) ساڵ فەرمانڕەوا بووە.
۷- آرنی نس (۲۲) ساڵ فەرمانڕەوا بووە.
۸- آستی بارس (٤۰) ساڵ فەرمانڕەوا بووە.
۹- آسپاداس (استیاکس)، (۳۰) ساڵ.

بەهەرحـاڵ، هێنانـەوەی ناوی ئەم زنجـیـرە شـایانەی (مـاد) بەو مـەبەسـتـەیە کـە لەگـەڵ ئەوانەی (هیـرۆدۆت)دا، بەراورد بکرێ و تا وەک مـێـژوونووسی کـورد کـە خـۆی بەنەوەی نوێی کورد دەزانێ بگاتە ئاواتی ڕاستەقینە و ڕاستەوڕاستی مێژوویی و دوور بکەوێتەوە، لەوەی کە شوێنکەوتووی ناشارەزایانە بێ! ئەگەر هاتوو زانیمان (کتسزیاس = Ctesias) دوکـتـۆر و پزیشـک –ی ناو کـاخی داریـۆش بووە و چە (دەکـیـومـەنتی پۆسـتی هومـاری گەنجینەی هەخامەنشیی بووە) سەرپاکی لە ژێردەستیدا بووە و بەپێچەوانەی هیرۆدۆتەوە کە دەیان یان سـەدان ساڵ بەدوای (کتسزپاس)دا هاتووە و مێـژوویەکەی لەسـەر بنەڕەتی (پرس و پرسیار)ەوە، پێکەوە ناوە!!

ئەو ناوانـەی کـە لە لایەن (هیـــرۆدۆت = Herodote = Herodtus)ەوە هاتـووە بەم جۆرەن:

۱- دیوکس، ساڵی ۷۱۵ (پ. ز).
۲- فرا اورتیش ٦۵۳ – ٦۷۵ (پ. ز).
۳- هوخشترە ۵۸۵ –٦۲۵ (پ. ز).
٤- آستواگس ۵۵۰ – ۵۸۵ (پ. ز).

(ایران در سپیدە دم تاریخ. جورج کارون، حسن کنوشە، ل ۱۷٦).

لێرەدا، ئێمە دەبێ بگەڕێینەوە، بۆ مەبەستە سەرەکییەکە و ئەویش یەکەم شای (ماد)ە، کە هەندێ بەناوی (زوحاک)ە و لێکی دەدەنەوە، ناوی یەکەم شای (ماد)، دامەزرێنەری دەوڵەتی (ماد) بەم جۆرە بەرچاو دەکەون:

– دەیاکو = Daiakku

- دەیۆکو = Daiukku
- دەیوکس = Deioces
- دەیوکەس = Deiokes
- ئارباکەس = Arbakes

پێش ئەوەی هەوڵی ڕۆشنکردنەوەی ئەوە بدەین، کە واتای هەریەکێ لەم ناوانە کە بۆ (یەک کەس) هاتوون، لێک بدەینەوە و ڕاست و ناڕاستیان لە ڕووی ئەوەوە کە کامیان ناوی ڕاستەقینەیە و کامیان ناوونیشانیەتی، جوێ بکەینەوە، پێویست بەوە دەکات، نەختێ دەربارەی دامەزراندنی دەوڵەتی (ماد)ەوە ڕۆشن بکەینەوە، بۆ ئەوەی بتوانین، لەبەر ڕۆشناییدا، ڕێبازی لێکدانەوەکە بەئەنجامی ڕاستیی بگات!

## کورتەیەک دەربارەی چۆنیەتی دامەزراندنی دەوڵەتی ماد:

هەروەک وتمان، لە ناو ساڵنامەکانی ئاشوریەکاندا (لە دەوری سەروکلاوی شەمشی ئەدەد = Shamshi - Adad)ی پێنجەمدا، وەها هاتووە، کە دوژمنەکانیان، کە کەوتوونەتە ڕۆژهەڵاتیانە (مادەکان)وە و ئەگەرچی میرایەتی زۆرن، بەڵام هەر لەبەر ئەوەی، ناتوانن یەک بگرن، دەبێ هەوڵ بدەین کە هەرگیز یەکنەگرن، تاکو ئێمە هەمیشە توانای ئەوەمان هەبێ، کە دەسمان بەسەریاندا درێژ بێ!!

کاتێ، کە لەم دەمەدا (شەمشی ئەدەد = ٨٢٣ - ٨١٠ پ. ز) باسی یەکێ لە شەڕەکانی کە لەگەڵ یەکێ لە میراتییەکانی ماد -دا ڕوویداوە، دەکات و وەهای تۆمار دەکات، کە ئەو ئەو میرەی داگیر کردووە و پتر لەوەش نزیکەی هەزار و دوو سەد کەسێ کە لەگەڵیدا بوون، دەستگیری کردوون.

هەر لە ناو ئەو ساڵنامانەدا، وەهامان بەدەستەوە دەدرێ، کە میرایەتیەکانی ناوچەکانی وڵاتی (ماد) پتر لە چل ژمارەیەکن و ئەوەش دەردەکەوێ، کە هەندێ لەوانە، داردەستی یەکێ لەو شاهانەی ئاشوریان بووە و دژی نەتەوەکەی خۆی (ماد) جاشیی کردووە. جگە لەوەش، هەر میرێ لەو میرانە خاوەن هەموو شتێ بووە و خۆی بەگوژ و بەبڕ بووە و خاوەن هەندێ پاسەوان و تفەنگچی خۆی بووە و هەر لایێ لەو میرانە، سەرانەی ساڵانەی بەبێگانە داوە. ناوی ئەو هۆزانە، بەتایبەتیی بەناوبانگەکانیان، بەپێی ساڵنامەکان، ئەمانە هەندێکیانن: مادیی، مانیی، میتانیی، ساگەرتیی، ئۆراتوریی، هیتیی، کاردۆخی، ماگیی، کیمەریی... هتد.



شایانی باسە، سەرچاوە مێژووییە دێرینیەکان، لەوەدا، یەکدەگرنەوە، بەتایبەتی ساڵنامەکانی ئاشور، کە (دەیاککو) بەخۆی و دەست و پێوەندیەوە لە لایەن شای ئاشور (سارگۆنی دووەم = II - Sargon - ٧٢٢ - ٧٠٥ پ. ز)ەوە بۆ ناوچە (حماة) لە سوریا، دوور خراوەتەوە و بۆیەشە، نەیکوشتووە، چونکە سەرۆکێکی گەورەی وەها، لە ژێردەستیدا چاکترە لەوەی کە بیکوژێ، بەو نیازەی سوود لە زیندوویەتی وەک (بارمتە)، سوودی زۆر دەبەخشێ!

هەر سارگۆنی دووەم، لە ساڵەکانی (٧١٣ پ. ز)دا، هێرشێکی دوڕندانە و خوێناویی بردە، سەر ناوچەکانی ماد نزیکەی (چل و دوو) سەرۆک هۆزی مادی گرت و لەناوی بردن و ئەوانەش کە مانەوە، لە ژێر فەرمانیدا، بەگوێڕایەڵیی مانەوە. (گیریشمن ترجمەء: د. محمد معین، ایران از آغاز تا اسلام، ل - ٩٥).

لەوە دەکات، کە ئەم ساڵە (٧١٣ پ. ز) وریاکەرەوەیەک بوو بۆیان، کە ئەگەر بیانەوێ بتوانن بەسەرفرازیی بژین. پێویست بەوە دەکات، کە یەکبگرن و واز لە هەموو جۆرە دووبەرەکییەکی ناوخۆیی بهێنن و خۆیان ئامادەی سەرفرازیکردنی وڵاتیان بن، بەتایبەتی، کە سارگۆن هەر لەم ساڵەدا، خەریکی جەنگە لەگەڵ جوو سەمەرە (لە سوریا)، میسر و ئیسلام -دا، بۆیە، هەلەکەیان بەفیڕۆ نەدا و یەکیان لە ژێر سەرکردەیی (دەیاکو = ئارباکەس) گرت و ئازادیی وڵاتیان بۆ یەکەمجار، بەیەکگرتوویی بەدەست هێنا.

ئەوەی کە لێرەدا دەبێ لە بیر نەچێ، ئەوەیە، کە لە ژێر سەرکردەی (دەیاکو = ئارباکەس)دا، ئەم هۆزە گەورانەی ماد بەشدار بوون:

١- ئۆراتۆژیی = Uratu
٢- مانایی = Mannai
٣- مادیی = Madai
٤- ماگیی = Magi
٥- گووتیی = Guti
٦- کیمەریی = Cimmerian
سکیس = Scythians
٧- هوریەکان = Hurritcs
٨- هیتیەکان = Hittites
٩- پەرەتی (پەرثەڤە) = Parthava

١٠- میتانیی = Mitanni

بابێینەوە، بەلای ناوەڕۆکی ئەم بەشەوە و ئەویش، تێکۆشانە، بۆ لێکدانەوەی وشەی (دەیاکۆ = ئارباکەس).

ئەم دوو وێنەیە (دەیاککۆ) و (دەیۆککۆ) یەک زمانن و دوو شێوەزار و وێنەی سێیەمیش (دەیۆکس) و هی چوارەمیش (دەیۆکەس) شێوە زمانی گریکییە (یۆنانی کۆن). بۆمان هەیە، بەپێی (ڕەگ) و (ریشە) ناسین، بڵێین کە:

- دەیاککۆ = (دە + یا (یە) + ک + کۆ).

بەشی (دە) ریشەیە و لە قەدی (دەسە)ی ئاڤێستاییەوەیە و بەواتای

+ (دە)ی ئەمڕۆی ناو زمانی کوردیی دێت.

وشەی (دەسە) تا ئەمڕۆیش، لە ناو (هەورامیی و زازایی)دا، هەر بەکار دێت.

+ (یا = یە)، ریشەی ناوی (دەهیۆ = Dahyu)یە، کە لە ئاڤێستادا، بەواتای (ناوچە، دێهات، کێڵگە، گشتەزار،... هتد) دەگرێتەوە.

+ (ک = k) ریشەی قەدی کاری (کرشفە = Krshva)ی ئاڤێستاییە و لێرەدا وەک قەدی کارا، بەندبەس کراوە. شایانی باسە (کر = kr) وەک چاوگێ بەکار دێت.

+ (کۆ = ko)، بەواتای (کۆ، کۆم، کۆما) کە شێوەن لە شێوەی بادینانیی و هەورامانییدا، بۆ واتای (کۆکردنەوە)ی ناو کوردیی ئەمڕۆ.

بەپێی ئەم لێکدانەوەی سەرەوە، وشەی (دەیاکۆ)، ئاوەڵناوە، نەک ناو و بەهۆی کردەوەکەیەوە، ئەو ناوەی لێ نراوە و ئەمەش، ئەوە دەگەیەنێ کە (کتسزیاس) ڕاستری بۆ چووە، تا هیرۆدۆت، چونکە کتسزیاس بەناوی (ئارباکەس) ناوی بردووە.

## ئەژیدەهاک:

لە باسی لێکدانەوەی وشەی (دەیاکۆ)دا، بۆمان دەرکەوت، کە ئەوە ناو نییە، بەڵکو نازناوێکە و بەهۆی توانای کردەوەی، کە بووە بەهۆی یەکگرتنی سەرەکی دە هۆزی گەورە سەرەک ناوچە، لە ژێر سەرکردەیەتی خۆیدا و بەهۆیەوە (بەهۆی ئەو یەکگرتنەوە) توانیویەتی بۆ یەکەمجار، دەوڵەتی یەکگرتووی (ماد) دامەزرێنێ.

ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەوە، وشەی (ئاژیی)مان لێکدایەوە، کە بەواتای (دژژی ژیان) هاتووە.



بەم پێیە (ئاژیدەهاک) دەبێ بەم جۆرەی لێک بدەینەوە:

- ئاژیدەهاک = ئا + ژیی + دە + هاک

+ (ئا = a)، ئامرازی دژژاوەرییە لە ئاڤێستادا.

واتە، پێوەندیی، بەبەندەکانەوە هەیە، کە بۆ مەبەستێ پێوە بۆ دەنووسرێن، ئا لێرەدا ئامرازەکە، کەوتووەتە پێشی ریشەی کاری (ژین)ەوە و بۆیە بەشێوەی (ژیی) هاتووە. بەم پێیە، (ئاژیی) وەک وشەیەکی لێکدراو بەواتای (دژژی ژیان) هاتووە.

+ (دە = da) ریشەی وشەی (دەسە = dasa)ی ئاڤێستاییە و بەواتای (دە) هاتووە.

+ (هاک = hak)، یان (ئاک = ak) بەواتای (شت) دێ، وەک بڵێیت دە خانوو، دە هۆز، دە ناوچە، دە سەرۆک، دە دێو... هتد.

بەشێوەیەکی گشتیی وشە ناساکارەکە بەواتای: (دامرێنەری دەی یەکگرتوو، دوژمنی دەی یەکگرتوو،... کوژێنەری دە گرووپی یەکگرتوو،...) دێ. کەوا بوو، ئەم وشە ناساکارەیە (ئاژیدەهاک) وەرگێڕدراوێکی مادییە، بۆ زاراوێکی ئاشووری (چونکە ئەو گرووپە = ئاژیدەهاک) لە لایەن ئاشوریەکانەوە دروست کراوە، بۆ رووخاندنی (دەیاکۆ) و دەوڵەتی (ماد) بەڵام ئەوەی سەری نەگرت و ئەنجامەکەشی ئەوە بوو کە دەوڵەتی ئاشوور ڕووخێنرا. بەهەرحاڵ، زاراوی (ئاژیدەهاک) وەک نیشانەیەکی دوژمنکاریی هەر مایەوە و تا بەرەو (زوحاک = ضحاک) هەنگاوی نا و ئەوجا، وەک ئەفسانە، بەزۆرداری عارەب لە قەڵەم دەدرێ و ناوبەناو بەپێی سەرچاوەی مێژوویی جۆراوجۆر جێگاگۆڕکێی بۆ دەکرێ و لە (یەمەن)ەوە دەبرێ، بۆ (دەماوەند) و بۆ جێگای دیکە.

هەروەک، وەها باوە، سەرگوزەشتەی ئەفسانە، دەبێ لەسەر شتێکی بنچینەی ڕاستییەوە دروست کرابێ و بنچینەی ئەم ئەفسانەی زوحاکیشە لەسەر ئەو ڕاستیەوە دروست کراوە، کە گرووپی ئاژیدەهاک، لە ئاشوور بۆ لەناوبردنی (ماد) و (دەیاکۆ) دروست کراوە و گوایا، بەو پێیە عارەب و ئاشووریی هەر یەک بنەڕەتیان هەیە، ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەوە، زاراوی (ئاژیی = دەهاک)، لە دەمی (دەیاکو) و دەوڵەتی (ماد)دا دروست بووە.

## نەورۆز:

نەورۆز، وشەیەکی ناساکارە و پێکهاتووە، لە (نەو + رۆز)، یان (نەو + رۆ)، یان (نەو + رۆژ) و کە بەشێوەیەکی ساکار بەواتای (رۆژی نوێ) دێت. ئەم واتایە، لە فەرهەنگی ئاریانڤاچەکاندا، کە لە ژیانێکی کۆمەڵایەتیی رەوەند وێنە دان و بەدوای بەخێوکردنی مەڕوماڵاتدا، لە پێناوی ژیانیاندا وێڵن. بۆیە کە بەهار دێتە دەرەوە، گیاوگژ و دار و درەخت دەژیەتەوە و مەڕوماڵاتەکەیان لە قاتوقڕیی و سەرماوسڵۆوە و یەخبەندانی زمستان و بڕانەوەی خۆراکیان. سەرفراز دەبن و روو دەنێنە فراوانی بەرهەمی مەڕوماڵاتەکەیان (بەتایبەتی ئەگەر هاتوو زانیمان، وەک رۆژێکی نوێ؛ دینی زەردەشتی هانی ئەوەیان دەدا، کە تەواوی توانایان لە پێناوی شارستانیەتی کشتوکاڵ و کشاوەرزییدا بدەن بەخەرج و فەرهەنگێکی نوێ شارستانیەت بەرپا بکەن.

بەشێوەیەکی رۆشنتر، کە زمستان تەواو دەبێ، بەهار دێتە دەرەوە (نەورۆز)ە، چونکە دێو و درنجی تاریکیی و سەرمایی، لە ترسی رۆشنایی بەهاردا، خۆیان هەشار دەدەن. کاتێ کە دەشتودەر سەوز دەبێ و گوڵ و گوڵاڵە پۆشاکی دەکات، واتە دێو و درنجی، نەبوونی بەسەردەچێ و فریشتەی رۆشنایی خودای یەکتاپەرستیی بەسەر گێتیدا، پەخش دەبێ. لە بەهاراندا مەڕوماڵات، (تگە و بەران و فاڵ) دەگرن و زاوزێ دەکەن، رۆژی نوێ دەست پێ دەکات. لە ڕووی دینییەوە، جەژنی کۆتایی سەری ساڵ و هاتنە بەرەوەی مانگی نوێی (وەک یەکەم مانگی ساڵی نوێ)یە و بەم بۆنەیەوە، جەژنی (فرەڤاشیی = fra-vashi) وەک جەژنێکی دینیی، هەروەک لە دینی (مەزدیەسنا)دا هاتووە، بەم جۆرە دەگرێتەوە: جەژنی (فرەفاشیی) = (فرەڤەردین)، یەکێکە لەو شەش جەژنە دینییەی دینی مەزدپەسنا و دەورانی دروستبوونی ژیانەوەی بەشەرە. ئەوددمەیە، کە مردووە باشەکان، کە گیانیان پاکە و هەمیشە نەمردوون، بۆ سەردانی کەسانیان لەو دەمەدا دەگەڕێنەوە ئەمەش، ماوەی پێنج رۆژێ دەخایەنێ! بۆ ئەم جەژنە دینییە، ماوەی (دە) رۆژی سەری ساڵ (کۆتایی ساڵ)ی بۆ دانراوە و ئەمەش، بەپێی رۆژنامەی زەردەشتیی، لە بیست و شەشەمی دوا مانگی کۆتایی ساڵ دەگرێتەوە تاوەکو پێنج رۆژێ (بەنوێژ و قوربانی و سروود خوێندنەوە) درێژە دەکێشێ و تاوەکو سەرەتای مانگی یەکەمی بەهار (ف. زبان پهلوی. د. بهرام فرەوشی) هەروەها (گات. پروفیسور پور داود، ل – ٢١).

لە ئەدەبیاتی یەزیدیەکاندا، ئەم جەژنە، بەجەژنێکی دینیی و نیشتمانی گەورە بەرچاو



دەکەوێ، بەتایبەتی، لە پەیڕەوە دینییەکانیدا، کە پێی دەوترێ (جلوە) یان (پەرتووکی سیاو): ئا لێرەدا، وەها هاتووە، کە رۆژی (چوارشەممە – رێککەوتی یەکی نیسان) خوای گەورە، بۆ پیرۆزکردنی (ئادەم و هەوا) و زڕیەتەکانیان (زەهید و هۆرێ) دێتە خوارەوە بۆ چەمی لالش و ئا لەوێدا، دەشتودەر و چەم و دۆڵی لالش بەگوڵاڵەی ڕەنگ ڕازاوەتەوە و (پەریتاوس) و سێ پەریتر لەوێ ئامادە دەبن و پێشوازیی خوای گەورە، بەسروودی گەورەیی خوا، دەکەن و ئەو رۆژە بەجەژنی نەوە و نەوەزای (زەهید و هۆری) دەژمێردرێ و دەبێ هەموو ساڵێ لە هەمان کاتدا (ساڵی نوێ) یادی ئەو جەژنە بکرێتەوە. (مژدەها رۆژ) الشیخ حسن الداسني المتوفي (٧٤٤هـ، ١٢٤٦م)، ترجمة (انور المائي).

## لە ڕووی مێژووییەوە:

لە سەروکلاوی ساسانیدا، جەژنی (فرەڤاشی = Fravashi) و جەژنی نەورۆز، وەک میهرەجانێ پتر لە پێنج رۆژێ یاد کراوەتەوە و بەناوی (نەورۆز) و بەناوی (فرەڤەشیی) و بەناوی (میهرەگانەوە) ناوبراوە. شایانی باسە، هەروەک وەها بەرچاو دەکەوێ، کە ئەردەشێری بابکان، لە نەورۆزدا، تاجی شاهی لە ئاتەشگای (ئاتورگوشنەسپ) کراوەتە سەر و واتە ئاگر و بەهار و نەورۆز و فەرەڤەشیی لە ناو یەکترییدا تواونەتەوە و جۆشیان خواردووە. لە سەروکلاوی ئەشکانیدا، هەروەک میرایەتی هۆزی جۆراوجۆر، بەپێی، خواستیی میریی بووە، ئەگەر نەورۆز کرابێ، یان نەء، بەڵام لە سەروکلاوی هەخامەنشییدا، لەگەڵ ئەو هەموو نووسینانەی کە بەجێماون؛ بیستوون، پاسارگاد، پرسیپولس، جێگایانی دیکە، ناوی نەورۆز بەرچاو ناکەوێ!!

## لە دەورەی فەرمانڕەوایی (ماد)دا:

تا ئەمڕۆ، نەتوانراوە، مێژوویەکی تێروتەسەلی فەرمانڕەوایی (ماد)مان بەدەستەوە هەبێ و تەنیا سەرچاوەیەک نەبێ، کە مێژووی (ماد)ی پێ دەوترێ، کە لە لایەن مێژوونووسیی سۆڤیەتی (دیاکۆنۆف) بەناوبانگەوە نووسراوە ئەوەش، کە لەم سەرچاوەیەدا بەدەست دەکەوێ کۆمەڵە شتێکی پچڕپچڕن و لە کۆتاییدا، ناگەینە شتێک کە ناوی رێڕەوی مێژوویی (ماد) بێ!! لەمەش بەولاوە، ئەوەی کە دەستمان بکەوێ، مەگەر لە نەقش و ساڵنامە و نووسراوی دوژمنەکانی (ماد)دا – (ئەویش زۆر بەکەمیی) – دەستمان بکەوێ، یاخود نەختێ لە نووسینە سەرپێییەکانی هیرۆدۆت، کە ئەویش لە ڕووی پشکنینی ڕاستییەوە زۆر دوورە و شتی زارەکیی لەملا و لەولاوە (پاش بەسەرچوونی سەدان ساڵان)

وەرگرتووە. ئەو بەرهەمانەی کە لەو ڕووەوە (لە بارەی مێژووی ماد و فەرهەنگی ڕۆشنبیریان) بەتێروتەسەلتر لە هەر بەرهەمێکی دیکە، ئەو مێژووییەیە، ئەو کەلەپوورە ڕۆشنبیریەیە (هۆنراوە، ڕاز، سەرگوزەشتە، هەڵسوکەوت) کە لە لایەن مێژوونووس و پزیشکی بەناوبانگ -ی گریکی (کتسزیاس = Catesias)ەوە لە سالانی دەورەی شاهەنشاهی داریۆش دووەمی هەخامەنش (٤٢٤ - ٤٠٥ پ. ز)دا نووسیویەتی.

ئەم نووسەرە پزیشکی تایبەتی کاخی داریۆش هەخامەنشیی بووە و سەرپاکی نووسراوی چەرمیی و قەباڵەی ئەو دەمانە، کە لە هوماری گەنجینەی هەخامەنشیاندا هەبووە لە ژێر دەستییدا بووە و هەر لەبەر زۆر ڕاستیی، وەرگێڕەرە پارسەکان نایانەوێ بۆ زمانی پارسیی وەریبگێڕن!! سەرە دەزوێ، کە لە ئەوێدا دەست دەکەوێ. (جەژنی نەورۆز و جەژنی فرەڤەشی) وەک جەژنێکی میهرەگان، لە سەرەتای بەهاردا دەگیرێ و ماوەیەکەیش، پتر لە پێنج ڕۆژێ درێژە دەکێشێ. ئەوجا، ئەوە ئەگەر وەها بێ، دەبێ بیروڕامان، بۆ ئەوە بڕوا، کە:

- جەژنی (نەورۆز و میهرەگان و فرەڤاشیی) بووبنەتەوە بەیەک و ئەویش لەوانەیە، بەهۆی دامەزراندنی دەوڵەتی یەکگرتووی (ماد)ەوە، بووبێ و ئەمەش لامان ڕۆشن نییە، چونکە ڕۆژی یەکگرتنەکە نارۆشنە! یاخود لەوانەیە، یەکگرتنی ئەم جەژنانە کاتی ڕووخاندنی دەوڵەتی ئاشوور (کە ماد ڕووخاندی - بەیاریدەی بابل) بگرێتەوە و هەرچی ئەمیش مانگ و ڕۆژەکەی نارۆشنە، بەڵام نزیکترە، لە ڕاستییەوە، بەوەی کە دەوڵەتی یەکگرتووی سەردەکەوێ بەسەر (ئاژیدەهاک)ی ئاشووریدا!

ئا لەم بۆچوونەی دوایییەدا، خاڵێکی گرنگمان بۆ ڕۆشن دەکرێتەوە و ئەویش، وشەی (کاوە)یە و بەم جۆرەی خوارەوە:

- لە سەروکلاوی (کەی ئەخزار = کەی ئەخسار = کەی خەسرەو)دا، دەوڵەتی ئاشوور دوژمنی ناهەمواری سەرە مرەی دەیان، یان سەدان سالان، دەڕوخێنرێ و بەم بۆنەیەوە، ناوی (ئەخسار = ئەخزار = ئەکزار) ناوونیشانی (کەی) بەواتای سەرۆک وەردەگرێ و ناوی لێکدراوی (کەی ئەخسار) دروست دەکات، چونکە ناوی (ئاوەڵناو) (کەڤی = Kavi) لە ئاڤێستادا، بەواتای (سەرۆک، گەورە و مەزن، سەرفرازکەر، فەرمانڕەوا،...) هاتووە و ئەم ناووناتۆرەش، بەسەرکردەی لێهاتووی دینیی زەردەشتی هاتووە، هەروەها، وەک ئاوەڵناوی هی (ئەهریمەن)یش بەکار هاتووە.

کەوابوو ڕێڕەوی وشەی (کەڤی = Kavi) بەرەو (کەوی = Kawi) و بەرەو (کاوە)



هاتووە و وشەی (کاک)ی ئەمڕۆی ناو زمانی کوردیی، هەر لە هەمان وشەوە هاتووە.

هۆیەکی دیکە، وەک پاڵپشت بەرەو ڕاستیی ئەم بۆچوونە، ئەوەیە، کە هەر تەنیا ئەم شایەی (ماد)، ناوی (کەی) وەک (پێشبەند) وەرگرتووە و پێوەیەتی و لاشم وایە، وەک ناوێک وەهایە، کە گەل (هۆزگەریەتی) دەینێ بەسەرکردەیەوە.

## سەرچاوەکان:


- ایران در سپیده دم تاریخ – جورج کامرون – ترجمه ء حسن انوشه – تهران ۱۳۷٤.
- مجموعه ء اوستا – گاثاها – سرودهای زرتشت. پور داود – انتشارات دانشگاه تهران ۱٤۸۰.
- تاریخ آتورپاتکان. پروفسور اقرار علی أف. ترجمان: دکتر شادمان یوسف.
- زرتشت مزدیسناد حکومت. مهندس جلال الدین آشتیانی.
- آیینها و افسانەهای ایران و چین باستان نوشته ء ج. ک کویاجی، ترجمه ء جلیل دەستخواه.
- فرهنگ زبان پهلوی – تالیف دکتر بهرام فرەوشی – انتشارات دانشگاه تهران.
- ایران از آغاز تا اسلام – تالیف گیرشمن. ترجمه ء د. محمد معین. تهران ۱۳۷٤.
- یشت ها، ۳. د. پور داود – بکوشش دکتر بهرام فرەوشی، تهران ۳۵۳٦ شاهنشاهی.
- ویسپرد (آخرین پیغمبر زرتشت – آتش – هفت کشور – سوگندنامه، گزارش ابراهیم پور داود، بکوشش دکتر بهرام فرەوشی، تهران ۱۳٤۳.
- The Avestan Language. S. N. Sokolov, Moscow 1976.
- ACONCISE Pahlavi Dictionary. Translated by Mahshid Mirfakhraie, 1994 Tehran.
- مژدەها رۆژ – تالیف الشیخ حسن الداسنی. ترجمه انورمایی.




## وشەیەکی سوپاسگوزاریی:


- بۆ سەرپاکی دۆستان و ئەدەبدۆستانی یاریدەدەر.
- بۆ کاک بارامی وەڵەدبەگی، کە بەفۆتۆکۆپی و کاغەزی فۆتۆکۆپی یاریدەی داوین.
- بۆ مامۆستا ئەهوەن، کە دەسخەتی گوڵ و بولْبولْی پێ داوین.
- بۆ ئاغای موراڈی قەنبەریی، لە کرماشان، کە بەدەسخەتی چیرۆکە هۆنراوەکانی (خان ئەڵماس) یارمەتی داوین.
- کاک خەمەرەشیدی حیسامی و کاک حەمەرەشیدی ئەمینی کوڕی نەعیم، چونکە کەڵکمان لە دەسخەتەکانیان وەرگرتووە.

## پێرست


**بەشی دووەم** – سۆفیگەریەتی و دەوری مورید و خەلیفە و خۆشەویستی خودایی (واتایی)
و خۆشەویستی ڕاستەقینە (هەقیقی) (شێخی سەنعان) ..... 5
تۆبە و گەڕانەوە ..... 7
شێخی سەنعان ..... 9

**بەشی سێیەم** – نیشتمانپەروەریی و سەرۆکپەروەریی و لەخۆبوون و خۆشەویستی
ڕاستەقینە (حەیدەر و سنۆبەر) ..... 37
داستانی حەیدەر و سنۆبەر ..... 39
داستانی حەیدەر و سنۆبەر ..... 40

**بەشی چوارەم** – هەڵسوکەوت لەگەڵ جوانی سروشتدا (گوڵ و بولبول) ..... 115
گوڵ و بولبول ..... 117

**بەشی پێنجەم** – دەوری رامیاری و کۆمەڵایەتی لە ناوچەکانی هەورامان و جافەکاندا
هێرشی تورک بۆ ناوچەکانی هەورامان (ئاغا عینایەت) ..... 139
پێشەکیی ..... 141
ئاغا عینایەت ..... 153
ژیانی ئاغا عینایەت ..... 153
خوێندەواریی ..... 153
ژن هێنان ..... 154
بەندبوونی ..... 155
ڕووالەتەکانی ئاغا عینایەت ..... 155
هەڵبەستەکانی ..... 157
ناردنی شەماڵ و پەنا پێ بردنی ..... 182
وەرامدانەوەی شەماڵ و هەواڵ هێنانی ..... 198
پاڕانەوە، لە خودا بۆ لێبووردن، لە گونا و ڕزگاربوون لە بەندیخانە ..... 231
نامەی ئاغا عینایەت و محەممەد بەگ ..... 239
ئاغا عینایەت، دووبارە، وەرامی محەممەد بەگ دەداتەوە ..... 241
ئاغا عینایەت، بەناوی سکالای ڕەمەزانەوە، نامەیەک بۆ محەممەد بەگی روستەمی دەنێرێ ..... 243





وەرامی محەممەد بەگ ..... 245
فەرهەنگۆک ..... 249
بووکی ڕەشپۆش ..... 383
چۆنیەتی دانانی ئەم چیرۆکە شیعرە ..... 286
کورتەیێ لەو بەسەرهاتە ..... 388
لوای کەیخوا کەنعانی پەی ئەسەموڵی ..... 421
فەرهەنگوک ..... 425

**بەشی شەشەم** – جەژنی نەتەوەیی (نەورۆز) ..... 427
ڕێڕەوی مێژووی نەورۆز ..... 429
کورد و ئاگر ..... 430
ئاگر لەناو کوردەواریدا (هۆزە دینییە جۆراوجۆرەکاندا) ..... 432
ئاگر و دینە جۆربەجۆرەکان ..... 433
ئەژیدەهاک ..... 437
کورتەیەک دەربارەی چۆنیەتی دامەزراندنی دەوڵەتی ماد ..... 443
ئەژیدەهاک ..... 445
نەورۆز ..... 446
لە ڕووی مێژوویییەوە ..... 447
لە دەورەی فەرمانڕەوایی (ماد)دا ..... 448